لاپەڕەی ئازاد

# چەند ئاوازێك بۆ
# دوا ڕۆژێكی باشتر!

سەلام عەبدوڵڵا

٢٠٠١/٨/٢٤

پێشەکی:

ئـەم نووسـراوانە چـمکی بابەتـێکی تایـبەت بـەخۆی نەگـرتووە، هـەر لـە ئەشـکەنجە وموقاوەمـەتی ئافـرەتانەوە تـا گفـتوگۆ لـە گـەڵ هانـز براندشـایدت(بەرپرسـی مـیدیکۆ ئینتەرناسـیونال). لەبارەی پێشێلکردنی مافی ئازادی رادەربڕین تا هەڕەشەی سەرۆکی حزبی تـێ ئـێن تـی تەقاندنـەوە کـەناویان لێـنا"گفتوگۆ"– وەك بینیمان، هیچی نەبرد، لە عێنکاوە، سلێمانی و هەولێر(تیئێن تـی) تەقـیەوە یا لە خاڵی پشکنینی چەمچەماڵ دەست بەسەریان گیرا. لـە بۆچوونی ئەڵتەرناتیف بۆ دەسەلآت و بیری باو تا هەستی خۆم لەبەرامبەر ماڵئاوایی برایەك....

پێش ئەوەی ئەم کارە بکەم، پرسیارمکرد: ڕێ بۆ کۆنسێپتی وا دەچێت؟

ئـەوەی بیەوێـت لـەناو جەرگـەی ژیـان هەڵـپەڕکێ بکـات، خـۆی بـە بەشـێك بزانێـت لـە هـەر پەڕەسەندنێك، گوێ لە ترپەترپی دڵی مرۆڤ و ژیان بگرێت ... وەلآمەکە: بەڵێ بوو!

کەواتە ڕەخنەکان پاوقدومتان بەخێر.

زۆربـەی ئـەم بابەتانـە لـە ماڵپەڕە کوردێکـانی سـەر ئینتەرنێت بلآوکراونەتەوە. بەلآم لەبەر ئەوەی خوێنەران لە کودستان بەدەگمەن دەتوانن بچنەناو ئینتەرنێت یا تەنانەت خۆێنەرێکی زۆر لـە تاراوگـە کۆمپیوتەریان نیە، بۆیە ئەو بلآوکردنەوەیە تینوێتیمیان نەشکاندووە. وا بزانم مافی هەموو نووسەرێکە دەنگی خۆی بگەیەنێت بە خوێنەرێکی زۆرتر.

هـەروا بـۆ ئـەوەی چارەنووسـی ئـەم نووسـراوانە، وەك دەیـان ووتـارم بـێ سەروشـوێن نەبن، هەستام بە کۆکردنەوەیان و پێکەوە وەك کتێبێك بلآویان دەکەمەوە.

هـیوادارم ڕۆژێـك بێـت لـە پـەڕەکانی ئینتەرنێتەوە دەربچن و بکەونە بەر دەستی خوێنەرانی ماڵـە هـەژارەکان! ڕەنگـە ئـەم هـیوایە بـە بۆچونێکی کۆنەپەرەستانە ناونووس بکرێت، بەلآم خەیاڵـپلآویە چاوەڕوانی ئـەوە بم لـە ماوەیـەکی کورتـدا هـەموو ماڵـە هـەژارێك کۆمپـیوتەر و ئینتەرنێتی هەبێ ...

# گفتوگۆ لە گەڵ کوبرا بانەیی
# زیندانی رژێمی ئیسلامی

٢٠٠١/٨/١٧

ئەم گفتوگۆیە لەبەر دوو هۆ ئەنجام درا:

١/ هەر چەند ئافرەتێکی زۆر رووبەرووی زیندان و ئەشکەنجە بوون بەلاّم بەدەگمەن گفتوگۆیان لە گەڵ کراوە. بەم بۆنەیەوە، ئاماژە بۆ ئەو ئافرەتە زیندانیانە دەکەم کە لە ئەمنە سوورەکە و چەندان شوێنی تر، زەوتکرابوون و منداڵیان پێهێنرابوو. ئەم دایك و خوشکانەمان هەر وا بەبێ ناو و مێژوو مانەوە. هۆکانی ئەم کارە دیارن... لێرەدا بە هەموو دەنگم دەڵێم ئەوانە شەرفی ئێمەن، دەبێ ناویان بەرز رابگرین، نەك شەرمیان لێبکرێت و ناویان گوم بکەن!!

٢/ بەیاد تێپەڕبوونی ١٣ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی بەکۆمڵکوشتنی زیندانیانی سیاسی لە ئێران. ئەوە نزیکەی چوار مانگە، کوبرا هاتووە بۆ ئەلمانیا و داوای پەنابەری دەکات. باری تەندوروستیشی باش نیە.

سەلام: هاوڕێ کوبرا کەی و بۆ دەسگیرکرای؟

کوبرا: لە ٢٦/نۆڤەمبەر/ ١٩٨٧. هۆی دەسگیرکردنم بەبۆنەی لایەنگیریم لە کۆمەڵە بوو، و بە هەشت ساڵ زیندانی حوکم درام. ئەم ماوەیە لە زیندانی سەقز و سنە بەسەر برد.

سەلام: چەند ئافرەت بوون لەو زیندانانە؟

کوبرا: ئەمە لە حاڵەتی گۆراندا بوو. بۆ نموونە لە زیندانی سەقز هەندی جار ١٢ ئافرەت بووین لە بەندێکدا و هەندێ جاریش ٢٥ زیندانی.

سەلام: ئافرەتەکانی تر لەسەر چی زیندانی بوون؟

کوبرا: هەمووما‌ن زیندانی سیاسی بووین، سەر بە حزبە جیاجیاکاندا وەك دیموکرات، چریکی فیدائی خەڵك بە ئەقەلیەت و ئەکسەریەتەوە، چەندین دایکی پێشمەرگەی ئەو حزبانە و کەسانێك بە دەلایلی جۆراوجۆری سیاسی لە زینداندا بوون.

سەلام: پەیوەندیتان لە نێوان یەکتری چۆن بوو؟

کوبرا: . پەیوەندیمان خراپ بوو لە گەڵ ئەوانەی تۆبەیان کردبوو، با بڵێم سنوورێکمان بەروویاندا کێشابوو. دەنا پەیوەندیمان لە گەڵ یەکتر زۆر باش بوو، هەمووما‌ن رووبەرووی یەك دوژمن بوون. سەرەرای بۆچوونی جیاوازمان، لەنێوان خۆماندا دەمانووت" نابێ لەناو زیندان، زیندانێکی تر بۆ خۆمان و بە دەستی خۆمان درووست بکەین.

سەلام: کەسوکارتان بۆیان هەبوو سەردانتان بکەن؟

کوبرا: من تا شەش مانگ بۆم نەبوو کەس ببینم و ماڵەوەشمان نەیاندەزانی لە کوێم. پاش مانگێك لە دەسگیربوونم، جلوبەرگی خوێناوی منیان بۆ کەسوکارم برد. بۆیە ئەوانیش پرسەیان بۆ من دانابوو. دوای ئەوەش هەر دوو هەفتە جارێك، لەپشتی تۆرێکەوە بە دووری نزیکەی ١٠میتر، چاوم بە خانەوادەم دەکەوت. هەندێ جار بە بیانووی جۆراجۆرەوە، ئەم یەکتر بینینەشیان لێ قەدەغە دەکردم؟

سەلام: هیچ زیندانییەکی ئافرەت دەناسن سزای مردن درابێت لەو ماوەیە؟

کوبرا: لەو ماوەیەدا لە زیندانی سنە شەهلای کولاەقوچی کە خەڵکی سنە بوو، لە قەتلوعامی زیندانێکاندا(لەسەرانسەری ئێراندا لە کۆتایی سیپتێمبەر ١٩٨٨نزیکەی ١٢هەزار زیندانی کوژران) ئەو کاتە ئەویشیان هەڵواسی. هەر بۆ ئاگاداری، پێشتر ئافرەتێکی زۆر سزای مەرگ دران.

سەلام: میدیاکانی رژێمی ئیسلامی وا رایدەگەیەنن کە لە ئێراندا ئەشکەنجە نیە. رای ئێوە بەم بۆچوونە چییە؟

کوبرا: با لە خۆمەوە دەستپێبکەم، ئیتیلاعات بە ئۆتۆمبیلی نەخۆشخانە هاتنەدوام و پێیان وتم" نەخۆشێکمان هەیە، بەڵکو شریقەی لێبدەی". منیش سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بووم. لەوێ هەوڵیاندا چاوم ببەستن و منیش ئیعترازم کرد و وتم"بۆچی چاوم دەبەستن؟". لەوەلأمدا: تۆ دەسگیرکراوی. کە گەیشتینە بنکەی ئیتلاعات بەشەق و زلە کەوتنە گیانم تا گەیاندیانم بۆ ژوورێك لە تەنیشت ژووری ئەشکەنجەدان. من زۆر بەباشی گوێم لە هاوار و دادی

زیندانـێکەو دەنگـی کێبڵەکان دەبوو. بەم شێوەیە ئەم کاتە ترسناکانە تا درەنگان بردەسەر. پاشان بۆ سلولێك برام و زیندانییەکی تۆبەکاریان بۆ لام هێنا، بۆ ئەوەی قسەم پێدەربهێنێت. دوای ئـەوە هـەر دوو تـا سـێ ڕۆژ جارێك بۆ ژووری ئەشکەنجەدان دەیانبردم. بەکورتی ١١جار ئەشـکەنجەیان دام. لـەو ڕۆژە نائینسـانیانەدا، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ زۆر خراپتر مامەڵە دەکرێت. ئەشـکەنجەدانەکە بـەم شـێوەیە بـوو: بەدەمـەوڕوو لەسـەر تەختـەیەك ڕایاندەخستم، هەردوو دەسـت و قاچـمیان بـەم سـەر و ئـەو سـەری تەختـەکە دەبەسـت، چاویشـمیان دەبەسـتەوە، ئـەمجار لێـیان دەدام ، لـەم کاتـەدا دەنگی تۆحەیان بەرز دەکردەوە. لەهەر لایەکەوە دەنگی جلادێك بەرز دەبووەوە: یەکێکیان دەیوت"لێیدەن" ئەوی تر دەیوت" لێی مەدەن" و هەر وا ئـەم دەنگانـە دووبـارە دەبوونـەوە. کـە لـە ئـازاری لـێدانەکەیان هـاوارم دەکـرد، تۆپەڵـە پەڕۆیەکـیان دەخسـتە ناو دەممەوە. ئەوەندە لەژێر پێمیان دەدا تا خوێنی لێدەهات، ئەمجار لـە تەختـەکە ئەیانکردمەوە، و داوایان لێدەکردم بڕۆم، لە دواوەوەش بە کێبڵ لێیان دەدام تا خـێرا و خـێراتر بـڕۆم. پاشـان تونـد بەپێـیان لەسـەر پێمـیان دەدا. هـەمان ئەم ئەشکەنجەیە دووبـارە دەکـردەوە. دوای کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەدان، ژێر پـێ بریندار و خوێناوێکەمیان دەپێچییەوە تـا ئەشکەنجەی داهاتوو. لەو ماوەیەدا برینەکە نەختێك چاك دەبووەوە، با بڵێم خۆێنهاتـنەکە ڕادەوەسـتا. لـە گـەڵ دەسـتپێکردنی ئەشـکەنجەدان، بـەتوندی باندەکـەیان ڕادەکێشا و خوێن سەر لە نوێ فیشکەی دەکرد. بەم شێوەیە ئەشکەنجەکانیان درێژەپێدەدا. ئەمە جگە لە ئەشکەنجەکانی تر.

سەلام: کێ ئەشکەنجەی دەدای، پیاو یا ژن؟

کوبرا: گشتیان پیاو بوون، تاقە ژنێکیشیان تیدا نەبوو.

سەلام: دوور لەوەی مرۆڤەکە پیاو بێت یا ئافرەت، تەنها چاو بەستنی زەوتکردنە. ئەی هەوڵی زەوتکردنی جنسیان لە گەڵ تۆ دا؟

کوبـرا: نەخـێر، بـەڵام جارێکـیان لـە ئۆرمـیە جەلادێکـیان بـیانووی ئـەوەی هێنا کە گوایە من نووسراوەیەك لەناو گیانم شاردۆتەوە و یستی گیانم بپشکنێت. منیش ئیعترازم کرد و تم: ئێوە ئافرەتان هەیـە، بـا ئافرەتـێك بێـت بمپشـکنێت. ئـەویش بـەدەم شەقەزلەکانیەوە وتی: هەی نـەجس(گـڵاو) خـۆ ئـێمە کۆمەڵە نین، هەی کەسیف. ئەمجار دەستی هێنایە پێشەوە تا قۆڵی کراسـەکەم بپشـکنێت. مـنیش بـە هـەموو هێزێکمەوە قیژاندم. سەرلەنوێ جوێنبارانی کردم و

ملی شکاند. بەهەر حال چەندین ئافرەتم ناسی کە لەلایەن(بازجو–محقق) زەوتکرابوون، وەك پەرەستو، فەوزییە، سارا(ئەم ئافرەتانە هێشتا لە ئێران دەژین، بۆیە ناوی تەواویان ناهێنم). هەندێکیان شێت ببوون...

سەلام: زیندانی تاکە کەسی هەبوو؟

کوبرا: من خۆم چوار مانگی رەبەق لە سلولی تاکە کەسی بووم. ئەندازەکەی مەترو نیوێك×دوو مەتر بوو و سەقفەکەیشی زۆر بەرز بوو. لەسەری سەرەوە پەنجەرەیەکی بچوکی هەبوو. دەرگایەکی ئاسنینی، لە ناوەراستەوە پەنجەرەیەکی بچوکی هەبوو، لەوێوەوە خۆراکیان پێدەداین. ناو سلولەکە تاریك و شێ بوو.

سەلام: ئەی کتێب هەبوو بۆ خوێندنەوە یا تەلەفزیون؟

کوبرا: جگە لە داستانی (راستان)ی قەرائەتی–ناوی نووسەرەکەیەتی– ، قورئان و نەهج ئەلبلاغە بە زمانی ئارەوی(عەرەبی) و چەند کتێبێکی موتەهەری. هیچ کتێبێکی تر لەبەر دەستمان نەبوو، هەروا کەسیشمان ئارەوی نەدەزانی. هەندێ جار رۆژنامەی (جمهوری ئیسلام)یان بۆ دەهێناین. تەلەفزیونێکی رەش و سپیمان هەبوو، جار نا جار بە بەهانەیەك لێیان دەبردین.

سەلام: ئیشی زۆرەملیان پێدەکردن؟

کوبرا: بە ئافرەتەکان نەخێر، بەلام پیاوەکانیان ناچار دەکرد سلولی تر درووست بکەن، شوێنی پاسدارەکانیشیان پێ پاکدەکردنەوە.

سەلام: خەون بە ئەشکەنجەکان دەبینیت، یا بە رۆژانی زیندان؟ رووخساری هاورێکانت دێنەوە بیر؟ هەندێ جار لە بەر خۆتەوە لە گەڵیان دەدوێیت؟

کوبرا: هەڵبەت، هەڵبەت، چۆن ئەو هەموو ساڵە پڕ ئازار و مەینەتە لە بیردەچنەوە... ئا، ئا ، ئەو رووخسارانە هەرگیز لە یادم ناچنەوە. من چۆن میهرەبانی شوعلەم لە بیردەچێتەوە یا هێمنی و بێدەنگی پڕ تێڕامانی نەسرەت، قسە زۆر خۆشەکانی حۆری، کە سێ مانگی رازاوە

بە پێکەنین و گاڵتە وگەپ، واقیعی تەڵخی زیندانی ڕەشی ئیسلامیەکانی لە بیر دەبردینەوە، ڕوحییەی بەرزی شەهابە و نەسرین و گوڵباخ، ئەمانە بەڕاست بۆ هەمیشە وەك هاوڕێ دەمێننەوە و شانازیان پێوە دەکەم. لێرەدا ئەم گفتوگۆیە وەك هەلێکیش بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی ناوی ئەو هاوڕێیانە بهێنم کە کەس ناویانی نەهێناوە یا بەدروستی ناویان نەنووسراوە، مەبەستم ئەم هاوڕێیانەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨دا ئیعدام کران: زاهدی بەرازەندە، فرەیدونی فاروقی، ڕەسولی حامیدی، عەبدوڵلای سەردەرە، عسکەرە فارس. ناوی سەلاح ڕەجەبی بە هەڵە بلاوکراوەتەوە(سلا ڕەجەبی).

سەلام: ئاسمانتان دەبینی؟ ئەی گوێتان لە دەنگی بولبول، سێرە و کەناری دەبوو؟

کوبرا: ئەرێ، کە دەچووین بۆ(هەوا خوری– مەبەست لێرە دەرچوون بۆ پیاسەکردنە لەناو گۆڕەپانی زیندانەکە)ئەو ئاسمانە جوان و خۆشەویستەمانە دەبینی، بەلاٌم بەداخەوە جگە لە قیڕەی پاسداران و نۆحە و قورئان، گوێمان لەو دەنگە خۆشانە نەدەبوو.

سەلام: ئەی سروود و گۆرانیتان دەوت؟ یادی ڕۆژی یەکی ئایار یا ٨مارستان دەکردەوە؟

کوبرا: بەڵێ زۆر، بەلاٌم بە دەنگێکی زۆر نزم. ئێمە هەموو ساڵێك یادی مەراسیمەکانمان دەکردەوە، تەنانەت بەدزییەوە هەڵپەڕکەشمان دەکرد. من خۆم سەرچۆپی گر و گۆرانی و سروود پێژیان بووم.

سەلام: ئەی ناوی کەستان هێنا؟

کوبرا: "ئیستەخفیرەڵلا" – بە پێکەنینەوە–. نەخێر هەرگیز. تەنها دڵخۆشی ژیانم ئەوەیە کە ئازاد بووم و سەرم لە ئاستی کەسدا کز نەبوو.

سەلام: ئەی نەخۆشێکەت پەیوەندی بە زیندانەوە هەیە؟

کوبرا: ئەرێ، نەك تەنها من، بەڵکو زۆر لە منداڵەکان(مەبەستی هاوبەندێکانیەتی) توشی نەخۆشی جسمی و ڕوحی هاتن. منیش پاش ئەشکەنجەدان توشی نەخۆشی میعدە هاتم و هێشتا چاکەوە نەبووم. هەر ئەو کاتە بازجوێکان پێیان وتین: ئێمە بە مەرگی تەدریجی دەتانکوژین. پێم وایە ڕاستی کرد.

سەلام:  لەم بارەیەوە چیت هەیە بە ئافرەتان و بەگشتی خەڵکی کوردستان رایبگەیەنیت؟

کوبرا: بەهۆی مەوقیعییەتی کۆمەڵایەتیانەوە ئاشنایەتیان هەیە لە گەڵ ئەم بارووددۆخە. گەرەکمە بێژم کە خەبات لە پێناوی ژیانێکی نوێ پێویستی بە لەخۆبردووی زیاتر هەیە. رژێم ژیانی مەردمیان ئەوەندە ڕەشکردووە تا خەبات لە دژیدا لە بیریان ببەنەوە. بەش بە حاڵی خۆم، گەرچی جوانترین ساڵەکانی ژیانم لە زیندان بەسەر بردووە، وەلێ لەم بابەتەوە هەرگیز پەشیمان نیم و خەبات وەك بەشێك لە ژیانم دەزانم.
سەلام : ئەمڕۆ ئۆپۆزیتسیونی چەپی کوردستانی و ئێرانی قەیرانی پەرتەوازبوونیان هەیە. بەرای تۆ چ بکرێت تا لەم قەیرانە دەربچن؟
کوبرا: ئەم قەیرانە تەنها قەیرانی  چەپ و کۆمونیستی کوردستان و ئێران نیە. قەیرانێکی جیهانیە. لەبارەی چەپی کوردستان و ئێرانەوە ئێژم: دەبێ ئەمڕۆ وەك سەرەتایەك، لەسەر بەرنامەی لایەنی کەم، لەبەرەیەکی چەپدا کۆببینەوە. ئەمڕۆ ئەمەمان پێدەکرێت و دەبێ هەموومان ئامادەبین بە چڕی بۆ بەرنامەریزی ئەم ئەرکە بەکار بین. ئینشیعاب و خۆ بە پێشرەو زانین مەترسی زیاتر دەکات لەسەر بزووتنەوەکەمان و دەچێتە خزمەتی رژێمەوە.
لێرەدا دەمەوێ هێما بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بکەم، ئەگەر لە ژیانی سیاسیمان رەچاوی بکەین، حاڵمان زۆر بە باشتر دەچێتە پێشەوە: سەرکردایەتی زۆربەی حزبە کۆمونیست و چەپەکان کەسانێکی وردە بۆرژوان و رۆشنفکرن. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی (بۆ نموونە) چریکەهای فەدایی لە رێکخراوێکی کۆمونیستی شۆرشگێڕەوە ببن بە دەیان پارچە و گروپ، یا کۆمەڵە لە کاتی دامەزراندنیەوە تا ئێستا تووشی چەن دانە ئینشعاب و گروپگەرایی بووە ...هتد . من پێشنیار دەکەم کە لەمەودوا سەرکردایەتی کۆمەڵە یا ئەو حزبانەی کە ئاڵای کۆمونیستیان هەڵگرتووە، هیچ نەبێت نیوەیان کەسانی بەراست کرێکار یا جووتیار بن، یا نەخوێندەواریش بن، تاقە مەرج ئەوەیە کەسانێك بن خاوەن خەبات و نموونەی رێز و خۆشەویستی ناو جەماوەر بن. کرێکاران و جووتیارانی هەژار یەك چینن، نەك دەیان گروپی جۆراوجۆر کە لێیانەوە دوورن و بەناویانەوە قسە دەکەن. هەروا زۆربەی ئەو رێکخراوە چەپانە زۆر باسی مافی ئافرەتان دەکەن و سمپاتی پێشاندەدەن، بەڵام بەدەگمەن هاورێیەکی ئافرەت لە سەرکردایەتی حزبەکاندا هەیە ! واتە: دەبێ ژمارەی ئافرەتان لەناو سەرکردایەتی کۆمەڵە یا حزبەکانی تر زیاد بکرێت!

دەبێ ئەم دوو مەسەلەیە لەبەرچاو بگرن و هەنگاوی جدی بنێن بۆ پراکسیسکردنی ئەم پێشنیارانە. چاوەڕوانی ئەوەم گفتوگۆ، ووتار، سمینار لەم بارەیەوە بکرێت.

سەلام: ببورە زۆر ماندووم کردی ...زۆر سوپاست دەکەم

کوبرا: منیش سوپاس

# گفتوگۆ لە گەڵ

# بەڕێز هانز براندشایدت

# (بەرپرسی میدیکۆ ئینتەرناسیونال)

لە ٢٠٠١/٨/١٤

سەلام : بەڕێزتان پەیوەندیەکی نزیك یا ناسراوی لەگەڵ(یەکێتی و پارتی) و سەرکردەکانیان هەیە. بۆچی ئێوە وەك ڕێکخراوێکی جیهانی مافی مرۆڤ و یارمەتیدان هەوڵ نادەن، کاریگەری و تاقیکرنەوەکانتان بەکاربهێنن بۆ پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان؟

هانز براندشایدت: من هەوڵدەدەم تاقیکرنەوەکانمان بۆ پرۆسیسی ئاشتی بەکاربهێنین، وەك چۆن لەرابردوودا کردومانە. لەراستیشدا ئێمە توانامان کەمە راستەوخۆو بە چڕی کاری تێبکەین. هیچ نەبێت تەنها لەبەرهۆیەك سەخت بووە، کە ئێمە بەدەگمەن دەتوانین بۆ باشووری عیراق سەفەر بکەین. بێگومان لە داهاتوودا، پرۆژەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرین، کە داواکاری پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتین. لە هەمان کاتدا دەبی ئێمە کە لە ئۆرووپاوە لە گەڵ وەڵاتانی تر کاردەکەین، خۆمان نەختێك دورەپەرێز بگرین. بەشێوەیەکی تر بڵێم: ئێمە ئەوپەڕی، دەتواین وەك راوێژکارێك، ناراستەوخۆ چالاك بین.

سەلام: بەبڕوای ئێوە: دەتوانن چ ستراتیژێك پێشنیار بکەن بۆ پەرەسەندنی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی/عیراق؟

براندشایدت: من ئێستا لەبارودۆخێدا نیم، بتوانم گەشە بە"ستراتیژێکی" لەبەرچاو بدەم. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە پێوەر بۆ باکوری عیراق لە ئاستی ستانداری جیهانییە لە

دیموکراتی، مافی مرۆڤ و ئازادی رادەربڕین. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش(بەرقەراربوونی ئاشتی: س)، باشترین"ستراتیژ" یا میتۆد بۆ ئێستا، دیالۆکی کراوەیە لەنێوان بەشداربوانی گیروگرفتەکە بەمەبەستی ئاشتی، ئەمە ئاقلانەترین شتە.

سەلام: بەرێزتان ئامادەن هەردوو حزبەکە لەلایەن(NRO) بۆ ئەلمانیا دەعوەت بکەن؟

براندشایدت: پێویست ناکات بەشێوەیەکی بەتایبەتی بۆ ئەلمانیا مێوانداریان بکەین. هەموو حزبەکان لێرە نوێنەریان هەیە و ئێمە کۆنتاکتی تەنگ یا باشمان لە گەڵیاندا هەیە. بۆیە دەکرێت لێرەیش لە گەڵ نوێنەرەکانیان باسی زۆر بابەت بکەین و روونکردنەوە لەسەریان بدەین.

سەلام: بەرێزتان ئامادەن پێکگەیشتنێك رێکبخەن بۆ ئەوەی شاندێك پێکبهێرێت لە میدیکۆ، کۆمەڵەی گەلانی هەرەشەلێکراو و وادی لە گەڵ کەسایەتی ناسراوی ئەلمان وەك گونتەر کراس، ئوله یالپکە یا هەر کەسایەتیەك ئێوە وەك دۆست بە شایەنی پرسیارلێکردن دایدەنێن، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان هەردوو حزب بۆ پێشەوە ببرێت؟

براندشاید: لێرەیش هەمان بۆچوونم دەگرێتەوە کە ئێمە خۆمان ناتوانین پرۆسەی ئاشتی درووست بکەین. ئەگەر حزبەکان و رێکخراوەکانی تر ئەمەیان بوێت، دەکرێ بیرێکی بۆ بکرێتەوە، داخۆ بەیەکگەیشتن پرمانایە. بەڵام وەك وتم، ئەمە تەنها ئەو کاتە دەکرێت، ئەگەر ئەم پێویستییە لەلای هەموو بەشداربووەکان بەباش بزانرێت.
رەنگە ئەمە باش بێت، بەگشتی پێویستی بەوە دەبێت لەبارەی پەرەسپێکتیڤی عیراقێکی نوێ و دیموکرات لە ئەلمانیا لێدوان بکرێت. لێرەشدا من زۆرم پێ باشترە کەسایەتییەك وەك گونتەر گراس، ئوله یاڵپکە ئەندامی پەرلمان و ئەوانی تر ئەم ئیشە بکەن. لەم پەیوەستەدا، بەدڵنیاییەوە شان بەشانی باسەکانی تر، دیسکسیونی پرسیاری کۆنکریتی لەبارەی گەشەسەندنی دیموکراتی لە عیراق دێتە کایەوە.

سەلام: بۆچی تا ئێستا کۆمەڵکوژی ١٨٠٠٠٠تسیڤیلی کورد لەکات ئۆپیراتسیونی ئەنفال لەلایەن رای گشتی جیهان بە جینۆساید دانیپێنانرێت؟

براندشـايد. بەداخـەوە منـيش نازانم بۆچی، منیش هەمان پرسیار دەکەم. لەم بارەیە دەتوانم بڵـێم کـە نەتـەوە یەکگـرتووەکان(Max van der Stoel) بـە بـێکۆمان مامەڵـەی جینۆسایدانەی رژێمی بەعس ناسی و تەسدیقی کردووە.

سـەلام: گـازی ژەهراوی و پیشەسازی جەنگی ئەلمانی رۆڵی سەرەکیان بینی لە بەرهەمهێنانی گـازی کیمـیاوی عیراقـی. بـەرای بەرێـزتان: کوردەکـان دەتوانـن مافـەکانی خۆیان لە ئەلمانیا وەربگرن؟

براندشـایدت: مـن ئەمـە پـێش چـەند سـاڵێك بـە رێگـای یاسـایی ئەزموونگـەریم کـردووە. لـەو بـڕوایەدام کـە شانسـی یاسایی لەبەردەم دادگاکانی بەلژیکا و ئەمریکا سەرکەوتوانەتر دەبێت لـەوەی لـە ئەلمانـیا. ئێسـتا مـن و(ئـەوانی تـر) هـەنگاوی یاسـایانەی تـر دەنـێین بـەئامانجی قەرەبووکردن و سەرلەنوێ چاکسازی لە پێشی دادگاکانی کەی ئۆروپا وەك(شتراسنبۆرك). لە کۆتاییدا من گەشبینم. لە ئەلمانیا نەك تەنها سکاڵا لە دژی حکومەتی فیدرال/ کۆماری فیدرال بکرێت، بـەڵکو لـەلای دادگا مەدەنـێکاندا ئەو کۆمپانیە ئەلمانیانە بەدادگا بدرێن کە ئەو کاتە بەشـداریان کـردبوو. گرفـتی ئەمـە لەوەدایـە کـە تـەنها نـرخی هەڵسـەنگاندنی یاسـایی و ئەزمونگـەری یاسـایی پێشـوەخت مەسەلەیەکی زۆر گرانە وخەرجی دەوێت. روونتر بڵێم، هیچ کەسـێك نادۆزمـەوە ئامادەبێت ٣٠-٥٠ هەزار مارك بۆ ئەم کارە تەرخان بکات بۆ خەرجکردنی بەسـەر کۆلێکتیڤی پارێزەران، یاساناسی دەوڵەت – گەلانی بەتواناو خاوەن تەجروبە تا کاری بـۆ بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم کارە دەیهێنێ. هەروا من هێشتا لەو بڕوایەدام کە لە دوارۆژ لەم بوارە شتێك دەکرێت.

سـەلام: فرسـەتی وا هەیـە، ئـێمەیش وەك ئەوانـەی بەزۆرەملـی کاریان پێدەکرا یا قوربانیانی

هۆلۆکوسـت داوای قـەرەبووی زیانـەکان بکـەین؟ لەکۆتاییـدا کووەیت و ئیسرائیل لە ئەنجامی

جەنگی کەنداوی دووهەم قەرەبووکران، بۆچی کوردەکانیش نا؟

براندشایدت: بەرای من هەرگیز ئەمە ناکەن.

سەلام: چەند کەسێك لە هاوتاوانەکانی بازرگانی گازی کیمیاوی لە گەڵ عیراق سزادران. بۆچی سزادانەکەیان ئەوەندە خەندەئاور بوون؟

براندشایدت: زۆر بەئاسانی، لەبەر ئەوەی دادوەری لە ئەلمانیاشدا، دادوەرییەکی سیاسییە.

سەلام: ئەوە دوو ساڵە رۆشنبیرە کوردەکان لەبەردەم باڵوێزخانە و قونسولییەکانی ئەلمانیا لە چەندین وەلآت ئەکتسیون دەکەن لە پێناوی قەرەبووکردنی قوربانیانی گازی کیمیاوی. هەڵویستی بەرێزتان لەبەرامبەر ئەمە چییە؟ دەتوانرێت رای گشتی بۆ ئەم مەسەلە بەدەست بهێرێت و چۆن؟

براندشایدت: ئەم جۆرە ئەکتسیونانە زۆر درووست و پێویستن. هەر وەك تاوانە گەورەکانی رابردوو، رای گشتی لە رۆژێکدا دەبیّ بە شێوەیەکی کۆنکریت خەریکی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال ببێت، لەبەر ئەوەی ئەمە برینێکە، هێشتا باش و سارێژ نەبووە.

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەوەی کە رێکخراوە ناحکومێکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەلمانیا ئەوەندە کەم کار دەکەن و ئەوەند وەسیلەی کەمیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی کەمپینگی کارتێکردن لە رای گشتی بۆ قوربانییە کوردەکان و قوربانییەکانی تری عیراق بە پوول پشتگیریان لیّ بکەین.

تێبینی: ئەم پرسیارانە ئاراستەی بەرپرسی چەند رێکخراوێکی ناحکومیم کردووە کە شوێنی دەستیان لە کوردستان دیارە. کاك هانز وەلآمی دامەوە و وەلآمی ئەوانی تریش لەچەند رۆژی ئایندە دەگەنە دەستم و بەزووترین کات بۆ بەرێزتان رەوانەی دەکەم.

# پرسەیەکی پێشوەخت!

ڕۆحێك، بەمەستبوونێکی سەیرەوە، بۆ ناسینی حەقیقەتی مەرگ دەگەڕێت، هەنگاوێگ...دوو هەنگاو... ڕەنگە سێ هەنگاویشی بۆ پێشەوەی نابێت، بەلاّم هێشتا هەناسەی لەبەرە! لە ناوماندا هاتوچوو دەکات، ئەوە ماوەیەکە مەرگی ڕاگەیاندراوە.

پرسیار دەکەم: کەی مەرگ دەستی پێدەکات؟ سەیرە، نازانم بۆچی ئێستا لەم کاتە، پرسیاری، کەی ژین دەستی پێدەکات، بەمێشکم هات، من وەلاّمی هیچ کامەیانم پێ نییە!

سەرەڕای هەموو مەینەتەکان، دووری لە نێوان من و ئەو بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە لەناو چووە، لە تەنیشتیەوە دێم و دەچم، گوێم لە هەناسە و تێڕوانینە پڕ پرسیارەکانیەتی! لەبەر خۆمەوە دەڵێم: ئەی خۆ منیش هەر وام! پرسیار لە دوای پرسیار دەکەم...

سەیرە، ئەو منداڵە کێیە بەو خۆشەویستییە بۆ لام دێت؟

– برا، ئەوە ژیانە!!

– + ....

... هەنگاوەکانی دەژمێرم، چرکە بە چرکە گوێم لە ترپەترپی دڵیە... ڕەنگە لەهەر چرکەیەکیش ڕاوەستێت، ئەوسا منیش، لەگەڵ ئەو و مەوریسیۆ ئێژم: < گرنگ زۆرانگرتنە بەمانا فەلسەفیەکەی، گرنگ ڕازی نەبوونە بەوەی کە هەیە>، بەلاّم ڕەنگە من، لەسەر بنەمایەکی تر، بە گەشبینییەوە ئەمە بڵێم، بەبێ ئەوەی سەرمەست بم!! هەروا دەڵێم: ئەو وەك تاك، بۆ هەمیشە، دەسەلاّتی"ئەبەدی" مەرگی لەناو برد! گەر پێشوەخت بمزانیبا، بۆم دەنووسی: ڕۆژباش برا، وەك دەزانیت، من...تۆ ...ئەو...گەر ماڵئاوایش بکەین، هەر

لـەناو"بازنەی خۆر" درێژە بە هەڵپەرکێ و هەناسە سواربووەکانمان دەدەین، جیاوازێکان هەر ئەوەندەیە، ئەم کارەساتە نانبینێت> کارەساتی ماڵ گواستنەوە<.

بـەڵام بەداخـەوە، ئێستا وەخت بەسەر چوو بۆ نووسینی نامەیەکی وا! ئەو < وا ئەمجارەش خۆی ئامادەکردووە بۆ گواستنەوەکی تر>... بۆ گەڕان بەدوای ڕەهاکان:

ڕەهای ژین و،

ڕەهای مەرگ و،

بۆ ڕەهای کۆچکردنە بێ ئەژمارەکانی.

له دوورییەوە ئەوم ناسی، تازە هەروایش دەمینێتەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کەوا ئەو لەگەڵ چەندین کۆچکردن ڕاهاتبوو، بەهەمان شێوەیش، بەم کۆچەش ڕادێت! ئەوە نەبێت......

بـرا هـێمن و سەرمەستەکەم، تـۆ چـۆن بەبـێدەنگی ڕێگـات گـرتە بـەر، منـیش بەهـەمان ئـەو بێدەنگییە، ماڵئاواییت لێدەکەم....

– کێ ماڵئاوایی له کێ دەکات؟

– نازانم، جا ئەوە کەی پرسیارە!

٢٠٠١/٧/٢٧

# SI VIS PACEM PARA PACEM

## لەبارەی دەعوا لەسەر تۆمارکردن و تەوقیفکردنی رۆژنامەنووسان!

ئـەم سـەردێرە، پـەندێکی رۆمـی کۆنـە، واتاکەی ئەمەیە: ئەوەی ئاشتی بوێت، دەبـێ ئامادەیشی بکات. لەم نووسینە بەراستەوخۆیی باس لە مەسەلەی ئاشتی ناکەم، بەڵکو لـەمافی ئـازادی تـاك لەناو کۆمەڵەکەمان کە هەر بە رادەی سەقامگیربوونی ئاشتییەوە بەندە. مـافی ئـازادی رادەربـڕین وەك مافـێکی سـەرەتایی ئادەمـیزا لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکنەگرتووەکانیشدا هاتووە.

تیرۆرکـردنی ئـەم مافـە، یەکـێکە لـەو خالآنـە کـە بـوو بەهۆی سەرهەڵدانی١٩٩١دژی فاشیزم. یەکێك ئەگەر نەختێك مروەتی هەبێت، دەبێ دان بەوەدا بنێت، کەلە کوردستانی فیدراڵدا، رێك لە پاش راپەڕین ئەم مافە تا رادەیەکی زۆر ڕەچاوکرا، بەلێشاو میدیا جیاوازەکان ئەکتیڤبوون و ئەمجار دەردەسەرێکان دەستی پێکرد... ئێستا سەرلەنوێ بوارێکی زۆر والآکراوە لەبەردەم قەڵەم هەڵگرەکان و بەرێوبەرایەتی هەردوو لایەن و رۆشنبیرانی ناوەوە و دەرەوە شانازی بەم جوونەپێشـەوەوە دەکـەن، ئـەوە نەبێت بەیناوبەین سەرودڵمان دەگیرێت: فلآن نووسەر لەبەر نووسـینێکی دەسگیرکراوە...فلآنە نووسەر بۆ دادگا راپێچکراوە... فلآنە نووسەر نانیبڕاوە... وفلآنە رۆژنامەنووس قوڕی عالیاوە کراوەتە سەری...هتد.

ئەمـڕۆ (٨/١٣) چـەند لاپەڕەیەکی هەفتەنامەی هاولآتیم خوێندەوە. لەگەڵ بینینی مانشێتی سـەر یەکـەم لاپەڕەکـەی، سەرودڵم قەڵسبوو و خەوم زڕا. پێش هەموو شتێك دەڵێم وەزارەتی

یارمەتی و هاوکاری و مرۆڤایەتی و فەرەیدون دارتاش، سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان"خوا" خێرتان نەنووسێت ". لەوە دەچێت رەخنەیان لێگیراوە (رەنگە رەخنەکانیش نابەجێ بووبن)، دەعوەتیان لەسەر جەلال ئەنوەر و عەلی کەریم تۆمارکردووە.

خەتای وەزارەتی یارمە تی و هاوکاری مرۆڤایەتی ئەوەیە:

١/ وەزارەتێکە بۆ یارمەتی و هاوکاری مرۆڤایەتی. لەبەر ناسکی ناو و ئەرکی ئەم بوارە نەدەبوایە پەنا بۆ شکاتکاری ببەن لە دژی رۆژنامەنووسێك کە ١٠٠٪ نە یارمەتی دەدرێت و نە کەسیش هاوکاری دەکات!!.

٢/ وەزارەتێکی وا دەبێ دوو خاوەن قەڵەمی تێدا بێت و بەنووسین لەهەمان رۆژنامە، وەڵامی بۆچوونەکەی کاك جەلال ئەنوەر بدەنەوە. هەموو تومەتەکانی بەتاڵ بکەنەوە و با خەڵك لەسەر بۆچوونەکان بڕیار بدەن.

٣/ رۆژنامەنووسەکە بانگکراوە بۆ پۆلیسخانەی ئازادی!!. تکایە لەبەر حورمەتی ناوی ئازادی، بۆ جارێکی تر، دەعوایەکی ئەم چەشنە بۆ پۆلیسخانەیەکی تر ببەن!!

٤/ دەبوایە بەرپرسیارانی بەرێزی ئەم وەزارەتە کارێکی وایان بکردبا، ئەم قوربەسەرە بۆ چرکەیەکیش تەوقیف نەکرێت.

خەتای فەرەیدون دارتاش ئەوەیە:

١/ کاك فەریدون سەرۆکی هەنەرمەندانی کوردستانە و لە دژی نووسەرێك، پەنای بردووە بۆ دەعوەت تۆمارکردن!! براکەم جەنابتان خاوەن قەڵەم نین؟ ناتوانن بەنووسین و فاکت وەڵامی کاك عەلی کەریم بدەنەوە؟ بەڕای جەنابتان ئەم هاوکێشە: (نووسین= شکاتکردن) درووستە؟؟ ئەی هاوکێشی: پۆلیس=هونەر؟؟- پۆلیس وەك دەزگا نەك وەك تاقە کەس-.

تکایە لێم زوێر مەبن، ئەگەر بەم شێوەیە بیردەکەنەوە، وا باشترە برۆن دارتاشێکەتان بکەن.

بۆ ئاگاداری هەمووشتان، من ئەو دوو بابەتم نەخوێندووە وناشیان خوێنمەوە. ئەو دوو نووسەرە هەرچییەکیان نووسیووە مافی خۆیانە، نابێ بەهیچ شێوەیەك فشاریان بۆ بهێنرێت یا بترسێنرێن.

ئەمەی دەرهەق بەو دوو نووسەرە کردووتانە ، دەچێتە چوارچێوەی تاوان، پەیوەندی بە تێفکرینی پێش راپەڕینەوە هەیە، بە مەغزێکەوە، بیر لە کۆنترۆڵ دەکات و رێزنەگرتنە لە مافی ئازادی رادەربڕین....

دوو ووشەیش بۆ پەرلەمانەکەمان.

لە هەر کوێ پەرلەمان هەبوو، لەوێ دەسەڵات هەڵدەقوڵێت و مافی هەیە یاسا دەربکات یا بیگۆڕێت، ئەم بۆچوونە پەرلەمانی کوردستانیش دەگرێتەوە. تا ئێستا لەچەندین بواری جیاجیادا یاسای نوێ دەرکراوە، ئەمە جێگای خۆشحاڵییە، هەروا یاساناسی زۆرو بەتواناایشمان هەیە، گەر دەسەڵاتداران رێگەیان لێنەگرن، دەتوانن زەمینەیەکی پوخت خۆشبکەن بۆ یاسایەکی هاوچەرخ لە کوردستان، دوور لە زۆر بەندی رزیوی یاسای عیراقی. بۆیە دەڵێم:

**ئەوەی دیموکراتییەتی دەوێت، دەبێ ئامادەیشی بکات!**

٢٠٠١/٨/١٤

# میتۆدی سانسوورتان لەگۆڕ دەنێین!
# ئازاد بێت قەڵەم

لە کاتێکدا ماڵپەڕێکی جیهانی وەك(ئیندی میدیا) یا هەر لاپەڕەیەکی چەپ یا کۆمونیست، لینك دادەنێن بۆ بلاوکراوە بۆرژوا و نەیارە ئیدۆلۆژی جۆراوجۆرەکانیشیان، بەبێ ئەوەی پەرەگرافێکیش کۆنترۆل بکەن، تەنانەت ئەوەی بیبەوێت راستەوخۆ کۆمێنتاری خۆی لەبارەی وتارەکان دەنووسێت و بلاو دەکرێنەوە. هەروا وتار بلاودەکەنەوە و لە ژێریدا شوێنێکیان تەرخان کردووە بۆ کۆمێنتار لەسەر ووتارەکە ،بەبێ هیچ کۆنترۆڵێك، بەبێ ئەوەیش ئەو شوێنە ناوی لێبنێن"لاپەرە یا لینکی بیرورای ئازاد".

بەلام کە تەماشای ماڵپەرو رۆژنامە کوردێکان دەکەین، دەبینین لینکێکیان داناوە بەناوی"بیرورای ئازاد یا لاپەرەی ئازاد"، دەیانەوێت بلێن ئێمە تولەرانتین، بۆچوونی رەخنەگریش بلاودەکەینەوە!! راستێکەیش ئەوەیە، چونکە ماڵپەڕ و رۆژنامە کوردێکان هەر فێری کۆنترۆلکردن بوون و دەترسن لە ئازادی بیرورا، یا بۆ ئەوەی لایەنێك یا کەسێك لێیان زیز نەبێت، بۆیە، بۆ ئەوەی بۆچونێکی تر کە لەدەرەوەی مێشکی لە قالبدراویان بلاوبکەنەوە، دەینێرن بۆ"بیرورای ئازاد"، بەبێ ئەوەی ووتارەکە بەنزیك یا دوور پەیوەندی بە لینکێکەوە هەبێت بەناوی بیرورای ئازاد. رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەمان ئەم گاڵتەجارییە دەکات. بەرپرسیارەکانی کوردستانی نوێ سەرەرای راگەیاندنە یەك لەدوای یەکەکانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ بەرفراوانکردنی ئازادی بلاوکردنەوەی نووسینی رۆشنبیرە"دڵسۆزەکانی گەل"(نازانم ئەو صکوك الغفرانە بەر ئێمەیش دەکەوێت یا نا) هێشتا بوار نادەن بە بۆچوونەکانی تر بلاوبکرێنەوە((بۆ راستی ئەم بۆچوونە، مام جەلال

دەتوانێت بڕوانێتە سەتلی بابەتە لابراوەکان، ئەوجا بۆی ساغدەبێتەوە کە تەنها–بۆنموونە– چەند سەد لاپەڕەی بەندە فڕێ دراوەتە ئەوێ! ! ڕۆژنامەی برایەتی و گولان بەهەمان شێوە، هەر ئەڵێی سێوێکن کراون بە دوو کەرتەوە !

هەندێ ماڵپەڕی کوردیش هەیە، بەناوی ڕاستکردنەوەی هەڵەی نووسین، دەست بۆ وتارەکان دەبەن، چەند دێڕ یا وشەیەك بەبێ ئاگاداری نووسەرەکەی بۆ زیاد دەکەن، ئەمجار بابەتەکە دەخەنە ناو قەشمەری بازاڕی"لاپەڕە یا بیری ئازاد". ئەم جۆرە کەسانە توانای تەکنیکیان وەك هەر خاوەن دەسەڵاتێك بەکار دەهێنن، بەبێ هیچ مەرەخەسییەك خۆیان هەڵدەقورتێنن بۆ ناو بابەتی نووسەران. بەبێ ئەوەی تاقە بەڵگەیەکیشیان هەبێت بۆ توانای تیئۆری یا ڕێزمانەوانیان، بڕیاری بڵاونەکردنی بابەتەکانیش دەدەن یا دوای دەخەن، تەنانەت هەندێ لەخاوەن ماڵپەڕەکان کە بابەتێکیان بۆ دەنێردرێت، دەڵێن" لەم بارەیەوە فلانە نووسەر وتاری نووسیوە" جا ئەمە بۆچوونە؟ هەر ڕووداوێك بێتە پێشەوە، دەیان وتاری جۆراوجۆر لەبارەیەوە دەنووسرێت ......

ئەو ڕۆژە لە چاتێکدا، سیمینارێك لەبارەی بارودۆخی ئافرەتان لە کوردستان کرا، بەشداربوویەك لەبری ناوێك، ژمارەیەکی دانابوو، ڕێکخەری چاتەکە یەکسەر وتی" ئەگەر ناوی خۆت نەنووسیت، ناچارم دەرت بکەم. ئەمەیە کالتەجاڕی. هەڵبەت کابرا، ئافرەتێکی کورد دەرچوو، ناچارکرا ناوی خۆی بنووسێت"من ...". زەرەیەك جیاوازی نیە لە نێوان ناوی ژمارە یا ناوێکی نهێنی! ! بەلام ئەڵێی چی، کە کابرا ئەقڵی ئەوەندە بڕبکات...

ماڵپەڕێکی تر، ئاگاداری لەدوای ئاگاداری بڵاوکردۆتەوە لەبارەی ئەو نووسەرانە کە بەرهەمەکانیان بۆ زیاتر لە شوێنێك دەنێرن، وەك مەلایەك ڕێنمایی و هەڵسەنگاندنی بەهای نووسین و نووسەران دەکات، وچۆن ئەمە بووە بە دیاردەیەکی نوێ، داوایش دەکات ڕێگا لەم پەدیدە نوێیە بگیرێت! !

ئەم برادەرەیش نایەوێت بزانێت، کە لەناو دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا، تەنها چەند نووسەرێك هەیە، لەدەرەوەی دەزگا باوەکان ولە ناویاندا شوێنیان نابێتەوە. ئەوەی دەمینێتەوە، ئینتەرنێتە و دەسەلاتی تەکنیکی خاوەنەکانیانە کە فریان بە بارودۆخی سیاسی، تیئۆرییەوە...هتد نیە، بەلام بەشێوەیەکی جۆراوجۆر دەبن بە ڕێگر، هەوڵیش دەدەن مەرجەکانی خۆیان بەسەر نووسەران بسەپێنن....

پێم وابێت تا ئێستا یەك بابەت هەیە کە بەگوێرەی توانا بەوردی هەوڵیداوە تاوانی کۆمپانیەکانی گازی کیمیاوی ئەلمانیا و ئەو پرۆسێسانە کە کراوە لە دژیاندا، وسزاکانیان دەستنیشان بکات، ئەوەش بابەتی(با شوێن پێی تاوانبان هەڵگرین) لە گەڵ بانگەوازی

ئەکتسیون بەیادی تاوانی هەڵەبجە لە ٣/١١٦ لەبەردەم باڵوێزخانەکانی ئەلمانیا، بانگەوازی سزادانی ئەو ئەنفالچییە کوردە تەرەسانە کە ئێستا زۆربەیان بەئازادی لە کوردستان دەسورێنەوە و هەندێکیان لەناو دەزگاکاندا کاربەدەستیشن، لە گەڵ پێشنیارێك بۆ هونەرمەندان لە پێناوی دروستکردنی سمبۆلێك بۆ قوربانیانی هەڵەبجە(شوکر پاش ١٣ساڵ برایەکی ئەندازیار هەستاوە بەم کارە) و هتد...بەلام بەداخەوە ماڵپەڕی هەڵەبجە، لەبەر"نەبوونی جێگا"ئەم بابەتەی لابرد بۆ ئەوەی شوێن بۆ بابەتێکی"گرنگتر"بمێنێتەوە ! !ئایا ئەم بەرخوردە شەرمەزاری، بیرتەسکی، نەزانی نییە؟؟ بۆ نەگبەتیش لەخۆیەوە ناوی لێ نابوو"بانگەوازێك لە سەلام عەبدوللاوە"......

بەگشتی لەم بارەیە دەڵێم، نووسەران مافی خۆیانە پەرژینی کۆنترۆلکردن تێکوپێك بدەن، بە دیکتاتۆری تەکنیککاران بڵێن: هەموو کەسێك مافی ئازادی بیروڕای دەربرینی هەیە. ئەمە سەرەتاییترین مافی مرۆڤە. بۆیە بە ئێوە دەڵێم: ئێوە بۆتان نیە بەهیچ شێوەیەك، مەرجێك بخەنە پێش ئێمە ! ! تا ئێوە وا بیربکەنەوە، ئێمەیش بۆ گەیاندنی بیروڕاکانمان بە زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوە، مافەکانی خۆمان بەکار دەهێنین، تا ئەو کاتەی ئێوەش دەگەنە ئەو بڕوایە کە نابێت لە ژێر هیچ بیانویەك ببن بە رێگر لەبەرامبەر بلاوکردنەوەی بۆچوونی کەسانی تر! لێرە بەهەموو ئێوە دەڵێم: پێتان خۆشبێت یا پێتان ناخۆش بێت، لەلانی کەمەوە، نووسەرانی رەخنەگر کە بەهیچ شێوەیەك سلْناکەنەوە لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان، بەبێ ئەوەی زەرەیەك بەرژەوەندی تایبەتیشیان هەبێت، بەکردەوە بارومەتری پەرپێدانی پێشکەوتنی کوردستانن(سەرکردەکان سوود لەو خاوەن خامانە وەرناگرن کە تەنها چەپڵەیان بۆ دەدەن، بەڵکو لە ئێمەومانان سوود وەردەگرن، گەرچی هەندێ جاریش بەشێوەیەکی بریندارکەرانە راکانمان دەردەبڕین: بە مام جەلال دەڵێم: برا ئیشوکارێك بە پۆستچی و دادگا چارەسەر بکرێت، مەیدەن بەدەستی ئاسایشی چەکدارەوە... بە پارتیش دەڵێم: حزبێك بییەوێت لە ناو هۆلێکدا، ئاهەنگی رۆژی دامەزراندنی بگێرێت، رێگای لێ مەگرن، رێگرتنی وا خزمەت بەهیچ لایەنێك ناکات. مەترسێکان لە دیوی چەپەوە نایەن، بەڵکو لە دیوی راستەوە، ئیسلامێکان و تاوانە خوێناوێکانیان و ئەو تاوانبارانەی کە فاشیستەکانی بەغدا دەیانێرێت بۆ نانەوەی تی ئێن تی بۆ خەڵکی تسیڤیل ناو سلێمانی و هەولێر مەترسی پێکدەهێنن)....

ئێمە بەشێکین لە ویژدانی راستەقینەی جەماوەر، هەر هێرش یا رەخنەیەکمان گرتبێت، تەنها و تەنها لە دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ هەژارانی گەلەکەمان سەرچاوەی گرتووە، لەپێناوی سەرخستنی ئامانجەکانی راپەڕینی پیرۆزی ١٩٩١ە، لە پێناوی ئەوەی تاکی کوردستان لە

زەلیلی، چاوکزکردن و پەنگخواردنی بیروراکانی رزگار بکەین. لە گەڵ هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤیش شادمان دەبین(بۆ نموونە: بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی و گەڕانەوەی ئاوارەکانی جەنگی ناوخۆ) هیواداریشین لەم کاتە پڕ مەترسییەدا، هەنگاوەکانی تریش بۆ پێشەوە بڕۆن)، بەبێ ئەوەی تینوێتیمان بۆ پێشکەوتن بشکێت. ئێمە بەهیچ رازی نابین، چونکە رازیبوون خۆ کوشتنە!

ئازاد بێت بیرو قەڵەم!!

٢٠٠١/٧/٣٠

# کێ بە ڕووی جیهانگیری ڕاوەستاوە؟

کوشتنی ئافرەتێکی کۆمونیست لە پادودا(ئیتالیا)

## شانەکانی ئەنتی ئیمپریالیزم بەرپرسیاری خۆیان ڕاگەیاند لە

## تەقاندنی دادگای ڤنیدیگ(شاری ڤینیسیا)

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە١٢/٨ولە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستانلە ٣٠/٧دا ئەم وتارانە بلاّوکراونەتەوە:

١/ جیهانگیری و ئۆپۆزیتسیونێکی نوێباو. لەنووسینی مەلا بەختیار.

٢/ ئایا ڕاپەڕینی شاری جێنوا سەرەتای سەردەمێکی تازەی خەباتی چینایەتییە؟!! لە نووسینی مەلا حەسەن.

بەختەتای دەزانم لەبارەی ئەم دوو ووتارە کە لە کوردستان بلاّوکراونەتەوە بێدەنگ بم، هەروا نوسینیش تەنها بۆ خوێندنەوە نیە، بەڵکو بۆ ڕاگۆڕین و قووڵکرنی ناوەڕۆکەکەیەتی. هەڵبەت لایەنگیری یا پەرچدانەوەی ووتارێك مەسەلەیەکی ترە.

لەبارەی یەکەم وتار:

أ/ مەلا بەختیار دەنووسێت: "لەدوای ئەوەی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان، لەژێر کاریگەری گۆڕانکاری ئابووری، سیاسی، پیشەسازی و ریفۆرمیستی، وەکو بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ

پاشەکشـەی کـردووە، بزووتـنەوەیەکی کۆمەڵایـەتی– سیاسـی جـێگەی نەگرتۆتەوە. خەباتی کرێکارانـیش، لەسـەر رێـبازی سـەندیکایی– ریفۆرمیسـتی سـەقامگیربووە. خەریکـە لـە رۆژهەڵاتیشـدا کـرێکاران دەبەسـترێنەوە بـە خـەباتی پیشـەیی– سـەندیکایی.(...) لەبـری بزووتنەوەی کرێکاری– سۆسیالیست، بزووتنەوەیەکی نوێباو، سەری هەڵنەدا".

سـەرەڕای ئـەو پاشەکشـێ کاتییە، کـە هیچ بزووتنەوەیەك لە جیهان لێی بەدەر نەبووە– بە یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان–یشـەوە، کۆمونیسـتەکان لەپاش ئەو رۆژە سەختانە((ئێستا بـوو بـە رابـردوو!!))، وەك پێشەنگی خەباتی چینایەتی، ئەنتی فاشیست، ئەنتی راسیست و ئەنـتی ئیمپریالیسـت لـە گۆڕەپـانی خـەباتدا، وەك بزووتـنەوەیەکی کۆمەڵایـەتی لـە سـەنگەرەکانیان ماونەتـەوە و مەحاڵە هێزێك بتوانێ شوێنیان بگرێتەوە، تا ناکۆکی چینایەتی لـە نـێوان کار و سەرمایە باڵا دەست بێت. ئاخر نوی لە سەر چ بنەمایەك درووست دەکرێت؟؟ چ پرۆژەیەکی تر لە ئارادا هەیە؟؟!

نـازانم بـە قسـەی کـێ و لـە چ سەرچاوەیەکەوە دەڵێت" خەباتی کرێکارانیش، لەسەر رێبازی سەندیکایی– ریفۆرمیستی سەقامگیربووە".

جـارێ لەبـەر چـەند هۆیـەکی سـەرەکی، شـوێنی خـەبانی سەندیکایی تا رادەیەك لەقبووە و زیاتر بەرەو لەقبوون دەچێت:

– لەبـەر ئـەوەی سیاسـەتی نیولیبراڵی جیهانی، زەمینەی لەباری مۆدێلی بەرهەمهێنانی فۆردیـزم بـۆ خـەباتی سـەندیکایی و ریفۆرم لە بواری کارکردن لەبەین دەبات، بۆیە بە دوژمنی سەرسەختی خەباتی سەندیکایی ناودەبرێت.

– ئەندامێتی سەندیکاکان لە ئەمریکاو ئۆروپای رۆژئاوا تا دێت بەرەو کزی دەچێت.

– کـرێکاران و زۆربـەی جـەماوەری زەرەرلـێکەوتووی جـیهانگیری هۆشـیاری ئـەوەن کە سۆسـیال دیموکراتەکانـیش سـەکە خوێرییەکی سەرمایەدارانن(ئەلمانیا، بریتانیا، بەلجیکا..). ئەمانن کە رۆژانە خیانەتیان لێدەکەن.لە بەرژەوەندی سەرمایەو پرۆژەکەیان، رۆژانە کرێکاران بـە کۆمەڵ بەرەو جەهەنەمی بێکاری دەنێرن، پیشەسازی جەنگ و تفاقەکانی گەرمتر دەکەن، قسـەی جـوان دەکـەن، بـەڵام بەکـردەوە زۆر لایـان نـەداوە لـە کۆنزەرڤاتـیفەکان و لیـبراڵەکان(بـەراوردی هەڵویسـتەکانیان بکـەن لـەبارەی موقاوەمەتەکەی جێنوا یا سیاسەتی دیپۆرتکردن لە ئەلمانیا) .

لـە رۆژانـی پـێش جێـنوا بینیمان چۆن٣٠٠هەزار کرێکاری ئیتالیایی لەبەر کەمبوونی کرێی کار خۆپیشـاندانیان رێکخسـت، تـەنها لـە شـاری تورین ٣٠هـەزار کـرێکار خۆپیشاندانیان کرد، لە مایلـەند ٦٠هـەزار کرێکار و هەر ئەو کرێکارانە و حزبە کۆمونیستەکان بوون لە ٧/١٩لە جێنوا

لەپێشــی پێشــەوەی خۆپیشــاندەرەکان بــەرەو پێشــەوە دەڕۆیشــتن!! لــە ڕۆژی پــێش کۆبوونەوەکانـیان، ڕۆژی خـەباتی پەنابـەران بـوو لـە دژی سیاسـەتی کوشـتن و دیپۆرتکردنی ڕاسیسـتانەی ٨دەوڵەتـە"دیموکـراتەکە". جگـە لـە هەڵگـرانی ئاڵای سوور بەپلەی یەکەم، کێ بەدوایانـەوە بـوو؟. ئـەوە حـزبە کۆمونیسـتەکان بـوون، لـە بـراغ یەکەم ووتاریان خوێندەوەو بەگشـتی نارەزایەتییەکانـیان ڕێکدەخسـت شـان بەشـانی چـەپە ڕادیکاڵـەکان کـە هـەر ئـاڵای سـووری کۆمونیزمـیان هەڵگـرتووە هــەروا ئەنارشیسـتەکانیش!! دەتوانـن نـاوی چـین و بیروباوەڕێکی تر بهێنن لە دەرەوەی چینی کرێکاران و جووتیارە بەشمەینەتەکان بهێنن؟

کاک بەختـیار دەنووسێت:"چەند ساڵێکە، لەبەرامبەر کاریگەرییە ئابوورییەکانی جیهانگیریدا، هەسـت دەکـرێ بزووتـنەوەیەکی کۆمـەڵا یـەتی – سیاسـی نوێبـاو لـە نەشونماکردندایە. ئەم بزووتـنەوەیە، نـە سرووشـتی چـینایەتی هەیـە و نـە مۆرکـی فەلسـەفەیەکی پـێوەدیارە و نـە پێشەنگیشـی خەملیووە. بزووتنەوەیەکە، لە ئەمریکا و ئۆروپای ڕۆژئاوادا کەوتۆتە جموجۆڵ. زۆرتر بێکار و خوێندەوار و توێژێکی لانەواز و لاتەریکی گرتۆتەوە".

١/ ئەم بزووتنەوەیە جیهانییە و لەزۆربەی وەڵاتەکاندا چالاکی دەنوێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆبوونەوە جیهانییەکانی خاوەن شکۆکان زیاتر لە ئەمریکا و ئۆروپا ڕێکدەخرێت، بۆیە قورسایی هەواڵەکان هەر ئێرە دەگرێتەوە.

٢/ ئەی ئەزانن بۆچی جووتیارە هەژارەکانی هیندۆ لە مەکسیك بەڕابەرایەتی ساپاتیستەکان و کۆماندانت مارکۆس و بە پشتیوانی کۆمونیستەکان ڕاپەڕین؟ ئەی لەهیندستان چی؟

وابـزانم جەنابـتان دەزانن کە بێکاران، یا باشتر بڵێم بەزەبر بێکارکراوەکان، بەشێکی گرنگی چینی پرۆلیتاریا، یەدەکی هێزی کار، هاوڕێی کرێکارانی سەر کار پێکدەهێنن.

بـەڕای جەنابـتان ئەمانـە چـینێك پـێك ناهێـنن؟ ئـەی مانـای و مەبەسـتی نـاوی بزووتـنەوەکە(بزووتـنەوەی دژ سـەرمایەداری) هیچ مەبەستێکی چینایەتی نابەخشێ؟؟ تا جەنابـتان بنووسـن" بزووتنەوەیەك" وەك بڵـێی لـە غەیـبەوە هاتبێت!!..."نە سروشتی چینایەتی هەیە". باشتر نیە پێمان بڵێن چ سرووشتێکی هەیە؟

– هـەموو کۆبوونـەوەکان و خـەبات لـە دژی جـیهانگیری و ئیمپریالـیزم"فیـتی" کۆمونیسـتەکانە....لـەناو کۆڕەکانـیانەوە مۆرسـی درێژەپـێدانی خـەباتی چـینایەتی و دیکتاتۆریـیەتی پرۆلیـتاریای مـارکس((هـەندێ کـەم ئاگـا هـەن، وا دەزانـن" بـەزمی

دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا لەلایەن لینینەوە داڕێژراوە)) بۆ کرێکاران و گەلانی ژێردەستە دەنێرن! ! ئەمە تەنها بۆ ئاگاداری دەیلێم ! !

– مەلا بەختیار دەنووسێت" ... گفتارو کرداری ناشایستە دەنووسێنن".

"وایە" پیاو ئەوەندە وەك جەنابتان "مۆدێرنانە" بیر بکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات، بەخۆی لە پڕۆژەی موقاوەمەتی کۆمونیست و چەپ "خۆی کش مات" بکات، ئەوا ئاساییە ئەم قسە بێسەروشوێن و دواکەوتووانە بکات، ئەم گفتارو و کرداری ناشایستەیە بخاتە پاڵ ئەو کۆمونیست و چەپانە کە بەهوشیارییەوە خەباتی سەختی سەر شەقامەکانی جێنوایان دەکرد لە دژی سیاسەتی تیرۆریستانەی ٨ دەوڵەتە"دیموکراتە" وپۆلیسە دڕندەکانی ئیتالیا تا رادەی خۆبەختکردن!

ئەوەی راستی بێت، وێنەی ئۆروپا و دەسەڵاتدارەکانی کران بە پەڕۆ کۆنە لەبەرچاوی جیهان، بەزەقی وەحشیگەرێتی و پلانە چەوسێنەرەکانیان پێشاندرا و خەڵکی جیهانی زیاتر هۆشیارکردەوە.

تێناگەم بۆچی مەلا بەختیار دڵی دەسووتێت بۆ وێرانکردنی بانق و دادگاکان و بنکەی پۆلیس و بانزینخانەکانی جەنوا؟ ئەمانە چین لە ئاستی بۆردومانکردنی خەڵکی تسیڤیلی سەرب بە فڕۆکەکانی ناتۆ؟ لە ئاستی بێکارکردنی ملیونان مرۆڤ؟ لەئاستی وێرانکردنی لادێکان؟لە ئاستی هەچی زیاتر خۆ پڕ چەککردنیان؟ لەئاستی ئابلوقەدانی گەلانی عیراق نەك سەگە خوێڕێکەی بەغدا؟

– پێموابێت کاك بەختیار لەبەر هۆیەکی تر ئەو بۆچوونە گێرەشێوێنەی نووسیوە. دەبێ کاك بەختیار لەمەودوا لە کۆبوونەوەکانی، پاساوی ئەم پرسیارەی هەبێت: بۆچی لە لانکەی دیموکراتی، مافی مرۆڤ، مۆدێرن و ئازادی، سەدان هەزار گەنجی تازەپێگەیشتوو ناچار دەکرێن توندوتیژی بەکار بهێنن؟

– بەپێچەوانەی دوا بۆچوونەکانی کاك بەختیار لەم وتارە، پێشبینی ئەوە دەکرێت، خەباتی چەکدارانە و رادیکاڵ سەرلەنوێ پەرەبستێنێت و لە ناو جەرگەی ئۆروپای رۆژئاوا شوێنی خۆی زیاتر بکاتەوە....

دەربارەی دووهەم ووتار:

– پێش هەموو شتێك ناکرێ ئاماژە نەکەم بۆ جەنگی میدیای سەرمایەداران و زاڵبوونیان لەم بوارە. سەرەنجی هاوڕێ مەلا حەسەن و هەموو کەسێکی پێشکەوتوخواز بۆ ئەوە رادەکێشم

کە شیوعێکانی کوردستان و عیراق سوود لە ئینتەرنێت و میدیای ئەڵتەرنانیڤی شیوعی و چەپەکانی جیهان وەرناگرن. زۆر گرنگە بەزووترین کات چەند برادەرێك کە شارەزای یەکێك لە زمانە جیهانییەکانن تەرخان بکەن بۆ خوێندنی دوا هەواڵ، ووتار و بۆچوونەکان. دەشتوانن خۆتان راستەوخۆ ببن بە ئەندام لەو رێکخراوانە...دەتوانن راستەوخۆ بیروڕای خۆتان لە گەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەن، پێشنیارەکانتان بۆ بنرێن...زۆر شتی تریش. بێگومان ئەنجامدانی ئەم کارە میدیای حزب زۆر بۆ پێشەوە دەبات و دەتوانرێت دیکتاتۆرییەتی بی بی سی و دەنگی ئەمریکا و رۆژنامەی ئەلحیات و گۆڤاری (سەیدەتی)لەناو ببات! ! لە وتارەکەی جەنابتان کەمی ئاگاداربوونتان لە کۆبوونەوەکان، بڕیارەکان، گفتوگۆ و بۆچوونەکان و ئەو هێزانەی رووبەرووی جیهانگیری دەبنەوە لە دیدەگای کۆمونیستی و چەپ، پێوەی دیارە.

– بۆچوونەکەت کە گوایە ئەم خەباتە"وەرزییە"، درووست نیە. بەبەردەوام بە ئامادەبوونی حزبە کۆمونیستەکانیش کۆبوونەوە و خۆ ئامادەکردن لە دژی رێکخراوە جیهانییەکانی سەرمایە لەسەر ئاستی جیهان رێکدەخرێت و رۆژانە درێژەی هەیە.

– موقاوەمەت تەنها لە شوێنی کۆبوونەوەکان ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە سەر ئاستی وەڵاتەکانیشدا ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە لەرۆژەکانی جێنوا، لە هامبۆرگ، بەرلین، زیورش، ئەتین ....هتد، خۆپیشاندان و هێرش لەسەر بنکەکانی سەرمایەداران دەکرا. لە ٨/٢٠ خۆپیشاندان دەکرێت بۆ هاوپشتی لە گەڵ زیندانییەکانی گویتەبۆرگ و جێنوا....

– بەگشتی خۆشحاڵم بە بۆچوونەکانت، ناوی ووتارەکە نەبێت، چونکە دەبێ بزانن کە لەم چەند ساڵەدا، لە چەندین وەڵات هەمان ئەم موقاوەمەتە هەبووە(داڤوس، سیاتل، براغ...).

– پەنابردن بۆ خەباتی شۆرشگێرانە هەڵویستێکی ئاساییە لە دژی سەرمایەداران کە بەهەموو وزەکانیانەوە هەوڵدەدەن پرۆژەکانیان جێ بەجێ بکەن. کە سەرمایە بەرەو (تمرکز) دەڕوات وەحشیتر دەبێت. پێناسەی فاشیزمتان وەبیر دەهێنمەوە(بە بۆچوونی کۆمێنتێرن) وەك بەراوردێك لە گەڵ هەوڵی کۆنزێرنە زلهێزەکان بۆ(تمرکز) و کێبڕکێی نێوانیان و مەترسێکانیان لە دژی هەموو مرۆڤایەتی.

– دەبێ حزبە کۆمونیستەکان سەرلەنوێ کۆمینترن دابمەزرێننەوە. ئێستا زیاتر لە جاران زەمینەی لە بار و واقیعی لە ئارادایە بۆ بەجێهێنانی بانگەوازی: کرێکارانی جیهان یەکگرن. واتە ئەمرۆ دەبێ ناوەندی ئەرکی کۆمونیستەکان ئەمە بێت:

**ئینتەرناسیونالیزمی کۆمونیستی لەبەرامبەر جیهانگیری سەرمایەداری!**

**کوشتنی ئافرەتێکی کۆمونیست و سەندیکایی لە پادوا(ئیتالیا)**

دوو هەواڵی گرنگ: ١/ پاش تەواوبوونم لە نووسینی ئەم وتارە، چوومە ناو ئینتەرنێت و ئەم ئێمیلەم پێگەشت(ناوەڕۆکەکەی)– شاری پادوا– ماریا خوسێ ئۆلیڤاستری لە جینوادا دژی ئیمپریالیستەکان و لە پێناوی بەرهەڵستی لە کرێی کار خەباتی دەکرد، پشتگیری لە کرێکارە مانگرتووەکانی دەکرد و ئاڵای( رفۆرداتسیونا کۆمونیستا) بەدەستەوە بوو. ڕۆحێکی بلێسەیی لەتەمەنی ٤٢ساڵیدا.....مارییایان کوشت و فڕێ دراوەتە ناو زێرابێك لە نزیك شاری پۆدوا.....
٢/ ڕێکخراوی(شانە ئەنتی ئیمپریالیستەکان) بەناوی شانەی( کارلۆ یولسینی) بەرپرسیاری خۆیان راگەیاند لەبارەی تەقاندنی دادگای ڤنیدگ لە هەفتەی رابردوو. ئەم راگەیاندنە بە ئیمزای بریگادە رۆزا بلاۆکراوەتەوە.( رۆژنامەی یونگە ڤێڵت لە ٨/١٣). ئەم هەواڵە لەرادە بەدەر خۆشحاڵی کردم، چونکە تەنها نزیکەی ٧سەعات رۆیشتووە لەسەر ئەم بۆچوونەم)

٢٠٠١/٨/١٢

## هەر لە ئێستاوە بۆ "via Luttich "one rush، بەسەر شاری گێنت

## بەرەو برۆكسل

* ئاگاداری:

رۆژی ٢٠٠١/٩/٢٠، رۆژی ئەكتسیونی جیهانییە لەدژی زەبروزەنگی پۆلیسی ئیتالیایی لە جێنوا. لە بروكسلدا، لەبەردەم باڵۆیزخانەی ئیتالیا لە E.Clausstrasse28, 1050, Brussel پرۆتێست دەكرێت. كات: لە كاتژمێری ١٨. لە(Luettich) و(Gent) لەبەردەم قوسلییەكانی ئیتالیا.

** لە ٢٠٠١/٨/١

كۆبوونەوەیەك لە هۆڵیNova / برۆكسل لەبارەی بابەتی جێنوا و لوتكەی یەكێتی ئۆروپا لەLaken

رۆژ چوارشەمە، بەئامادەبوونی ١٢٠كەس كۆبوونەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئاگاداریان لەبارەی رووداوەكانی جێنوا و چالاكیە داهاتۆكانی برۆكسل ببێت. لێرەدا گوێیان لە چەند شایەتی رووداوەكان و یەكەم شێكردنەوەی جێنوا گرت. هەروا بیرورا و پێشنیارەكانیان ئاڵوگۆركرد لەبارەی چالاكێكانی چەند مانگی داهاتوو و باسی یەكەم خۆئامادەكردنیان كرد لەبارەی لووتكەی (ی.ئۆ) لە بەلژیك.

لەم كۆبوونەوەیەدا، (Carla Goffi) قسەكەری بزووتنەوەی ئاشتی "Movement Chretien pour la paix" كە لە جێنوا بوو، راپۆرتی خۆی پێشكەشكرد. لە قسەكانیدا

پۆلیسی ئیتالی تاوانبار کرد بەوەی کە "ئەو زەبروزەنگ بەکارهێنانەیان ڕێکەوت نەبوو. پێش کۆبوونەوەکەی جێنوا، زەمینەی زەبروزەنگ بەکارهێنان خۆشدەکرد، هەستاون بە پشکنینی ماڵەکانی ئەوانەی توتی پیاچین، لە نەخۆشخانەکاندا شوێنیان بۆ بریندارەکان ئامادەکردووە. بۆ ئەوەی لە زیندانەکاندا، شوێن بۆ ئەکتیڤیستەکان بکەنەوە هەندێ زیندانیشیان ئازادکردووە و داوایان لە دانیشتیوانی جێنوا کردووە، بۆ گەشت بڕۆن و لە خاوەن دوکانەکان کردووە، دوگانەکانیان دابخەن....".

***میدیاکان، حزب و دامودەزگاکانی تری بەلژیکا لە ئێستاوە خەریکی زەمینەخۆشکردن بۆ دژایەتیکردنی ڕەخنەگرانی جیهانگیری. سەرۆکی پۆلیسەکانی برۆکسل(Van Reusel) بە شانازییەوە وتی لە بەلژیکادا، بە پێچەوانەی گویتەبۆرگ، ڕەنگە وەك خۆپاراستنێك، خۆپیشاندەران دەسگیر بکرێن. شورای شار لە مانگی یونیەوە گفتوگۆیان کرد لەبارەی کڕینی ئۆتۆمبیلی ئاورش و دامەزراندنی ١٦ کامیرای چاودێری نوێ. زۆربەی سیاسەتمەدارەکان ڕێککەوتوون لەسەر تەدبیری سزادان.

٢٠٠١/١٠/١٩ لەکاتی کۆبوونەوەی لوتکەی یەکێتی ئۆروپا لە شاری(Gent) مانگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ ڕێکدەخرێت.

ئەو ئەکتسیونانەی کە لە ئێستاوە ڕێکخراون:

٩/٦: لە(Bruegge)خۆپیشاندان لە دژی کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی وەڵاتە ئۆروپێکان. کات و شوێنی بە یەکگەیشتن: کاتژمێری ٣٠و١٩ لە t Zand .

٩/١٤خۆپیشاندان لە(Loewen) دژی کۆبوونەوەی لووتکەی وەزیرەکانی هاتووچۆ.

٩/٢١ خۆپیشاندان لە(Luettich) دژی کۆبوونەوەی لوتکەی وەزیرانی ئابووری دراو.

١٠ /١٩ خۆپیشاندانی ئەنتی- کەپیتالیزم لە(Gent) لە دژی ڕاگەیاندنەکانی لووتکەی یەکێتی ئۆروپا.

کات وشوێنی بەیەکگەیشتن: کاتژمێری ١٠، لە Pieterssstation. بۆ ئێوارەکەی دوا خۆپیشاندانی یەکگرتن هەموو ڕێکخراو، حزب و گروپەکان. کات و شوێنی بەیەکگەیشتن: کاتژمێری١٩ لە(Zuid) لەلای پەرتوکخانە.

١٢/١٤ خۆپیشاندان لە بروکسل دژی لووتکەی یەکێتی ئۆروپا.

****

بانگەواز لە پێناوی مافی ئازادی ڕادەربڕین لە کاتی کۆبوونەوەی لوتکەکانی یەکێتی ئۆرووپی لە(Laken, Gent, Luettich)

سـەرۆك حكومەتـەكانی ئۆروپـا كۆبوونەوەكـەی (گويـتەبۆرگ)يـان وەك هەلـێك بەكارهێـنا، بـە دووبـەرگی بـاس لـە بزووتـنەوەی دژ بـە جـیهانگیری بكـەن وەك رەخـنەگری جـیهانگیری"بـاش"و رەخـنەگری جـیهانگیری"خـراپ"، بۆ ئەوەی بیانوبهێنن بۆ بەكارهێنانی فیشەكی ئاسنین لەلایەن پۆلیسەوە لە دژی موقاوەمەتكەران.

لـە جێنوا، بەهۆی ئاگرخۆشكرنەوەی زەبروزەنگ لەلایەن توندرەوی پۆلیسەوە، یەكێك بوو بە قوربـانی و سـەدان كەسـی ئاشـیتخواز و رۆژنامـەنووس كەوتـنە بـەر تـیرۆر و ئەشـكەنجەدانی پۆلـیس. ریفەرەندومەكـەی ئیرلـەندا و خۆپیشـاندانە جەماوەریـیەكان پێشـانیاندا، لـە هـەر دەولەتێك یەكێتی ئۆروپا هەڵنەبژێردرێت، دەبێ لەوێ سەرلەنوێ هەڵبژاردن بكرێت. بەگشتی دەسـەلاتداران هـەوڵ دەدەن لـە پێـناوی جێـبەجێ كـردنی پـرۆژەی" یەكێـتی ئۆروپـا" ئـەم بزووتـنەوەیە بەوپـەڕی توندڕەویـیەوە بچەوسـێننەوە. ئەوانـەی لـە دژی رادەوەسـتن وەك تاوانـبار، هولیگنس ناونووسی بكەن، ناچاریان بكەن بێدەنگ بن و لە كۆتاییدا كەس لە دژیان پرۆتێسـت نـەكات. لە میدیاكانیان رێگری دەكەن بەدووردرێژی، گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆكی ئەم موقاوەمەتـە بكرێـت، نایانـەوێ دانیشـتوان درگ بـەوە بكـەن، كـە ئـەم پرۆتێسـتانە لـە دژی نادیموكراتـیـیەتی پـرۆژەی یەكێـتی ئۆروپایە، كە زۆرینەی بەشداربووان لەدژی ئەم پرۆژەیەی كۆنزێرنە ترانسناسیونالەكال و بانقەكانن.

بـەناوی خـەبات لە دژی زەبروزەنگدا، سەرەتاییترین مافە دیموكراتێكان پێشێل دەكەن.... حكومـەتی بـەلژیكی دەبـێ بەگشـتی رێـز لـە مافی پرۆتێسكەران بگرێت، لەوانەیش كە لەسەر باسیسـی ئەنـتی كەپیتالـیزم، دامـەزراندنی یـەك دەولەتی ئۆرووپی دەخەنە ژێر پرسیارەوە...
ئێمە لەبەر ئەم هۆیانە داوا دەكەین:

١/ رێزبنـێن لە مافە سەرەتایەكانی بیروڕا دەربڕین، بەتایبەتی مافی خۆپیشاندان، رێكخستنی شوین و جێكای حەوانەوەو بەیاننامە بلاْوكردنەوە.

٢/ قەدەغەكـردنی پارێـزەرانی دەستور لە جاسوسی كردنی بەسەر ئەو رێكخراوانە كە لە دژی پـرۆژەی یەكێـتی ئۆروپا پرۆتێست دەكەن، چونكە ئەو جۆرە ئیجرایانە، دەستتێوەردانە لە یاسا بنچینەكانە كە گارانتی مافی كۆبوونەوە دەدك.

٣/ قەدەغەكـردنی ئـیجرای دەسـتگیركردن لەژێـر بـیانوی خۆپارسـتن، حجزكـردنی كەسـە ئەكتـیڤەكان لـە نـاو مـالّی خۆیان و رێگاگرتن لەمافی هاتنی شاندە ئینترناسیونالەكان بۆ ناو بەلژیكا.

٤/ ئـێمه موقاومـەت بەكاردەهێـنین لـە دژی بەكارهێنانی یاساكانی دژ بە تاوانكاری رێكخراو و ڤەندالیزمەكانی یـاری تۆپێن، یاسای خێرایی، ئارتیكەڵی ٣٢٤ و كتێبی یاسای سزادان لەسەر ئەكتسیونە سیاسییەكان.

ئەدرەسـی پـەیوەندی: Ivo FLACHET, Halvemaanstrasse7, 9040St. Amandsberg

دەتوانن وەك رێكخراو یا كەس پشتیوانی خۆتان لەم داواكاریانە بۆ ئەم ئەدرەسەی خوارەوە بنێرن:

ئەدرەسی ئیلكترۆنی:ivo.flachet@freebel.net

٢٠٠١/٨/١٦

## له نان برین و دەسگیرکردنی رۆژنامەنووسان بێدەنگ نابین!

## له جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ :

## هەموو کەسێك مافی ئازادی بیروڕا دەربڕینی هەیە.

من هەرچەند کاك مەریوان مەسعود(رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ) و هاشم زێباری(پەیامنێری هەفتەنامەی هاولاٚتی له دهۆك) ناناسم، بەلاٚم دەرکردنی یەکەمیان له سەر کارەکەی بە هۆی نووسینی ووتارێك که مرۆڤ تەنانەت ناتوانێت ناوی لیٚ بنێت ووتارێکی رەخنەگرانه و دەسگیرکردنی دووهەمیان پێش نزیکەی مانگێك که تا ئێستا هۆکەیشی روون نیە، شوێنی نارەزایی و مەحکومکردنە. لێرەدا داوا دەکەم له بەرپرسیارانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای لێبوردن له کاك مەسعود بکەن و بەزووترین کات بۆ شوێنی کارەکەی بیگەرێننەوە. هەروا داوایش له بەرپرسیارانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم هاشم زێباری ئازاد بکەن.

من باش دەزانم کە بەرپرسیارانی هەفتەنامەی هاولاٚتی بەخۆیان، دوور لە پرنسیپی رۆژنامەیەکی ئەهلی، سانسور له دژی هەندیٚ نووسەری بەناوبانگ و بەرێزی کوردستان بەکار دەهێنن، بەلاٚم تێپەربوونی ۱۰ساڵ بەسەر کۆتایی پێهاتنی دەسەلاٚتی دیکتاتۆری فاشیستی عیراق له کوردستان و دەستپێکردنی ئەزموونی مافی ئازادی رادەربرین لەسەر ئاستی مێژوو کەمه بۆ بەراستی پەیرەوکردنی ئەم پرنسیپە!! ئێمە هێشتا له پرۆسێسی فێربوونی ئەلفوبێی ئازادی و رێزلێنان له بۆچوونی یەکترین یا له هەولٚی دوورەپەرێزی له رەوشتی نزم بۆ سووککردنی شەخسی. هەروا بە نیسبەت برایانی پارتییەوە، ئەمه یەکەم جار نیه مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین زەدە دەکەن، پێش ساڵێك گۆڤاری(نویٚ) که له دەڤەری سۆران دەردەچوو، داخست. برایانی(کوردستانی نویٚ)ش تەنانەت(لاپەرەی ئازاد) دادەخەن بەرووی هەندیٚ نووسەر( هەرچەند ئەو نووسەرانه پەکیان نەکەوتووە!!)، واتە دەبیٚ بەعورفی مافی ئازادی

مـرۆڤ لـە رادەربـڕین، لاپەڕەیـەك بـەناوی" لاپــەڕەی نووســینە یاســاغەكان" یــا" لاپــەڕەی نووسەرانی لیستی ڕەش" بكەنەوە ! !

ئـێوە، هـەر كامـتان بـن، پـڕۆژەی دەسـەڵات و گەلـێكی ژێردەسـتەن، لـە قۆناغـێكی ترسناك پـێكهاتوون و دەبـێ بـزانن كە بەرپرسیارییەكی مێژووی گەورەو تایبەتتان لەسەرە، هەرچەند بە وەریاییەوە لەگەڵ ئەم بارووددۆخە مامەڵە بكەن هێشتا كەمە.

لەم سووچەنیگایەوە بەپێویستی دەزانم، هەر لایەن و گروپ و كەسێك بە گوێرەی توانا هەوڵ بـدات، دوا ڕەگـی بـیری كۆنترۆڵكـردن، سانسـوور، ڕێزلێنەنان لە خاوەن هزری تر لەناوبەن و بەڕاستی زەمینە خۆشبكەن بۆ دیالۆك ! !

ئازاد بێت بیرو قەڵەم!

٢٠٠١/٨/٧

نوسخەیەك بۆ:

- ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ
- ڕۆژنامەی برایەتی و گوڵان
- هەفتەنامەی هاوڵاتی
- ماڵپەڕی ئازاد

# گەڕان بۆ هەنگاوێکی تری ئاشتی!

بە هۆی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی، تا ئێستا سێ جار ژمارەیەکی لەبەرچاو لە ئاوارەکان بۆ ناو ماڵ و سەر ئیشەکانیان گەڕانەوە. پەیتا پەیتاش وا خەریکن پرۆسەی گەرانەوەی ئاوارەکان بەرەو پێش دەبەن. ئەم رێککەوتنە دەسکەوتێکی زۆر گەورەبوو: بە رێگای دیالۆك و تێگەیشتن لە پێداویستی ئاساییکردنەوەی باری کوردستان سەریهەڵهێنا وبوو بەمایەی خۆشحاڵی هەموومان.

ئەم سەرکەوتنە وایکرد، یەکێتی و پارتی گفتوگۆ لەسەر گرفتەکانی تریش بکەن وەك: کرنەوەی بارەگای حزبەکانیان، ئازادی زیندانییەکان، کەمکردنەوەی هێزی چەکدار لەناوچە سنوورێکانی نێوانیان، گفتوگۆ لەبارەی ئەوانەی تا ئێستا بێسەر وشوێنن، داهات وچۆنێتی رێککەوتن لەسەر مەسەلەی پەرلەمان و رەنگە لەبارەی چەندین گرفتی تریش!!

گەڕان بەدوای چارەسەری یەکجارەکی لەم ماوە کورتەدا بووە بە هۆی:

١/ دوورکەوتنە لە تێڕوانینی واقعبیانە بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسێسەکە.

٢/ ئەوەندەی تر ئاشتبوونەوە بەشێوەیەکی سەلبی دوور دەخاتەوەو بەهیچ شێوەیەك خزمەتی پێناکات.

٣/ لەسەر ئاستی جەماوەر، سەرلەنوێ ڕاڕایی، مقۆمقۆ، مەترسی راگرتنی گفتوگۆگانی هێناوەتە ئاراوە!

ئێستا باسی کۆنتراپرۆکتیڤی هەوڵەکان دەکرێت"ئەرێ ئاشتی گەیشتە کوێ ... فلانە تەرەف نایەوێت رێکبکەوێت... کۆبوونەوەکان بووە بە گفتوگۆی گەرەکان...باسی مەسەلە جەوهەرێکان ناکەن... دڵساردبوونەوەی پێشوەخت لە کۆبوونەوەکان.... هتد

نە هەردوو حزب بەراستگۆیی تەماشای بارودۆخی خۆیان دەکەن و نەیش ئەوانەی پەلەپەلی ڕێککەوتنی یەکجارەکین لەسەر ڕاستن. لێرەدا بۆ چەندین جاری تر بەهەموو لایەك دەڵێم: سەرکردایەتی هەردوو حزب سەرلەنوێ کەوتنە هەڵەی میتۆدی چارەسەری گشتی. ئێوە دەبوایە پاش ڕێککەوتن لەسەر مەسەلەی ئاوارەکان پشوویەك بدەن! زۆر کارێکی زیرەکانەتان دەکرد، ئەگەر باش بەئەنجام گەیاندنی ئەو خاڵە(وا بزانم هێشتا ئاوارەیەکی زۆر ماوە)، تەنها باسی کردنەوەی بیڕۆی ڕاگەیاندن و هەنگاوی جێبەجێکردنی ئەم خاڵەتان بدابا. بەڵام ئەڵێی چی، ئێوە سواری ملی خۆتان بوون وناتانەوێت گوێ لەکەس بگرن، بۆیە دەبینین کورت دەهێنن و گلەیی و ڕەخنەی بەجێ و بێ جێ بۆ خۆتان دەهێنن و بەراستی ڕاستێکان گاڵتەتان پێدەکەن! هەرچەند پێتان دەوترێت: برا"ڕەحمان پەلەپەلی کرد، چاوی خۆیی دەرکرد! ... بە ...، نابن بە کوڕێ! ...خێرا مەهاژو، مەرگ خێراترە... باوکە پەلە مەکە، ئێمە چاوەڕوانتین....کەم خۆر بە، دایم خۆر بە....

من دڵنیام لەوەی کە هەردوو لایەنتان ئاشتیان دەوێت، دڵنیاشم لەوەی کە دەتوانن ناکۆکێکانیشتان چارەسەر بکەن، بەڵام چونکە ئەوەندە ئاسان نین، بەپەلەی هەورە تریشقە و خەیاڵ پلاوی چارەسەر ناکرێن. ئێستا ئێوە تەنها پێویستیتان بەکۆبوونەوەی چونێتی کۆتایی پێهێنان بە مەسەلەی ئاوارەکانە! ئەگەر"هەر بەجارێك خواتان بۆ ئاشتبوونەوە نەماوە"ئەوا تەنها هەنگاوی کردنەوەی بیڕۆی ڕاگەیاندنەکانتان بنێن، ئەمجار قۆڵ بنێن بە قۆڵی یەکتر وبڕۆن لە دوورکەکانی کەناری مانگێك ئورلاوب بکەن! دەڵێن دوورگەی تەنەرفە زۆر خۆشە! کە گەڕانەوە، ئەمجار هەنگاوێکی تری ئاشتی بنێن!

ماوە بڵێم: سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، خۆزگا ئەوەند بەسەختی توشی "نەخۆشەی چەپڕەوی منداڵانە" نەدەبوون....!!

٢٠٠١/٨/٣

**بۆچوونێك!**

## لەپێناوی ئۆروپا و جیهانێك بەبێ راسیزم،

## چەکسازی و چەوسانەوە

## بە هەموو جۆرەکانی!

بۆ:

- کەسایەتی، حزب و رێکخراوی ئاشتیخواز، شیوعی، مارکسیست، چەپ و پێشکەوتوخوازەکان لە کوردستان
- رۆشنبیران، هونەرمەندان، زانایان
- رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ
- – رێکخراوەکانی پەنابەرانی کوردستان و عیراق
- بنکە کلتوری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتیکانی کوردستان لە دەرەوە
- – ماڵپەرە کوردیەکان

لە ١٤و١٥/١٢/٢٠٠١ لە(Laken) نزیك برۆکسل کۆبوونەوەی وەڵاتە ئۆروپیەکان دەکرێت. پاش لوتکەی جێنوا(ئیتالیا)، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی ئەندازیارەکانی دەسەڵاتی پیشەسازی چەك و مۆدێرنکردنی، بازرگانەکانی بەکۆمەڵکوشتن، دیپۆرتکردنی پەنابەران(لە هۆڵەند، بریتانیا، نەرویژ، سوید هەرەشەی دیپۆرتکردن دەکەن لە پەنابەرە کوردەکان)، زەوتکردنی ئافرەتان، پۆرنۆگرافی و گەشتی سێکسی، بێکاری و هەژارکردنی ملیونان مرۆڤ– نیوەی

مرۆڤایەتی دەبێ ڕۆژێك بە دوو دۆلار بژێ(دەكاتە ١٦دینار لە كوردستان)-، قەڵاچۆكردنی كەرتی خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەكان، میدیای درۆ و نیوە ڕاستییەكان، قازانجی سەرمایەداری و كۆلۆنیالەكانە.

ڕۆژانە نەك تەنها هەر یەكێك لە ئێمە بە شێوەیەك ڕووبەڕووی سیاسەتی دژە ئینسانی ئەم دەسەلاتدارانە و سیستێمەكەیان دەبینەوەو بە گیان و ڕۆحمان هەستی پێدەكەین ولە ژێریدا دەناڵێنین، بەڵكو گەلەكەشمان ڕووبەڕووی حەسار، مەترسی لە جینۆساید، بێكاری، لانەوازی، زەوتكردنی مافە سەرەتاییەكەمان لە سەربەخۆیی بۆتەوە و بەهیچ شێوەیەك ئاسۆی چارەسەری پاشماوە دڕندایەتێكەشیان دیار نیە.

با ئێمەش دەنگمان لە گەڵ دەنگی كۆمونیست، چەپ، هیومانیست و ئاشتیخوازو سەرجەمی چەوساوەكانی گەلانی ئۆروپاو جیهان و زەرەرلێكەوتوكانی سیاسەتی نیولیبرالیزم یەكبخەین، چیتر لەپەراوێزی ئەم موقاوەمەتە جیهانییە وەك تەماشاكەر ڕانەوەستین، پێكەوە خەبات بكەین لە پێناوی ئەوەی: هەڕشەكردن و زەبر بەكارهێنانی جۆراوجۆر بۆ دیپۆرتكرنی پەنابەران بەكارنەهێنرێت، زیندانەكانی دیپۆرتاتسیون داخرێن و دان بنێن بەمافی پەنابەران. وەڵاتەكانی ئۆروپا بەراست لە دژی ڕاسیزم و ڕێكخراوە فاشیستەكان هەنگاو بنێن، نەك ڕۆلی هێزی ئاگركوژانەوە ببینن!

- ئۆپیراتسیونی ئەنفال بە جینۆساید لە دژی گەلی كوردستان بناسرێت. كۆمپانییە كیمیاوێكان وەك دەستی ڕاستی تاوانباری كۆمەڵكوژی دادگایی بكرێن. ئەمانەو حكومەتەكانیان قەرەبووی زیانەكانمان بكەن.

- مافە دیموكراتییە سەرەتاییەكانی گەلان جێبەجێ بكرێت.

- حەسار لە دژی گەلانی عیراق لابرێت و پێكەوە لە پێناوی ڕوخاندنی فاشستی حاكم لە
خەبات بكەین.

- مروڤ و گەشەسەندنی هەمەلایەنەی، ببێت بەناوەندی هەموو پلان و پرۆژەکان.
- پیشەسازی چەك، پاکتە ملیتاربستەکان و گشت پەدیدەیەکی ملیتاریستانە بنبڕبکرێت.

– کار و بیمە کۆمەلآیەتێکان بۆ هەموو کەسێك مسۆگەر بکرێت.

با بە رێگای ئاشتیخوازانە، سەرپێچی تسیڤیلانە، هیومانیست یا ملیتانت، پێکەوە لەیەك بەرەدا دژی دەسەلآتی سەرمایەدانی جیهان، ئیدۆلۆژی و نەوکەرەکانیان(حکومەتەکانیان) خەبات دەکەین!

دەسەلاتدارەکانی جیهان دوو شت دەزانن: درۆ و زەبروزەنگ بە کارهێنان، بە هەردووکیان هەولّدەدەن ناکۆکی بهێننە ناومان، بۆیە ئێمەیش بەچەکی یەکێتی کرێکاران، بێکاران، پەنابەران و هەژاران رووبەروویان دەبینەوە. ئەمەیە هێزی ئێمە!

پێشنیار دەکەم:

أ/ رۆژێك دیاریبکرێت بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی( لە کۆتایی یەکەم کۆتایی هەفتەی مانگی ٩ )

ب/ لەبەر توندبوونی هەرەشەی دیپۆرتکردن لە دژی پەنابەران لە هۆلّەندا(لەوەلآتەکانی تری ئۆروپایش) ونزیکی لە بەلژیکا، وا باشە کۆبوونەوەکەیش هەر لەوێ بکرێت.

ج/ هەر حزب و کەسێك بیەوێت لەم ئەکتسیونە بەشداری بکات، تکایە ئەدرەسی ئەلکترۆنی یا فاکس

و تەلەفۆنەکەی بۆ ئەم ئەدرەسەی خوارەوە بنێرێت.

تکایە بۆچوون، پێشنیارو رەخنەکانتان بنێرن بۆ: baukiprawda@aol.com یا

فاکس/تەلەفۆنی: 0049(0)551 5314082

سەرمایەدارانی جیهانی و ئینستیتسیونە جیهانێکانی دڕندە و تاوانبارن

رێگەیان لێبگرە!

بەرەو موقاوەمەت!

# هەر ئێستا و ئەمڕۆ: زانست بۆ هەموو کەسێك! دەرگای زانکۆکان بخرێنە سەر پشت!

(١)

کرێکارەکان بەزەبر لەسەر کار دەردەکرێن یا مەرجی ناڕەوا دەنێنە پێشیان، ناچاریان دەکەن کارەکانیان بەجێ بهێڵن و پاشان ناویان لێدەنێن:بێکار...تەمەڵ!

جوتیارەکان پاش ئەو هەموو خزمەتکردن و قوربانی و ئەنفال و مەرگەساتە(کەس نەما خزمەتی نەکەن!!) لە دێهاتەکاندا تا رادەیەکی زۆر بەبێ هیچ بنکەیەکی خزمەتگوزاری، یا زەمینە خۆشکردنێك بۆ گەشەسەندنی زانیاریانە پشتگوێ خراون و پێیان دەڵێن: لادێی، نەزان، دواکەوتوو... هتد

بەهەمان لۆژیك، زانست لە زۆربەی گەلی کوردستان– کرێکاران و جوتیاران و بێکاران(بەتایبەتی لە ئافرەتان) – بەزەبر زەوتکراوە، بەسەخترین شێوە باری ژیانیان سەخت کراوە و پاشان عومەر شێخ موس وهەندێ کەسانی تری"زانا" لێمان قوتدەبنەوەو پێمان دەڵێن:کورد دواکەوتووە، سواڵکەرە!!

(٢)

لـە سالآنی حەفتاکاندا، یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان روویان دەکردە لادێکان و شانۆ و ئاهەنگیان بۆ جوتیارەکان پێشکەش دەکرد، لە درەوکردن یارمەتیان دەدان. لەوەتی خـەباتی چـەکداری هەیـە کـادری هـەموو حزبەکان کۆبونەوەی سیاسیان بۆ جەکاوەر دەگێڕا. لەشـارەکاندا نووسـەران و بەرپرسـیارانی حزبەکان کۆڕو سمینار دەربارەی چیرۆك، هۆنراوە و بابەتـە سیاسییەکان رێکدەخـەن. لـێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە تاقیکردنەوەیەکی تێروتەسەل لەبەردەستدایە بۆ گەیاندنی زانیاری و ئینفۆرماتسیون بە جەماوەر.

(٣)

A/کـەس نیـیە لە گۆڕەپانی کوردستان و هەندەران خۆی بە پەرۆش و دڵسۆز نەزانێت بۆ گەلی کوردستان، هەڵبەت هەر کەسێك و تاقم و حزبێك بەپێی بۆچوونی خۆی !!

B/ بارودۆخی زانست لە ئاستی جیهان گەیشتووەتە رادەیەك کە هەموو دەنگێکی پێشکەوتو و نوێخـواز لـە کوردسـتان دەبـێ بـەبێ بیانوهێـنانەوە و دواکـەوتن دەسبەجێ ئامادەیی خۆی پێشـانبدات بـۆ بەشـداریکردن لـە پـرۆژەی گەشەسـەندنی ئاسـتی رۆشـنبیری هەمـە لایەنـەی دانیشتوانی کوردستان.

C/ مامۆسـتایان و قوتابـیانی زانکـۆ و ئینسـتیتوتە بەرزەکان دەتوانن کۆبوونەوەی گشتی رێکـبخەن بـۆ گەیاندنی بوارەکانیان(زانستی پەروەردەیی، گشتوکاڵی، پیشەسازی، دەروونی، پزیشکی، مێژوو، و لەبارەی کۆمپیوتەر، هونەر هتد... ) لە ئاستی تیئۆری و پراکسیسەوە بە جەماوەر.

D/ زانکـۆ و ئینسـتیتوتەکان کانگای زانستن. بۆچی دەرگاکانیان بەرووی زۆربەی دانیشتوان بەداخـراوەیی بمێنێتەوە؟بەداخسـتنەوە مانەوەیان بە رووی زۆربە چ سوودێك دەبەخشێنێت؟ چـەندین کـەس هـەن ئۆمـێد دەخـوازن ببن بە قوتابی و لە سمینارەکان بەشداری بکەن؟- لە ئەلمانـیا (و رەنگـە لـە زۆربەی وڵاتەکانی دنیا) بێ گوێدان بەتەمەن،لەزۆر بواری زانکۆ پیاوان وئافـرەتان لـەلانی کەمـەوە بۆیـان هەیە وەك گوێگر بەشداری لە سمینارەکان بکەن- خەڵکی کوردستان چی لە گەلانی تری دنیا کەمترە؟؟
کـرێکاران، جوتـیاران، مامۆسـتایان ، قوتابـیان، رۆشـنبیرانی پێشـکەوتن وژیـانی شایسـتە بە مـرۆڤ، ئەوانـەی وا شـەوو رۆژ پەرۆشـیتان بـۆ خەڵك دووبارە دەکەنەوە، بەشداری لە شۆرشی گەشەسـەندنی ئاسـتی رۆشـنبیری جـەماوەر بکـەن! زەمیـنە خۆشـبکەین بـۆ هـەنکاوە

سـەرەتايەكانى لەناوبـردنى جـياوازى لـە نـێوان شار و لادێ!! بەشدارى لە رۆشنبيرى خۆمان بكەين!

لەبـەر ئـەم هۆيانـە: دەرگـاى زانكۆيـەكان بۆ هەر خوازيارێكى زانست و فێربوون، بخرێنە سەر پشت!!

لـە جـياتى دروشـم بەرزكـردنەوە و بەخۆهـەڵدان، بەكـردەوە قۆڵهـەڵمالين بـۆ فێربوون!

٢٠٠١/٨/١٢

## کێشەی قەڵەم و هزر،
## بە قەڵەم و هزر چارەسەر بکەن!

لەبارەی داخستنی نووسینگەی(بۆ پێشەوە)و دەسگیرکردنی ٦کەس لە ئەندامانی (ح.ك.ك.ع) لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، ماڵپەڕی کوردستانپۆست پەیوەندی بە لێپرسیارێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات. ئەم لێپرسیارە رایدەگەیەنێت:" ... ئەمانە(حککع) حزبێکن کە خواستیان لە گەڵ خواستی میللەتی کوردا کۆك نین، بەهۆی ئەو سەربەستییەی ئێستا بە رۆژنامەو میدیاکان دراوە، دەرفەتی ئەوەیان هێناوە، گەلێك کار و پروپاگەندەی نەشیاو دژی ئاسایش و حکومەتی هەریم بکەن".

ئەمەیە نموونەی عوزەرهێنانێك کە لە تاوان قەباحەتترە!

برای بەریز، لێرەدا چەند پرسیارێك ئاراستەی جەنابتان دەکەم: دەتوانن بڵێن:

- خواستی تورکیا لە گەڵ خواستی میللەتی کورد کۆکە؟
- خواستی مەلاکانی ئێران لە گەڵ خواستی میللەتی کورد کۆکە؟
- خواستی فاشیستەکانی بەغدا لە گەڵ خواستی میللەتی کورد کۆکە؟
- خواستی ئیسلامێکان لە گەڵ خواستی میللەتی کورد کۆکە؟ لیستەکە دوور و درێژە....

ئێوە پەیوەندیتان هەیە بەمانەوە، رێپێدان یا بێدەنگی بەرامبەر بە تاوانی حزب و گروپی سەربەوان دەکەن، تەنانەت بەرامبەر بە شێوە چەکدارێکەشیان. ئێوە رێ بە پروپاگەندەی ئەنفالچێکان دەدەن( رۆژنامەی ئەلسەورە، ئەلجمهوریە،...هتد) بەئازادی بفرۆشرێن، کەچی ئەوە بۆ چەندین جارە هێرشی جۆراوجۆر بەسەر ئەم حزبە دەکەن: کوشتن، زیندانیکردن، راونان و داخستنی دامودەزگاکانیان، وەك بلێی(حککع) هێزێکە هەرەشە لە دەسەڵاتی ئێوە دەکات! ئێوە خۆتان لە چەندین ووتار، دووپاتی ئەوەتان دەکرد، کەئەم حزبە زۆر بچکۆلەیە،

کەچی ئەوە چەند ساڵێکە هەر خەریکی سیاسەتی چەوسانەوەی مافی ئازادی رادەربڕینی ئەم حزبەن!!

ئەمە چەندی بە چەندە؟!

ئەگەر هۆی بەهێزترتان بەدەستەوە هەیە، ئەوا ئەو هۆیانە رابگەیەنن، نەك هۆهێنانی بێ سەروبەر وەك راگەیاندنەکەی ئەم بەرپرسیارە. لەلایەکی ترەوە، چ پێویست دەکات، هێزی ئاسایش بە چەکەوە، بۆ سەر دەزگایەکی نووسین و راگەیاندن بنێرن؟

ئەم پرسیارە بۆیە دەکەم، چونکە چەندین کادری سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی و کادری ناوەندی هاووەڵاتی سوید، بریتانیا، فەرەنسا، ئەمریکا و ئەڵمانیاینین...هتد، هەزاران ئەندامتان هەیە لە دەرەوەی وەڵات دەژین، هەمووشتان دەبینن و دەزانن، لێرە ئەگەر کەسێك سەرپێچییەکی هاتوچۆیی یا هەر سەرپێچییەکی یاسایی تر بکات( باسی تیرۆری دەوڵەتی ناکەم لە دژی خەباتگێڕە ئەنتی فاشیستەکان یا بزووتنەوەی ئەنتی ئەتۆم...هتد لەکاتی خۆپیشاندان و سەرپێچی تسیڤیلانە و چۆن پۆلیس بەدڕندەیی رەفتار دەکەن)، پۆلیس زۆر بەرێزەوە، بە رێگای پۆستەوە نامەیەك بۆ کەسەکە دەنێرن، تێدا ژمارە یا بەندی یاسایی سەرپێچکردنەکە دەنووسن. کەسەکەیش، بۆی هەیە بەخۆی یا بەرێگای پارێزەرەوە دیفاع لە خۆی بکات. ئایا ئەمە سەختە؟ ئێوە بۆچی وا ناکەن؟ یا ئێوەیش"خوا نەخواستا"وەك هەندێ کەس دەڵێن"شتی وا لە کوردستان ناکرێت" وەك بڵێی ئێمە دڕندەبین!

ئێوەش دەتوانن بەم شێوەیە رەفتار بکەن! دەبێ کۆتایی بهێنن بە شێوەی مامەڵەکردنی تۆقاندن و ملیتاریستانە. کارێك بە رێگای پۆستچییەوە ئەنجام بدرێت، مەیدەین بە دەستی هێزی ئاسایشی چەکدار!

تکایە کۆتایی بهێنن بە دۆسییەی راونانی ئەم حزبە و رێگایان پێبدەن، بۆچوونی خۆیان بە ئازادانە دەربڕن. دەسەڵاتێك پەرۆشی کەشوهەوای دیموکراتی بێت، دەبێ رەخنەو بۆچوون(هەندێ جاریش زیاررۆیی) هەندێ لایەنی پێ قووتبدرێت.

ئازادی بۆ زیندانییەکانی حککع و رۆژنامەی بۆ پێشەوە.

٢٠٠١/٧/٥

# مەرگی دەریا، یا...؟

(١)

لە رابردوودا، بە ئەڤینەکەم دەوت "چاوت دەریایە" ومنیش لەناویدا مەلەوانی دەکەم! دەریا بە ژیانمان دەشوبهاند، شەپۆلەکانی بە بەرگری، بە هیوا و ئومید، شەپۆلی نۆهەمی بە شۆرشی چەوساوەکان.... ئاسمان وێنەی دەریایە، بۆیەش کراوە بە وێنەو بەشێکی بایەخدار لە ئالآی ئاشتیخوازان.....

من ئێستا لە پاپۆرێکدام لەناو دەریای سپی، لە سوچێکی پاپۆرەکەدا بەتەنهایی رووبەرووی ئەم ئەفسانە دەگمەن و پانتاییە مەزن و بێ پەی نەهاتە دانیشتووم، هەرچەند دەروانم، تەنها دەریایە و دەریا، لە دوورەوە تێکەڵ بە ئاسمان دەبێت و لەیەك جوێ نابنەوە. لەپرێکدا، لە چرکەیەکی چاوەروان نەکراودا، دەریا مەزنی و پانتایی خۆی لەبەرچاومدا لەدەستدا. دەنگێك هات، رەنگە دەنگی ناو ناخم بێت، نازانم. سوێند دەخۆم بە هەموو شتە پیرۆزو ناپیرۆزەکان، نازانم، هەر ئەوەندە دەزانم وتی: چەند مەزنە فرمێسکی مرۆڤ، چەند قوڵە واتاکەی!

لەم چرکەیەدا بێدەنگی بالآدەست بوو، تیژتر تەماشای دەریام کرد، دەبینم بووە بە گۆرستان

وشەپۆلەکانی پاشماوەی لاشە، کراس و پانتۆلی پەنابەرە نەناسراوەکان هەڵگرتووە،

هەندێکیشیان خێرا بەرەو کنارەکانی بردووە، بەرەو کناری ئۆرووپای ئازادی ومافی مرۆڤ، وەك

بلّێی ویستبێتی، بەلّگەیەکی تر بخاتە سەر خەرمانی بەلّگەکانی تاوانباری و تیرۆیستیان!

خۆشەویستە نەناسراوەکانم من بەتەنهاو لەناو تەنهاییدا پرسەتان بۆ دەگێڕم...

گوێتان لەنالّەو شیوەنە!

ئەوە چی روویداوە؟

داوای لێبوردن دەکەم.... شتێك روویدا......

پرسیارێکی نبتۆن!

کاتێ مرۆڤێکی ئاسایی وەك خۆم، پرسیارم لێدەکات: خەلّکی چ وەلاّتێکی، لە وەلاّمدا دەلّێم: کوردستان. زۆر جار باسێکی دوور و درێژ دەست پێدەکات. جاران لە وەلاّمی هەمان پرسیار لەلایەن فەرمانبەرانی ئەلّمانەوە، دەمووت: کوردستانی عیراق، بەواتا رەسمیەکەی، عیراق! ئێستا لە کۆنترۆلّی وەلاّتەکان یا لەبەردەم فەرمانبەرانی ئەلمان، لەبەر ئەوەی ناسنامەی و پاسپۆرتی ئەلمانیم پێیە، دەبێ بلّێم: ئەلمانیا! بەم زوانە یەکێتی ئۆرووپا یاسایی دەبێت، لەوانەیە دەبێ بلّێم: خەلّکی ئۆرووپا!

ئەم جارەیان نبتۆن، چاش هەموو ئازارو و پرسەباریم، هەمان پرسیاری لێکردم. سەیرم لێهات، من وام دەزانی نبتۆن گوێ بە پرسیارێکی وا نادات، بەلاّم کاتێك لە پاپۆڕەکە بینیم چۆن لەسەر نەخشەیەکدا دەریایان لەتلەتکردووە، دەیان رێگا و بانیان و سنووریان لە سەری درووستکردووە، ئەوجا لە هۆی پرسیارەکەی تێگەیشتم!

لەم کاتەدا، من لە دنیایەکی تر بووم، وەلاّمێکی دیاریکراو و بروا پێکراوم پێنەبوو، بۆیە پرسیارەکەم کرد بە پرسیارێك لە خۆی:

کام وەلاّت؟

- ئەوەی تێدا لە دایكبووم و بەناز گەورەبووم؟
- ئەوەی هەژاری، دەربەدەری و نامۆیی لە ناوچەوانمی نووسی؟
- ئەوەی تێدا ئازاردرام و ژینی لێ تاڵكردم؟
- ئەوەی لێی هەڵهاتم؟
- ئەوەی تێدا تێپەڕیم؟
- ئەوەی تێدام و ناسنامەكەیم هەلگرتووە؟
- ئەوەی بوونمی وەك مرۆڤ لێ زەوتكردم؟
- ئەوەی مێژوویەكی خوێناوی هەیە؟
- یا ئەو وەلاَتەی وا هێشتا لە دایك نەبووە؟

نبتۆن چاوەڕوانی وەلاَم بوو لە من، نەك ئەم پرسیارانە!

ڕەنگە ئەم بەرخوردەم جۆرێك بێت لە دووركەوتنەوە لە وەلاَمدان، ترس، لە ونبوون، لە گومان و ڕەنگە لە كاڵفامییەوە بێت، دووریش نیە، جۆرێك بێت لە ئازایەتی و ڕاستگۆیی!

ئەوەی هەناسەی سواركردم، ئەو ڕاستییەیە كە من گشت ئازادییەكم لێ زەوتكراوە لە ژیان بردنە سەر لەو شوێنەی خۆم بە ئازادی بڕیاری لەسەر بدەم، وام لێكراوە بڵێم من هاووەلاَتییەكی جیهانیم، دڵم لەلای كەس و كارە، لەلای منداڵەكانم، كیژ و كوڕانی هاوڕێم و برادەرە پەرتەواز و دوور خراوەكان؟!

لە كۆتاییدا وتم: من خەڵكی ئەم ئەستێرە سەوزەم و دەگەڕێم بۆ شوێنی ئەم ئەستێرەیە لەناو پانتایی ئەستێرەكانی تری ئەم گەردوونە بێ سەروبەرە!

- ئەی تۆ خەڵكی كوێی؟

٢٠٠١/٦/٦

# چەند زانیارییەکی نوێ دەربارەی دەریا!

(١)

لەوەتی ئەم بوونە هەیە، مرۆڤەکان دەڵێن: ڕەنگی دەریا شینە. منیش بەدوو چاوی سەوز و ساغەوە، هەرچەند هەوڵ دەدەم شیرەنگە شینەکەی ببینم، بەدەی ناکەم!
بە دڵنیاییەوە رایدەگەیەنم کەوا ڕەنگی دەریا ڕەشە!

(٢)

راستە من دەریاوان نیم و زمانی دەریا نازانم. ئەوە بۆ چارەکە سەدەیەکە ئەڤینەکەم بووە بە پەری سەرزەمین، هەر جارێك رۆژگاری دژوار بێتە پێش، پەژاری دامبگرێت، ئامادە دەبێت و دڵنەوایيم دەکات، بەڵام حەزم لێیە و دەمەویت ئەم جارەیان راستی پەری دەریا تاقی بکەمەوە. زۆربەی کات لە دەرەوەی کابینە، کافتریا و هۆڵی تەلەفزیونەکە بەسەر دەبەم، تەنانەت بۆ نووستنیش چوومە ناو کیسەی نووستنەکەوە و لە دەرەوە نووستم. چاوەڕوان ووم، چاوم پێبکەوێت، ئومیدی ئەوەم هەبوو بۆ لام سەربکەوێت. بەدەم ئەم چاوەڕوانییەوە، خەوم لێکەوت، کە بێداربوومەوە، بە زەییم بە ئەفسانەی پەری دەریا هات، ترسی ئەوەیشم لێ نیشت،( ژێر دەریاییەك – غواصەیەك)ی جەنگی وەڵاتە"شارستانییەکان" پاپۆڕەکەمان تەفروتونا بکات!

(٣)

کە دەریا گۆڕستانێکی ڕەنگ ڕەش بێت، چیم داوە لێی نزیك ببمەوە؟
ئەم پرسیارەم لەخۆم کرد، بۆیە دەستم خستە ناو گیرفانەکانم و پشتم تێکرد.
پاش چەند هەنگاوێك، چاوم بە کۆچبەری کورد، ئێرانی، ئەفریقایی و سیریلانکی کەوت. کۆمەڵ کۆمەڵ لە ژێر دارەکانی ئەودیو جادەکەی تەنیشت بەندەرەکە بەداماوی، بە یەك نیگا و یەك مەبەست و هەزاران خەیاڵی ڕەنگاورەنگ تەماشای پاپۆڕەکان و دەریاکەیان دەکرد.

لەم کاتەدا نووسینی ناسیاوێك بەبیر هاتەوە لە بارەی تابلۆی هونەرمەندێکی برادەرم. هونەرمەندەکە بە شێوەیەکی هارمۆنی و وەستایانە ڕەنگی جۆراوجۆری بەکارهێنابوو(ئۆروپا) و لەپشتییەوەش ڕووخسارێکی شکست و تێراماوی وای کێشابوو، کە هەزاران پرسیار لە تێڕوانینی بەدی دەکرێت(پەنابەر). بەڵام نووسەرەکە ئەمەی نووسیوو: "شاباش لەوەی بەو ڕەنگاوڕەنگییە تابلۆ دەکێشێ". وەك دەبینن برای نووسەر ئاماژەی بۆ ڕووخسارە شکستەکەی نەکردبوو و سسورنجیشی ڕانەکێشابوو. لەوەیش سەیرتر، هونەرمەندی برادەریشم وتەکەی وەك پێشەکی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ تابلۆی بڵاوکردبووەوە.
قسەکردن بایەخی لەدەست داوە. بەڕێگای خۆم ڕۆیشتم، هەڵویست و ڕەفتاری دۆستانەی یۆنانیەکان سەرمەستی کردم بە عیشقێکی زیاتر بۆ مرۆڤ و ژیان......

(٤)

دەریا بەهاژەکەی وەڵامی بێدەنگی منی دەدایەوە، تینم بۆ هات، منیش بێدەنگی خۆمم شکاند: لەو دیوی دەریا، مەوریسیوی هاوڕێم دەژێت. برادەر ماوی؟ یا شێرپەنجە تۆی لە ئێمە سەندەوە؟ هیوادارم سێزە ساڵ و شەش مانگ و سێ هەفتەی تر بژیت! هاوڕێ و برام، ئەم کاتەت شاد.......

(٥)

کەناریيەك لە ژێر چینکۆیەکی پاپۆڕەکە سەری دەرهێنا و سەر لەنوێ خۆیی حەشاردا. پێمواپێت، ئەمیش وەك من بێزار بوو لە دەریا، لە وانەیشە سەبری بڕابێت، پەلەپەلی گەیشتنی بوو....!
٢٠٠١/٣/١٠

# بۆچی شێتیان کوشت؟!

پێشکەش بە کاك ئەکرەم عەلی، هیوادارم...

کە فاشیستەکان، کۆمونیستەکانیان تیرۆرکرد، وتیان: ئەمانە نەوکەرن، بیری دەرەکی دەهێنن بۆ ناو وەلاتەکەمان، نەریتی باوباپیرمانمان دەشێوێنن، بێڕەوشتی بلاّودەکەنەوە!

کە ١٨٢هەزار کورد لە ئۆپیراتسیونی ئەنفال و هەڵەبجە لەناوبرد، وتیان: ئەمانە خائینن دەرهەق بە وەلاّت، دەیانەوێت وەلاّتەکەمان لەتلەت بکەن!

کە خەڵکی خانەقین و ولاّدێکانی بە زۆرەملی بۆ رومادی و ناسرییە گواستەوە، وتیان: ئەمانە جاسوسن!

کە جەنگ لە دژی ئێرانیان هەڵگیرساند، بەرق وقینەیەکەوە وتیان: ئەمانە"فورسی مەجوسن"، دەیانەوێت عیراق داگیربکەن، ئێمە بەرهەڵستی لە نیشتیمانەکەمان دەکەین!

کە ئەندامەکانی حزبی خۆیان تیرباران کرد، وتیان: ئەمانە لە رێبازی حزب لایانداوەو خەریکی رێکخستنی کودەتان!

کە کەس وکارم، وەك هەزاران خێزان، لە خانوقوڕەکەمان بەزۆر بۆ ئۆردوگای زۆرەملی(صمود) راپێچکرد، وتیان: کوڕەکەتان بووە بە پەنابەر!

کە کوێتیان داگیرکرد، وتیان: لە پێناوی یەکگرتنی وەلاّتی عەرەب!

کە تسیڤیلی ئیسرائیلیان بە راکێتی دوور هاوێژ بۆردومانکرد، وتیان: مەرگ بۆ دوژمنی ژمارە یەك! بروخێت جوو، جوو، بمرە! لە پێناوی رزگارکردنی فەلەستین!

کە جار لەدوای جار سەریان بۆ بڕیارەکانی لیژنەی چەك پشکنین دانواند، وتیان: بەهیمەتی خواو گەلی عیراقی نەمر سەرکەوتین!

کە بەزۆر و هەڕەشەکردن، خەڵکیان بۆ چەکهەڵگرتن راپێچکرد، وتیان: ئەمە ئەرکی نیشتمانییە و دەبێ هەموومان ببین بە پەرژینی بەرگری لە شۆڕش و دەسکەوتەکانی!

کە سەدان هەزار فەیلیان تالآنکرد، تەنها بەکراسی بەریانەوە بەرەو سنووری ئێران دیپۆرتکرد، کوڕە گەنجەکانیان لە کونجی زیندانە نهێنییەکان توندکرد، وتیان: ئەمانە فارسن، قەد لەگەڵ گەلی عەرەب پاك نابنەوە!

کە سێ ملیون مرۆڤیان ناچارکرد، لە سیستێمە(محتقر)ەکەیان ڕابکەن، وتیان: ئەمانە خوێڕین، ترسنۆکن، خائینن، دەبێ بە هەڵواسین سزایان بدەین!

کە نووسین و پەرتوکی پتر لە ١٠٠٠نووسەر و ڕۆژنامەنووس قەدەغەکرد، وتیان: ئەمانە خزمەتکاری دوژمنانن، ماسۆنین، خزمەتکەری سایونیزمن!

کە سۆزانەکانیان سەربڕی، وتیان: شەرەفی گەلی عەرەب دەپارێزین!

کە کرێکارەکانیان بە فەرمانەر ناونووسکرد، وتیان: بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی!

کەزوانی جمێنپێدەرانی سەدامیان بڕی، وتیان: ئەمانە جمێنیان داوە بە باوکی هەمیشەیی، سەرکردەی دەکمن، سوارچاك و ڕزگارکەری نەتەوەی عەرەب! ئەمانە سزای خۆیان وەرگرت!

کەدەستی بەرەنگاروەستاوەکانی جەنگیان بڕی، وتیان: ئەمانە بەتەواوەتی پیاو نین، ئافرەتن، بەدڕەوشتن!

ئادەمیزا دەتوانێت لەبارەی هەموو ئەمانە مشتومڕبکات: بەڵێ، فاشیستەکان بەم جۆرەن.

بەلآم شتێك تێنەگەیشتم و قەت لێی تێناگەم: بۆچی بە شریقەی ژەهراوی شێتەکانیان کوشت؟؟ بۆچی (عیدان)ەکەمانیان کوشت؟ شێتەکەی شاری خانەقین!

بۆچی ئۆپۆزیتسیون لەدژیدا پرۆتێستیان نەکرد یا هەواڵەکەیان بلآونەکردەوە؟

ئێوە- گرنگ نیە کێن ولە کوێ دەژێن-: ڕژێمی عیراق (عیدان)ی کوشت!

دەزانن ئەمە چ واتایەکی هەیە؟

من پێویستیم بە وەلآمی ئێوە نیە.چونکە هیچ ڕوونکردنەوەیەك، هیچ وشەیەك، هیچ هۆنراوەو ئاوازێك پێناکرێت ئەم کردارە وەسف بکات.

من تەنها بەبێدەنگی لەرزبۆبرینم دێت.

٢٠٠١/٦/١٤

# خوێندنەوەی وتەکەی سەددام لە ٧/٢٦
# دیسا "گفتوگۆ"و هەڕشەی( ئەبو عار و هزیمە)

لەیادی تێپەڕبوونی ٣٣ساڵ بەسەر کودەتا ڕەشەکەیان، درندەکەی بەغدا- ی.ن.ك و پ.د.ك لە ڕاگەیاندنەکەیاندا لە٧/٢٦(بڕوانە ك.ن لە٧/٢٨) نووسیوویانە: بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراق- سەرلەنوێ لە بەرچاوی جیهان خۆیی کرد بە گاڵتەجاڕی. لە"وتە مێژوویەکەیدا"وتی"ئەگەر قەناعەت لەلای کوردەکان پێگەیشت، و ئامادەییان ببێت- وەك گەلێك، نەك دوو گەل، یەك تیپ نەك دوو تیپ گفتوگۆ بکەین- بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك، ئەوا حکومەتەکەی بۆ ئەم جۆرە گفتوگۆیە ئامادەیە. هەروا لە قسەکانی:... ئەگەر ئەوانەی دەسەڵاتی ناوچەکەیان بەدەستەوەیە، دەستتێوەردانی بەغدا لە مێشکیاندا دوور بخەنەوە، ئەوا گەلی کوردستان ڕووبەڕووی خراپترین ئازار دەبێت.....تا پێمات بکرێت هەوڵ دەدەین بەکەمترین زەرەر بگەین بە چارەسەرێك". و لەدواییشدا بانگەوازی کوردانی باکور(باکوری عیراق) دەکات، دەرەکی و ئەوانەی بەجاسوس ناویان دەبات لە(شیمال) دەربکەن.

١/ بەڕاستی ئاسان نیە یەکێك لە وتەکانی سەددام تێبگات، ئەمەش لەبەر بلیمەتی نیە، بەڵکو لەبەر ناڕۆشنی، نەبوونی لۆژیك و تێکەڵ و پێکەڵکردنی بۆچوونەکانیەتی. کەسێك بانگەوازی چارەسەرکردنی گرفتێك بکات، چۆن لەهەمان بانگەوازەکەی، بیروڕای هەڕەشە ئامێزانە دەردەبڕێت؟ ئەم ناکۆکییە نیشانەی ناپاکی و گیانی ڕیڤانژیزمی ئەم مرۆڤکوژەیە.

٢/ دەسەڵاتەکەی بەچەکی(ئەجنەبی) بوو بەو دەسەڵاتە، ئەو هەموو تیرۆر، تاوان و کۆمەڵکوژییە لە ناوچەکە جێبەجێ بکات، لە کۆتایی شەڕی کوێتەوە تا ئێستا(ئەجنەبی) نەما ڕاستەوخۆ سەر بە هەموو کون وقوژبنێکی ناوچەی ژێر دەسەڵاتەکەی نەکەن. پەنا بۆ

ئەلمانـیای ژێـر دەسـەڵاتی کۆنزەرڤاتـیفەکان وئێـستا سۆسـیال دیموکـراتەکان دەبـات، لـە ئابلۆقـەی ئەمریکا و بریتانیا رزگاری بکەن. نوێنەرەکانی(ئەلهاشمی و تاریق عەزیز) بە شاندی ئەلمانـیایان وت: لـەم ئابلۆقەیـەدا تەنها ئێمە زەرەرمان نەکردووە، لەم دە ساڵەدا ئەلمانیاش ٦٠ملـیارد دۆلاری زەرەرکـردووە!!!(چـەکە سـتراتیژ و زۆر گـرنگەکانی لـە ئەلمانـیاوە بـۆی چووە)، کەچی نیشتیمانپەروەری بەسەر سەرکردایەتی دوو حزبە کوردستانییەکە دەفرۆشێت، داوایان لـێدەکات رێـنەدەن بـە"دەرەکـێکان"لـە وەڵاتەکەی بمێننەوە!! لێرەدا ئەمەمان زۆر بەباشـی بۆ روون و ئاشکرا دەبێت: ئەجنەبی بۆ سەدام تەنها ئەمریکی و ئەنگلیزە، ئەلمانی و ئیتالی بۆ نموونە بە دەرەکی نازانێت!!

٣/ بانگـەوازی گفـتوگۆ/هەڕەشـەکەی، بـەئامادەبوونی کوردە جاشەکان بوو. ئەوانیش لەسەر زاری بـەهاءئـەلدین فـەرەج (سـەرۆکی مەجلسـی تەشـریعی ناوچـەی کوردسـتانی دەسـەڵاتی ئەتۆنومی) داوای(پێویستی ریزبوون بۆ گەڕاندنەوەی کوردستان بۆ عیراق)ی کرد. ئەمە داوای گفتوگۆیە یـا هەڕەشـە؟. بـە شـێوەیەکی تـر پـێمان دەڵێـت: ئەگەر مەرجەکانم قبولّ نەکەن، هێرشێکی توندترتان بەسەر دەکەین.

٤/ سـەدام باسـی چارەسـەرێك دەکـات بەکـەمترین زەرەر؟!ئـەم وتەیـە هـیچ مانایەکی نیە،( گەرەلاوژێیە و بـەس!) کام چارەسەر و کام زەرەر؟ تاقە وشەیەك نادۆڕێنی لەسەر ناوەڕۆکی چارەسـەر. نایشـارمەوە لـە کـەس، بـەش بەحاڵی خۆم تێناگەم لەم دەربڕینە، کەس هەیە لە مەبەسـتی تێبـیگات؟ ئاشـتی تـەنها سـوودە، بـەڵام چونکە لەناخێکی پڕ رق و قینەوە تەنها پیلانگێڕی دەکـات و تاقـە مەبەسـتی یاریکـردنە بە جەنگ و کوشتن، بۆیە باسی چارەسەرێك دەکات بە کەمترین زەرەر! ئەگەر سەددام بەراست نیازی ئاشتی بێت- مومکن نیە هەیبێت، ئەمـە پـەرادۆکسـە- ئـەوا پێشـتر چـەند زیندانیـیەکی ئـازاد دەکرد، هـیچ نەبێت بۆ ماوەیەك تەعریبی کەرکوك، خانەقین، شەنگار، مەخمور، مەندلی و زماری رادەگرت، پێشنیارێکی روونی دەکـرد، داوای لێبوردنـێکی دەکـرد بـۆ جینۆسادەکەی...هتد. نەخێر ئەم فاشیستە رێك پێش ئـەم قسـە بێسـەرو شـوێنانەی، هـێزێکی٠٠٠ ١٠ کەسـی بۆ کوردستان رێکخست و ئاژانسەکانی کوردسـتان و جـیهان باسـی هێرشـکردن بـۆ سـەر کوردسـتانیان کرد.سەدام لە پراکسیسدا بۆ فرسەتێکی گونجاوتر دەگەرێ بۆ هێرشبردن و تۆڵەسەندن، نەك بۆ گفتوگۆ. دەبێ لەبیریشمان نەچێت، ئەم سیاسەتە لە کاتی سەرنەکەوتنی"سزا زیرەکەکەی"ئەمریکا و بەریتانیا هاتووەتە کایەوەو وە.

من وای بۆ دەچم کە ئەو چەند دەربڕینەی سەددام تەنها دیماگۆکییەکی روون و ئاشکران، بەم رێگایەوە دەیەوێت:

أ/ خەڵكی ڕاپەڕیووی كوردستان"بەكەمترین زەرەر"بەچۆكدا بهێنێت، ئەنفالێكی نویَ لە
دژماندا تۆمار
بكات، ئەگەر دوو حزبەكە مەرجەكانی قبووڵ نەكەن.
ب/ لەشكر و ڕای گشتی عیراق، عەرەب و جیهان مۆبیلەزیرن بكات، بۆ هێرشكردن لە ژێر
ناوی شەڕی
نیشتیمانپەروەری بۆ دەركردنی دەرەكێكان لە(شیمال ئەلعراق).
بەداخەوە سەركردایەتی یەكێتی و پارتی پاش نزیكەی ٥٠ساڵ لە تاقیكردنەوەی سیاسییان، هێشتا ناتوانن مێشكی ئەم جەلادە بخوێننەوەو بەشێوەیەكی تر لەوتەكانی"بەڕێز سەرۆك كۆماری هیراق"تێگەیشتوون، لەبری وریاكرنەوەی جەماوەری خەڵكی كوردستان و ئاگاداركردنی ڕای گشتی جیهان بە نیازی لەشكركێشی سەددام بۆ سەر كوردستان، ڕاگەیاندنی هاوبەشیان بلأوكردەوە لەسەر بۆچوونی خۆیان لەبارەی گفتوگۆ! ! هەڕەشەی سەدام بە ڕاگەیاندنی گفتوگۆ دەخوێننەوە ! !
بەكورتی: هەموو تاقیكردنەوەكان پێمان دەڵێن:
ئاشتی زاراوەیەكی نامۆیە لە فەرهەنگی فاشییەت، سەدامیش وەك سەركردەی حزبێكی فاشیست بە بیر و كردەوەوە، تەنها زمانی جەنگ و وێرانكاری دەزانێت. بۆیە نابیَ سەركردایەتی پارتی و یەكێتی یەك زەڕە متمانە بە وتەی ئەم تاوانبارە بكەن. دەبیَ زیاتر پشت ببەستن بەو جەماوەرەی دەنگ و متمانەیان پێداون. شایانی باسە كە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك و ڕۆشنبیرەكانی ناوەوە و دەرەوەی كوردستان، بەوانەی كە هەڵویستی ڕەخنەگرانەشیان هەیە لەبەرامبەر یەكێتی و پارتی، بەڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ ڕێككەوتوین لەسەر ئەوەی كە ئێمە چیتر نامانەوێت جارێكی تر تانك و تۆپ و دەزگا تیرۆریستەكانی فاشیستەكان لە ناوچەی ڕاپەڕین و موقاوەمەت سەردەر بكەن.

٢٠٠١/٧/٢٩

# چێشتی مجەور

### وتەی زانایەکی کورد!

کێ دەڵێ کورد یەکگرتوو نییە؟ کورد یەکگرتووە!... فەرمون، لە ئەورووپادا ئەگەر رۆژێك ترافیك لایت نەبێت هەزاران کەس گیانیان لە دەست دەدەن، کە چی لە کوردستان بە دەگمەن ترافیك لایت هەیە، بەڵام بە دەگمەن پێدادان روودەدات!!کەواتە کورد یەکگرتووە!

کاکە فەتاح: فەرمودەتانە گەورەم، ئەشەگبیلا وایە!

### ئینتگراتسیون!!؟

دەزگا پروپاگەندەییەکانی ئەلمانیا زۆر لەبارەی خۆگونجاندن دەدوێن. داوا لە غەیری ئەلمانەکان دەکەن، خۆیان لەگەڵ باو و نەریتیان بگونجێنن! هەڵبەت من لێرە خوا نەخواستا ناڵێم لێرە دەماری شۆفێنیزم و راسیزم دەستی باڵای هەیە یا شارستانی نین، نەخێر، بەڵام جۆرە دوودڵییەکم هەیە بەرامبەر بەو ووشەیە، بۆیە چووم بۆ لای کاك فەتاح و پرسیارم لێ کرد: کاکە تۆ ئینتگریرت بووی؟

کاك فەتاح: چما من لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆم ئینتگریر بووم تا لەیرە ببم!!کاکە ئەوە وشەیەکە بۆنی گێژاوەیی ئەلمان پێشاندەدات، با بڵێم وشەیەکی زۆر قەڵبەزەنە"کەم تا زۆر راسستانەیە".. من بە رێگای خۆم دەڕۆم، بۆ جیهانی خۆم دەگەرێم، لێرەیش کەسانی وا

هـەن، هـەروا ئـەوەی لـە لای خۆمان خۆشویستووە، لێرەیش هەر ئەوەم خۆشدەوێت، ئەوەی لەوێ قیزیان هێناوم، لێرەیش بەهەمان شێوە قیزم لێیان دێتەوە!

ـ واتە جەنابتان لە گەڵ شتە باوەکانی ئێرە خۆتان ناگونجێنن!؟

کاك فەتاح: بۆچی خێرە؟ چاوی خۆم، من بڕۆم بۆ شاری کوێران چاوم ئینتگریر ناکەم!!

*************

## وتەیەکی بەڕێز فەیلەسوفی کورد

## مامۆستا مەسعود مەحمەد:

دز و درۆزنەکانی کوردی پەنابەر بۆ ئەوروپا ،تەرەس و بێ شەرەف و ریسوای ئابرووتکێنترین گونـاحی نامەردایـەتین، دەبوو لـە سـەر پـەردەی ناموسـی دایك و خوشـکەکانیان لوقمـەی گـەوادی بخـۆن، دەك هـەزار لەعـنەت و نەفـرین لـە چارەی خۆیـان و لـە پشتاوپشـتیان هەتا دەگەنە کەشتیەکەی نوح ....(لە کتێبی پەرژینی بێ دەنگی)

کاك فەتاح: وە قوروانی ئەو ئەقڵە، ئافەرین هەی مامۆستای بەڕێز!

"ڕۆشـبیرێك": مامۆسـتا مەبەسـتی هـەموو پەنابـەرەکان نـیە، تـۆ بـە هەڵـە لـەم وتەیـە تێگەشتووی!

کاك فەتاح: ئەمەش دەبێت!!

********

تەنها بەرێکەوت!

بەرێکەوت،تـەنها بەرێکەوت،لەسـەردەمی جـەنگ و بـێکاریدا، کۆمـەڵێ ئـەندازیار، قاچاخچـی، بـێ کـار، خـاوەن پێشـانگای ئۆتۆمبـیل، قوتـابی، بەرێوبـەری پۆلیسـی گومرگ،پێشمەرگە،مامۆستا،خاوەن گارگەی درومان،گۆرانی بێژ،فیتەرچی،دوکاندار،بەناچاری پەنایان برد بۆ بەهەشتی ئەلمانیا.

هەر هەموویان:جلوبەرگی شینیان لەبەرکرد

سەعاتی کار:١٠مارك!؟؟!+/_/٪$@...

کەچی یەك دوو خاوەن مروەت و شەهامەت چووبوون بۆ لای خاوەن کارەکە، پێیان وتبوو: ئێمە کرێکارت بۆ دەهێنین بە ٨ مارك. ئەمەش تەنها هەر بە رێکەوت!!

******

کرێکارانی جیهان یەکگرن !دەنا صەلّەوات بدەت!!

ـ وایە، بەلاّم لە ناو کارگەیەکدا، دەسەلاّتی دیکتاتۆرییەتی کارو هەژاری لە کۆمەلّگای پۆست مۆدێرندا، کرێکاری کورد و عەرەب و ئەلمان و تورك و ئێرانی یەکخستووە" کرێکاری هەر نەتەوەیەك لە جێگایەك پشوودانی بەیانیان و نیوەڕوان بەسەر دەبەن، تەنها دوو کرێکارە بێوەیە ئێرانییەکە نەبن کە پێکەوە لە گەلّ ئێمە پشودانەکەیان بەسەر دەبەن.!

جا ئەگەر کرێکارەکان ئامادە نەبن پێکەوە جەمی خوارنەکەیان پێکەوە بخۆن،چۆن لە خەباتی یەکگرتنی چینایەتیان یەکدەگرن؟

کە ئەو بارودۆخەم بینی، نوسینێکی هونەرمەندی بەرێز کاك فەیسەل ئەللعێبی کەوتەوە بیر کە دەلّێت:" کرێکارانی جیهان صەلّەوات بدەن بەدیاری پێغەمبەر"!!

---

وتەی بەنرخ، ئەمما کەمێك جێگای گومان!

هەندازیارـ بروسکە ئیبراهیم:...بیروبۆچوونی لە دەرەوە هێنراویان بە نێوی"مارکسیزم و لینینیزم"ەوە لە عەرەب و تورك و فارسەوە وەرگرتبوو...

میشێل عەفلەقی گۆربەگۆڕ، دامەزرێنەری حزبی فاشیستی عەرەبە نەتەوەییەکان کە شەو و ڕۆژ بانگەوازی( ئازادی، یەکسانی و ژیانەوە و یەکێتی عەرەب) دەدەن، لە چەندین لاپەڕەی کتێبەکەی(لە پێناوی ژیانەوە ـ )و سەرۆکی نەتەوەییە عەرەبەکان(سەدام حوسێن)ی جەلاد دووبارەی وتەی ( بیروبۆچوونی لە دەرەوە هێنراویان ـ الافکار المستوردە) دەکەنەوە.کە هەر مەبەستیان کۆمونیستەکانە.

جا پرسیارەکەم: کێ دەمەلاسکێی کێ دەکات؟؟

*********

ئەزانن چی؟

+ ئەوە هەژدە ساڵە حزبی سەوزەکان بانگەشەی ئاشتی دەکەن کەچی ئێستا بوون بە دەهۆڵ لێدەری جەنگ ، کاک فەتاح وتی: باوکم، بۆمبی سەوزەکان مرۆڤ ناکوژێت، کە دەتەقێتەوە گوڵەبەرۆژەی لێ دەردەچێت!
واتە بۆمبی ئیکۆلۆگی بە هیچ جۆرێك زیان لە سروشت نادات! لە هەمان کات لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ دەیتەقێننەوە !

++ برێك لە چەپەکانی ئەلمانیا سەرلەنوێ دروشمی ( جەنگ دژی جەنگی ئیمپریالیستی) یان هەلگرتووە!
کاك فەتاح پرسیاری کرد لە هەندێکیان: شانەی چەکداریتان هەیە؟ چەکتان هەیە؟
تۆماس: ها، چاکەتی چی؟ ئێمە شانەی سەرمان هەیە!
کاك فەتاح: ئەی بە چی دژی جەنگی ئیمپریالیستەکان رادەوەستن؟
تۆماس: ئێمە دەبێ بیانترسێنین، هەڕەشەیان لێ بکەین، دەبێ ...چونکە ... کرۆمباغە،
کاك فەتاح: کرۆمباغە؟ کناییە؟بیانکە چۆنە؟
تۆماس وێنەیەکی گەورەی هاورێ جیڤارەی لە ماڵ هەڵواسیوەو وێنەیەکی لە سەر ئۆتومبیلەکەی!
کاك فەتاح: کەی ئاهەنگی سۆلیداریتێت لە گەڵ قوربانییانی مەدەنی لە سرب و بۆسنە دەگێڕن؟
تۆماس: ئێمە وەك خەڵکێکی ئینتەرناسیونالیست و شۆرشگێڕ، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە رۆحێکی ئینتەرناسیونالیستانە ئەو ئاهەنگە بگێڕین، هیوادارم بیرەیەکی زیاتر بفرۆشین!
کاك فەتاح: کرستینە دێت بۆ ئاهەنگەکە؟
تۆماس: ئەی چۆن، ئەگەر ئەو نەیەت، کێ دێت، هاورێ کرستینە زۆر شۆرشگێڕە، تازە لە نیکاراگوا و کوبا گەڕاوەتەوە! بەراستی کناری دەریای ئەوێ ئەفسوناویە، هەروا وتی چووم بۆ ناوچەی سیرامایسترا، منیش ئەو ناوەم بینیوە...
وێنەیەکی زۆری گرتووەو قەوڵە بەم زوانە دیازەکانی پێشانمان بدات ...
کاك فەتاح: منیش دێم، بژی شۆرش، بژی ئیمپرناسیونالیزم!
تۆماس: ئەوە سەرخۆش بویت؟
کاك فەتاح: ئەی چۆن سەرخۆش نەبم؟ کرێکاران وهەژارانی گەلان بەتەمای پشتگیری و هاوکاری ئێوە بن سەریان دەچێتە قەبری حەفتا پشتیان، حکومەتەکانتان لەلایەکەوە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە حکومەتی جەلاد و شا و دیکتاتۆر دەکەن و لەولاوە هەر خۆیان

بە جەكێكی نوێتر بۆمبابارانی خەڵك دەكەن، گوایە لە پێناوی كۆمەڵگای مەدەنی، مافی مرۆڤ و دیموكراتییەتە!

## جەنەراڵ باب ، مەحرەبا!

مانگنامەی سەكۆ(ژمارە ٣١) چەند پرسیارێكی ئاراستەی جەنەراڵ ناب سیاسەتمەداری گەورەی ئەمریكی كردووە. وەڵامەكانی ئەم جەنابە موبارەكە ئەوەندە زیرەك و پڕ مانابوون لێیان تێنەگەیشتم ( بێ گومان كاك پێشڕەویش لێی حاڵی نەبووە) بۆیە ناچار بووم بڕۆم بۆ لای فەتەحڤاڵ بۆ ئەوەی گرێ كوێرەكانی وتەكانی مستەر بابم بۆ بكاتەوە.

ـ ئەم قسەیە مانای چییە: گەلی ئەمریكا گەلی كوردی خۆش دەوێ، بەڵام، كە دێینە سەر سیاسەت ، ئەوە زۆر زەحمەتە و ئەمریكا یەكەم جار حیساب بۆ بەرژەوەندێكانی خۆی دەكا.

فەتەحڤاڵ: زۆر ئاسانە، ئێ ، واتە گەلی ئەمریكی گەلی كوردی تەنها بۆ ناو جێگا خۆشدەوێت، نەك لە بواری داخوازییە سیاسییەكانیان، ئەمەیان زۆر زەحمەتە!

ـ ئای لەو موقوربازە، بەراست؟ من نەزان ...نەزان!ئەی باشە، كە كاك پێشڕەو پرسیاری لێ دەكات : تا چ رادەیەك جیدیەت هەیە لە سیاسەتی ئەمریكا بۆ پشتگیری كردنی مەسەلەی كورد لە كوردستانی عیراق؟ لەوەڵامدا دەڵێت: من لەو بڕوایەدام، كە گەلی ئەمریكی زۆر جیدیە. بەڵام بۆ سیاسەتی وولاتی ئەمریكا، ئەوە پرسیارێكی قورسە كە سیاسەتێكی بۆ هەموو كورد هەبێ ...

فەتەحڤاڵ: پێشڕەو پرسیاری كوردستانی عیراقی لێ دەكات، ئەو باسی هەموو كورد دەكات، پێم وایە جەنەراڵ ئەفەندی یا گوێی سەنگینە یا سەرخۆش بووە. منیش تێناگەم بۆچی دەڵێت پرسیارەكە قورسە! چ قورساییەكی تێدایە؟ پاشان ئەگەر گەلی ئەمریكی گەلی كوردی خۆشدەوێت، بۆچی حكومەتەكەیان دەڵێن قورسە؟ بۆچی حكومەتەكەیان دژی گەلی ئەمریكین؟ ببورە گرێی ئەم وەڵامەم پێ ناكرێتەوە!

ـ لە وەڵامی پرسیاری دووهەم باسی فۆرمێكی فیدراڵی دەكات و لە وەڵامی پرسیاری پێنجەم لە "چارەسەركردنی كێشەی كوردەكان لە ناو دەوڵەتی عیراق، ناوچەیەكی ئۆتۆنومیان هەبێ" دەكات.

فەتەحفال: لێرەدا مەسەلەکەی تێکەڵ پێکەڵ کردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم کابرا بلیمەتە لە گوێی گادا نووستووە !

- پرسیاری لێ کراوە: جەنابتان وەك کەسایەتییەکی سەربازی و ستراتیجی... توخمەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ئارادایە؟ لە وڵامدا دەڵێت: بۆ کوردەکانی عیراق مەسەلەی تر دێتە پێشەوە. وەك مەسەلەیەکی ستراتیجیش دەتوانرێ لەسەر چاوان دابنرێ . ئەمەیان مانای چییە چاوەکەم؟

فەتەحفالێ: ئای باوکەڕۆ، برا روو، سەر چاوانی ستراتیجم رۆ، کەرووڵاغەکانی ئەمریکام رۆ

- کاکە بۆ ئەگری، بیکە بەخاتری خوا من سوییال دەکەم، ئەم قسەیە مانای چییە؟ قسەکەی خەتەرە؟ کام مەسەلە دێتە پێش؟

فەتەحفال: پێم وابێت، وشەی جیۆپۆلەتیك و مەسەلەی توخمەکان سەریان لە جەنەراڵەکە شێواندووە، بۆیە لە وڵامەکەیدا باسی(نەحەبانی لەلو) دەکات!

- گەورەم ، بۆچی لە زۆربەی وڵامەکانی گەشبینە بۆ کورد، بەڵام کە باسەکە دێتە سەر سیاسەت رەشبین دەبێت، دەڵێ قورسە... ناکرێت ... من ریئالستم... مەسەلەیەکی تر دێتە پێشەوە؟

فەتەحفال: کوڕم منیش قسەی وام لە قوتی هیچ عەتارێکم نەبینیوە ! نازانم ئیتر چۆن پەرۆشی ناوچەکەیە، باوکم تیلا منیش نازانم ئەمریکێکان چ بەرژەوەندیەکیان هەیە لە ناوچەکە...

- لە وڵامیدا بۆ دوا پرسیار: .... توخمەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ئارادایە؟ دەڵێت: "... من وەك کابرایەك بە کردەوە حوکم لەسەر ئەو پرسیارە دەدەم: ئێمە دەتوانین خەون ببینین. خەون بینین یاساغ نییە، بەڵام من ریالیستم".

من هەر هیچ، هیچ لەم عیلمە نەفامستم، فامنیدەم؟

فەتەحفال: منیش ریالیستم! لێرەدا بە کوردێکەی دەڵێ: برۆن گوێز بژمێرن، ئەوەندە خەون ببینن هەتا گیانتان دەرئەچێت، ئەمریکا چی داوە لە داخوازییەکی وا...

- ئای لەم قەلەموونە ! ئەوە خۆ مرۆۋ لە زمانی هیچ حاڵی نابێت، دووریش نییە من نەمەوێت لێی حاڵی بم ، بەڵام نازانم بۆچی فەتەحفاڵەکە تەپی لێ شێوا... خۆزگا کاك پێشرەو ئەم پرسیارەیشی لێ کردبا : ئایا جەنابتان لە پێناوی رزگارکردنی ڤێتنامێکان خەباتان کردووە ؟ چونکە بێگومان دەیوت: من گەشبینم... خۆشیانمان دەوێت، ریالیستم، قوزەڵقورتم، گەری مەنەلاوی ...

********

# کارەکەی حەمە ماڵ شێواو

ـ حەمە گیان مانگی چەند وەردەگریت؟

مـاڵ شێواو: پرۆتۆکەم ١٢٠٠ مارکە ، نێتۆکەم ٩٥٠ مارکە، و ئەوەکەی بە رەش وەردەگرم من بە گوێرەی (نیو رۆژ کار)کار دەکەم. بە کوردێکەی، سەعاتی دە مارك وەردەگرم!

ـ دە مارك هەر زۆر کەمە ماڵ شێواوی کوری ماڵ شێواو.ئەی مانگی چەند رۆژ پشوودانت هەیە، بەبێ رۆژانی شەمە و یەك شەمە؟

ماڵ شێواو: هیچ، ئەو رۆژە نەچم بۆ کارکردن، پارەکەی وەرناگرم!

ـ ئەی ئەگەر نەخۆش کەوتی و نتوانی کاربکەی؟

ماڵ شێواو: هیچم نادەنێ، بۆ خۆم لە ماڵەوە دەمێنمەوە!

ـ بۆچی؟ خۆ تۆ کاری رەش ناکەی؟ تۆ هەموو مافێکت هەیە!

مـاڵ شێواو: کاکە ئێمە کوردین، و کارەکەی ئێرە هەر وابووە و هەر وا دەمێنێتەوە! بۆ کورد باشە!

ـ بۆچـی کـرێکاری کـورد چی کەمە لە کرێکاری ئەلمان؟ خۆ ئێمە کەر و ولاّغ نیین، بە بێ هیچ مافێك کار بکەین!

ماڵ شێواو: کاکە وایە، بەلاّم ...

ـ بەلاّمی چی؟ ئەی بۆچی داوای مافەکانت ناکەی؟

مـاڵ شـێواو: مافی چی، خواخوامە ئەم کارەم دەستکەوتووە، قەرزەکانم داوەتەوە، پارەم بۆ ماڵەوە ناردووە، لەوە زیاتر چیم دەوێت؟!

ـ کاکـە تـۆ سواڵ ناکەی، کار ئەکەی ، کارێکی سەخت، مافی رەوای خۆتە ئیجازەت هەبێت یا کـە نـەخۆش کـەوتی پـارەی رۆژی نەخۆشـیت وەرگریـت، بـرای خۆم تۆ ئاسن نیت، مرۆڤێکی کارگـەری، رەنـج دەدەی! رۆژی ٨ ـ ١٠ سـەعات ماڵ و منداڵەکانتان لە ئێوە مەحروم دەکرین خـاوەن کارەکـەیش وەك هـەر خـاوەن کـارێکی تـر خۆێنرێژە، سوود لە هەژاری و نەبوونیمان وەردەگرێـت، دەزانێـت ئـێمە هێشتا زمانەکەیان فێرنەبووین" بەبێ زمانیش مرۆڤ کاری دەست ناکەوێـت، لـە ژێر بـارێکی لـێژ و ناهـەمواردا دەژیـین، بۆیـە تـەنها قسـەکانی خۆی جێبەجێ دەکـات و هـیچ گـوێ لـە ئـێمە ناگرێـت! بـەلاّم مـن دەزانم کـە کابـرا کەرِ نییە ، دوو گوێی زلی پێوەیە!

مـالّ شـێواو: دنـیا وا بـووه و وا دەمێنێتەوە، لـێم گـەڕێ ، منـیش دەزانم، بەڵام قسە بکەم ، باسی مافەکانم بکەم دەردەکرێم یا دەمکەن بە پیاو خراپ و ئاژاوەچی!

ـ بـەڵام خـەڵك هەمیشـە و لـە هـەموو جێگایەك بە بێ دەنگی و دەست بە ئەژنۆ نەماوەتەوە ، بەبـەردەوام داوای مـافی خۆیانـیان کـردووە . ئـەی نـاتوانن پێکەوە داخوازێکانتان بخەنە بەر دەستی خاوەن کارەکە؟

مـالّ شـێواو: ئەگـەر بـە برا کرێکارەکانم بلێم، ئەوا یەکەم جار هەموویان ئەلێن باشە، بەلاّم لە دوواییدا بە تەنها دەمهێڵنەوە! بە دوریشی نازانم لە پشتە ملیّ جوێنیشم پیّ بدەن!

ـ کـیّ ئـەڵیّ وایـە؟تۆ هەوڵـت بـۆی داوە؟لەگـەڵ خـاوەن کارەکـە باسـی مافە سەرەتاییەکانت کردووە ؟

مالّ شێواو: نەخێر!!

ـ ئـەی باشـە بۆچـی جـارێك هـەولّ نـادەن ؟ بۆچـی جارێکیان پێکەوە دانشتنێك رێك ناخەن؟ چاکی و خراپی کارەکە لێك بدەنەوە، هەڵەکان وەلا بنێن و ....

مالّ شێواو: ئەمەیان خراپ نییە ، پێیان دەلێم!هەموومان برادەرین، خراپ نییە مانگی جارێك پێکەوە چایەك بخۆینەوە و باسی بارودۆخی خۆمان بکەین !

ـ کەواتە بۆ رۆژانی داهاتوو، پێکەوە دادەنیشین؟

مـالّ شـێواو: پێیان دەلێم ، بەلاّم پیاو خراپم مەکەن، پیاوی چاك بن، ئێمە یا برای یەکترین و بـەدلّ و گـیان چاکەی یەکترمان دەوێت، یا خوێری و دوو روو ودز و مل شکێنین .لەو نێوانەدا هیچ شتێکی تر نییە!هیچ شتێکی تر

ـ برایـنە بـا گـویّ لـە یەکتر بگرین بۆ چاك کردنەوەی بارودۆخمان!! جێگای داخە گوێم لیّ بێـت پێشـرەو.بلێت: خۆزگە دەخوازم ببم بە ئاژەڵێك! یا باسی کرێکارێك بکەن قاچی شکاوە و هیچـی بـۆ نەکـرا، هـەر هـیچ، ئێسـتا ناتوانێـت کـار بکـات“ دوو کـرێکار بـە هـۆی مەکینـەی شوشـتنەکە نـاتوانن بـە باشـی هەناسـە بکێشـن، پزیشـکەکە قەدەغـەی لیّ کـردووە ئەو کارە بکـەن“ ئـەو رۆژەش گولّە گەنمی برام هەستی بە ئازاری ناو سکی کرد، چەند رۆژێك لە ماڵەوە مایەوە بە بیّ ئەوەی کرێی کاری بۆ خەرج بکەن!

کە پرسیارم کرد بۆ؟

غازی وتی: کاکە ناکرێت، شەریکە گەورەکە تەنها کریّ بۆ ئەو سەعاتانە دەدات کە کرێکارەکە کـاری کردبێـت، هەقـیان بـە هـیچ شـتێکی ترەوە نییە! ئەم برادەرە دەلێت من هەموو شتێك دەزانم، من لە پێناوی دەستکەوتنی شتی گەورە، گویّ بە شتی بچوك نادەم!

ـ بەلام خاوەن کارەکەی ئێمە پارەی بیمە کۆمەلأیەتییەکانمان لێ دەبڕێت، ئێمە پارەی بیمەی نەخۆشی و بێکاری و بیمەی کۆمەلأیەتی دەدەین، بۆیە دەبێ ئەو خەرجانەمانە پێبدات!

غازی: بەلأم من بە شێوەیەکی تر یارمەتیتان دەدەم.

ـ زۆر باشـە، ئەمـە ئەرکی هەموومانە لە بەرامبەر یەکتر ، ئێمە هەرچەند یارمەتی یەکتر بدەین هێشـتا کەمـە.ئـێمە هـەموومان سوپاسـت دەکـەین، ئـەم بۆچونانە لە دژی تۆ نین، یا بلێم تۆ پـیاوێکی خـراپی، نەخـێر، بـە هـیچ جۆرێك. بـرا گـیان تـۆ یەکـێکی لـە ئـێمە، و باش دەزانی هـەموومان تۆمان خۆشدەوێت! تۆ دەبێ بەشداری جدی بکەیت بۆ باشکردنی ئەم وەزعە! لە هیچ جێگایەك شتی وا نییە!! دەبێ پێکەوە باسی وەزعی خۆمان بکەین

---

## خواحافیزییەك!

کاتـێك حزبـێك پـاش تـاوانی ئـەنفالْ لـە سـنوری ئـێرانەوە بـۆ نـاو کوردسـتان دەگەڕێـتەوە، پاسدارێك لەسەر ڕێگا رادەوەستێت، خواحافیزی لە هێزەکە دەکات.

پاسدارەکە بە توندی دەستی مام (م) دەگوشێ و پێدەلێت: ئینشەللأ شەهید میشی!

مام (م): ئاغا ئینشەللأ گوە میخوری!

## مزگێنی و پیرۆزبایی

+ مـوژدە بێـت لـە خـەلکی کوردسـتان بـە بۆنـەی ئـەوەی کـە ژمارەیـەکی بەرچـاو لـە رۆلـە نەبـەردەکانمان لــە ولأتــە پۆســت مۆدێــرنەکانی ئــەوروپادا بەشــێوە مۆدێــرنانە خــەریکی قومارکـردنن! شـایانی باسـە کـە هەندێکـیان خـوا یاریـان بـوو و بـردیانەوە، بە پارەکەی ژنی کەنجـیان هێـنا و مـالْ و مالأتـیان بـۆ دایك و باوکـیان کـڕی.ئـەم بـرا زیـرەك و گـەل دۆست و نیشـتمانپەروەرانە نـەوەی نوێـی قومارچـیانی گـەل پێکدەهێـنن. بـەم هـەنگاوە رۆلـەکانی گەلەکەمان سێ پاتیان کردەوە بۆ گەلأنی دنیا ، کە گەلی کورد هیچی لەوان کەمتر نییە!

گـەلی هـێژا:بـەم بۆنەیـەوە پیرۆزبایی لـە خۆمـان دەکـەم ، چاوودلێ خـێزانی قومارچییانیش رۆشن...

چـاوی دوژمـنان بـا هـەر کوێـر بێـت!ـ الحسـود لا یسـود... "هازا مین فەزلی رەبی" ...دوو شەش ـ

قومارچییەك: كاكە بە تۆ چی خەڵك قومار دەكات یا نایكات، تۆ جارێك لە دیموكراتییەت تێنەگەیشتووی!

ـ نە وەڵڵا تێنەگەیشتووم و نامەوێت تێ بگەم، منیش دەڵێم ماسەكەی خۆم شرینە، نەك تەنها ماسەكەی مام كاكل!!

+ لە سەنتەری چەند شارێكدا لە ئەلمانیا چەند پەنابەرێكی سیاسی كوردستانی باشور خەریكی حەشیشە و هیرۆئین فرۆشتنن ، بەراستی ئەمە سەروەریەكی گەورەیە بۆ هەموو پەنابەرە سیاسیەكان ، هیوادارم لە كارەكانیان بەردەوام بن...و كچێكی زیاتر هەڵخەڵەتێنن!!

---

به قیر، هەر بۆ خۆت بڕوا مەكە!!

هەندێ برای بەرێز هەیە ، كە ئافرەتێك پرسیاری لێ دەكات: خەڵكی چ ولاتێكی؟

"براكەمان" لە ولامدا دەڵێت : خەڵكی ئیتالیام!

جارێكیان كچەكە بۆماڵەوە گەڕایەوە، بە دۆستەكەی وتی: هەواڵێكی زۆر خۆشم پێیە بۆ تۆ!

"كاكمان": دەی خێراكە بیلێ!

كچ: نایلێم، بەلام ئەمرۆ كچە رەفیقەكەم میواندارێمانی كرد، ئێوارە دەبێ بۆ لای ئەو برۆین.

كە ئێوارە لەوێ حازر دەبن، كچە دۆستەكەی یەكسەر پێ دەڵێت: دۆستی رەفیقەكەیشم ئیتالیایە، بە ئارەزووی خۆتان ئیتالیایی قسە بكەن!كە لەسەر مێزەكە دادەنیشن "براكەمان "بە هێمنی بە كابرای " ئیتالیایی " دەڵێت: كاكە تۆش كوردی؟

ـ بەڵێ!!!

كاكە فەتاح: دوور نییە ئەمانە خەڵكی كوردستانی ئیتالیا بن، مەگەر نەوترا رۆما دووهەم پایتەختی كوردستانە.....

# توركيا: مانگرتنی زیندانیان لەخواردن گەیشتە ٢٣٤ ڕۆژ

لـە ٢٠ ئوكتۆبری/٢٠٠٠وە ٥٤ زیندانی و كەس وكاریان لە موقاوەمەتی مانگرتن لـە خـواردن گیانـیان لەدەسـتداوەو ٥٠ زیـندانی تر بەهۆی بەزەبر خواردن و داودەرمان پێدان كراوون بە (مردووی هەناسەلەبەر). ئەمانە وایان لێكراوە تەنها وەك منداڵ هەڵسوكەوت بكەن، مێژووی خۆیان لەبیركردووە، كەس وكاری خۆیان ناناسنەوەو ناتوانن ئینفۆرماتسیونی نوێ لە مێشكیان رابگرن. كەسێك كراسی سپی لەبەر بێت بە كەسێكی تورە دادەنێن.

*ئـەیهان كـۆچ، لەنەخۆشخانەی دەوڵەتە لە شاری ئەدرنە. بە زۆر خۆراكیان پێداوە، ناتوانێت لەسەر پێی راوەستێت. لەو بڕوایەیە كە تەمەنی ١٥ساڵە و هێشتا بۆ قوتابخانە دەڕوات.

*ئێسـما ئەسـلان بۆگـان(ئافـرەت)، پـێش ئـەوەی بـەزۆر خواردنـی بدەنێ، لە نەخۆشخانەكە هاواری كرد: "من نامەوێت بەزۆر چارەسەرم بكەن". ئێستا هیچی لەبیر نەماوەتەوە.

*جەلال گێزەر، هیچی لەبیر نەماوە، تەنها حاڵەتی بەزۆر نان پێدانی.

*ئەلهان دیمیرل، هەمان شت.

*محەمەد زنجیر، هەرچەند دایك و باوكی دەمێكە لە ئەستەنبول ناژین، بەلام پرسیار لە باوكی دەكات، ئاخۆ هێشتا لە ئەستەنبول دەژین!

* یەلـیز توركومـەن(ئافـرەت)، سـەری بـەدیوار دەدات و نایەوێت ئەو راستییە قبولّ بكات كە چـیتر هیچـی نایەتـە بـیر. هەرچـەند پێدەڵـێن بـراكەت لـە مانگرتنەكە گیانی لەدەستداوە، بۆ سبەی لەبیری دەچێتەوە.

* ئوفوق یەنی ئۆجاق، هیچی لەبیر نەماوە و قسەی پێناكرێت.

* سێركان ئایدۆكان، بەباوكی دەڵێت دایكە و بە دایكی دەڵێت باوكە.

*یالچین ئۆزبەك، دوا هەناسەی مەرگ دەدات.

* ئوزكان گویزەل، كەس ناناسێتەوە، لە ژووری مێوان، مێوانەكانی بەجێدەهێڵێت بەبێ ئەوەی شتێكیان پێبڵێت.
*ئێركان ئێردم، وەك منداڵێكی پێنج ساڵانە هەڵسوكەوت دەكات. پاش خۆ شوشتن، بەرووتی لەناو زیندانەكەی هاتوچۆ دەكات.
*ئاتیلا سیلجوك، نەخۆشی لەبیركردنەوە، جێپەنجەی ئەشكەنجە لەسەر پشتی دیارە. سەربازەكانی پێدەڵێن تۆ برادەرمانی و ناچاری دەكەن بەدەست نیشانەی فاشیستەكان(ئێم .ها. پی) بكات.
*موراد ئاجەر، هیچی لەبیر نەماوەتەوە.
*ئێرداڵ ئەریكان، نەخۆشی لە بیركردن. هاورێكانی هەوڵ دەدەن، رابردووی بەبیر بهێننەوە.

زیندانیێكان دووبارەی دەكەنەوە: یا لە ژوورە تەنهایەكانی بەشیF-Typ دەرمان دەكەن، یا بەمردویی لاشەمان دەردەكەن. دەوڵەتی تورك نەدەتوانیت بەرێگای بەكۆمەڵكوشتن و نە بە زۆر خۆراك پێدان، خەباتی زیندانیان و كەس وكاریان لە پێناوی كۆتایی پێهێنان بە ویندانی تاكەكەسی رابگرێت......
ئێمە وەك كۆمیتەی دژ بە زیندانی تاقەكەسی دەنگمان دەخەینە پاڵ داخوازییەكانی زیندانیێكان. خەباتی زیندانیان بەشێكە لە خەبات لە پێناوی ئازادی.

ئێمە داوا لەهەموو ئەوانەی كەرامەتی ئادەمیزا دەپارێزن لە ئۆروپا، فشار بهێنن بۆ شالیاری دادپەروەری توركیا، بۆ ئەوەی حكومەتەكانیان مەرگی زیندانیان رابگرێت.

فاكس و ئێمیلی پرۆتێستەكانتان بۆ ئەم ئەدرەسانە بنێرن:
+ یوشكا فیشە(شالیاری دەرەوەی ئەلمانیا):poststelle@auswaetiges-amt.d
ژمارەی فاكس: 0049(0)1888-173402
سەرۆك حكومەتی ئەلمانیا: bundeskanzler@bundeskanzler.de
ژمارەی فاكس: 0049(0)3040002357
+ ئەمنستی ئینتەرناسیونال: info@amnesty.de
ژمارەی تەلەفۆن: 0049(0)228/98373-0، تێلیفاكس: 0049(0)228/630036

فاكس و ئێمیلی پرۆتێستكردن بۆ توركیا:
سەرۆك حكومەت: 0090-3124271330

سەرۆك وەزیران: 0090-31124170476

وەزیری دادپەروەری: 0090-3124173954، ئیمێل: hsturk@adalet.gov.tr

کۆپییەکی پرۆتێستەکەتان بنێرن بۆ: noisolation@ninebyte.de

کۆمیتەی دژ بە زیندانی تاقەکەسی

# ئەو پاسکیلەی بەفر داپۆشیبوو، بەڵام؟!

لە رۆژێکی ئاسایی لە رۆژانی زستاندا، بەفر هەموو دارو درەخت، ماڵ و جادەکان پۆشیبوو، لە وانەش پاسکیلێکی ئاسایی لە تەنیشت جادەی نێوانماڵەکان و دارستانەکەی تەنیشتی. دنیا بە رووکەشی لە ئالآی ئاشتی دڵرەوێن دەچوو، هەر ئەتگۆ کراسی بووکێنی لەبەر کردووە. بێگومان ئەگەر وێنەگرێکی لێهاتوو لە تەنیشتییەوە تێپەڕیبا، یەکسەر بۆ یادگاری یا بۆ لاپەڕەی رۆژنامەیەك دەبان وێنەی بۆ دەگرت.. هەروا لەوانەیە چەندین شوفێر و ئاوڵ و ناسیاوەکانیان لە تەنیشتییەووە تێپەڕیبن، بەبیٚ ئەوەی شتێکی نائاسایی جەرگبڕ، یا خۆش بە خەیاڵیاندا هاتبێت. رەنگە هەر سەرنجیشیان رانەکێشابێت، رەنگە ئەوپەڕی پێیان وا بووبێت، پاسکیلێکی دزراو یا پەککەوتووە یا خاوەنەکەی لەویٚ بەجێی هێشتووە و بۆ پیاسەی ناو دارستانەکە رۆیشتووە. هەڵبەت پرسیارێك لەبارەی خاوەن پاسکیلەکە، بۆ نموونە پیاوە یا ئافرەت، کچە یا لاوێکی هەرزەکار، کرێکارە یا پرۆفیسۆرێکی زانکۆ، فەرمانبەرێکە یا خانەنسین، پەنابەرە یا ئەلمان هیچ بایەخێکی وایان پێنەداوە. جا کیٚ ئەوەندە کات تەرخان دەکات بۆ پرسیار و وەلاٚم لە بارەی پاسکیلێك؟ من بڕوا ناکەم کەسێکی وا هەبێت، لە کاتێکدا سەرماو سۆڵ تەنگی بە خەڵك هەڵچنیبێت. ئاشکرایشە لە زستاندا دانیشتیوانی ئێرە ئەگرەسیف، مۆن و دڵتەنگ دەبن، زیاتر کنری بێدەنگی دەگرن، چاویان پڕ دەبێت بە حەسادەت لە بەرامبەر وەلآتانی باشووری گیتی" دەیانەوێت خۆرەکەشمان لیٚ بستێنن، ئەگەر رێگایەك هەبا بگات بە رۆژ بگات، ئەویشیان داگیر دەکرد.، یا باجیان لە ئێمە وەردەگرت، نەیاندەهێشت تاقە تیشکێکیش بەرمان بکەوێت"، شەو و رۆژ خەون بە رۆژ دەبینن، کتومت ئەڵێی بەلآیان بەسەر هاتووە یا کاتژمێرێکی شووم رووی تێکردوون و نەك وەرزێکی ئاسایی لە وەرز و دەورانی سرووشتی ئەم ئەستێرە سەوز و بالآبەرزە و دەگمەنە، کە بەبیٚ زستان مەحاڵ دەبوو مرۆڤ و دارو درەخت لیٚ سەوز ببێت.

ئەو رۆژە هیچ کەس لەم نیایە چاوەڕوانی ئەوە نەبوو، پاسکیلێکی بە بەفر داپۆشراو و بەجێماوی سەر رێگایەك لە رێگاکان، ببێت بە رۆژی رووداوێکی کارەسات و جەرگبڕ، بە

سـەرەتا وهـێمایەك بـۆ هەواڵێك، مرۆڤ قیز بكات لە خۆی کەوا فیگوری وا هەن، بە رەواڵەت لە مرۆڤ دەچن، بەڵام بە كردەوە لە دڕندەیەكی وەحشەتناك.

لـە رۆژی...كاتژمـێری... و ...چـرکە لـە ... كـیژۆڵكەیەك بـەناوی ئولـریكە(١١ سـاڵ) شـوێن پەنجـەی دیـار نـەما. ئـەم خونچـە گوڵـە لـە سـەرەتای بـەهاری ژیـانی بوو، بێگومان بە دڵ و دەروونەوە چاوەڕوان بوو لە جوانترین هەڵپەڕكێ و گۆرانی بۆ ژیان بەشداری بكات، چاوەڕوان بـوو لـە ساڵانی داهاتوودا، خۆشەویستەكەی ماچ باران بكات، تابلۆی ئازادی مرۆڤ بكێشێت... بـەڵام دەركـەوت ئۆلیریكـە پاسـكیلەكەی لـەوێ بـەجێ نەهێشـتووە یـا تایـەری پاسـكیلەكەی پەنچەر نەبووە، ئۆتۆمبیلێكیش دەست و قاچی نەشكاندووە یا ....

دایك و باوكی خۆزگەیان بەوە دەخواست، یاری چاوشارێكێ لە گەڵیان بكات، پێكەوە لە گەڵ كـچ و كورێكـی دۆسـتی بۆ سەردانێك ڕۆیشتبێت. دایك و باوكی بە هەموو هەواڵێك قایل بوون، تـەنها ئـەو هەواڵـە نەبێـت كـە چاوەڕوانیان دەكـات و هـەموو دونـیا دەهەژێنێـت. بەتـرس و لەرزێكـەوە كەوتـنە سـۆراخی، بـەڵام هیچ زانیارییەك لە بارەیەوە چنگ نەكەوت. شەونەخونی ڕەزا قـورس بـوو بـە مێوانـیان، ئـەوەی لـێی دەترسـان، ڕوویـداوە: كچـەكەیان یـا كوژراوە یا لەلایەن پیاوێكەوە رەفێنراوە...

پـاش چـەند رۆژێـك، ئوتۆمبیـلـێكی سـوتێنراو لـە نـاو دارسـتانەكە دۆزرایـەوە، كـە ناوەكەیان پشـكنی، ئاسـەواری جلوبـەرگی ئۆلـریكەیان لەسـەر دەستبشـان كرد. هەشت رۆژ بەسەر ئەم نهێنییـە بەسـەر چوو، حكومەتی ئەلمانی، فرۆكەی تۆرنادۆ بە كامیرای تایبەتەوە هەستاند بۆ پشـكنینی ژێرزەمیـنی ئـەو ناوچـەیە، نـەبا تاوانـبارەكە ئۆلـریكەی كوشـتبێت و لـە شـوێنێك ناشـتبێتی. لـە هەمان كاتدا، بە یارمەتی دانیشتوان، (فانتۆمی) گەنجێكی پرچ كورت، خاوەن سـیمایەكی ئاسـایی، ڕۆح سـوك بلاوكـرایەوە. ئـەم گەنجـە لـەوە نەدەچـوو چـاقۆكێش، ئەلكوهولیكە یا تاوانبار بێت. لەوەیش نەدەچوو نەخۆشی دەروونی هەبێت. لە پیاوێك دەچوو وەك هەر پیاوێكی تر! ! دەتوانرا بوترێت خەڵكی ئەسپانیایە، عەرەبێكە، ئەمریكاییە، توركە، كـوردە، ئێرانـیە، مەكسـیكییە، یوگسـلافی، فەرەنسـی یا ئەلمانییە و تەمەنی ناگاتە بیست و پێـنج سـاڵ. رەنگـە دەیان كچ چاوەڕوان بوون باسی خۆشەویستی لە گەڵیاندا بكات، كاتێكی پـڕ سـۆز لـە گەڵـیدا بەسەر ببەن، هیچ نەبێت بۆ جارێكیش، یا ببێت بە هاوسەریان، بە باوكی باشی كۆرپەكەیان.....

رۆژانـە، ئـەم كارەسـاتە لەهـەموو سوچـێكی ئـەم دونـیایە روو دەدات، بـەبێ ئـەوەی ناسـیونالیتێت، ئـاین، زمـان، شـوێنی جوگـرافی، ئاووهەوا و جۆری خواردن رۆڵێك ببینێت. بە پێچـەوانەی پـڕوپاگەندە درێوەكـانی دەوڵەتـە ئۆرووپـێكان و هـەندێ گـێلە پـیاو و ئافـرەتی

جیهانی سێی وێرانکراو، کە شەو و رۆژ باس لە بوونی ئازادی و هاوسانی ئافرەتانی ئۆروپا دەکەن. من دەتوانم ئۆلیریکە ناوبنێم سەمیرە، کەژاڵ، زیبا، جولێت، ئەلکساندرا یا ناتاشا. هیچ جیاوازییەکیان نیە! لەم هاوکێشەدا، شوێن بایەخی خۆی لەدەست داوە، ئەلمانیا، ئەفغانستان، کوردستان، غانا، ئەمریکا و سوید و یابان تەنها ناون بۆ هەمان شوێن. تاوانبار هەمیشە پیاوە و قوربانیان ئافرەت و منداڵ.....

چاش چەند رۆژێك هەموو تاوانەکە ئاشکرا بوو: تاوانبارەکە، پاش رەفاندنی ئۆلریکە، چەندین رۆژ زەوتیکردووە و پاشان کوشتویەتی......

بەرێزەکان سەرتان شۆڕ بکەن، ئەزانن ئەمە مانای چییە؟

٢٠٠١/٥/٢٦

تێبینی:

١/ بۆ ئەوەی بە هەڵە لە من تێنەگەن، دەبێ بڵێم: ئافرەتان، بزووتنەوەی ئافرەتانی کۆمونیست بەهێز بکەن.

٢/ ئەمرۆیش(٥/٢٤) پیاوێك لە بەر دڵپیسی هاوسەرەکەی خنکاندووە(رۆژنامەی بیلد).

# ژماره ١٠٦٦

نووسەر : بۆبی ساندرز

رەنگە دوێنی مردبێتم ، چونکە ئەم بەیانیە کاتیٚ لە خەو هەستام ، خۆمم لە دۆزەخێکدا بینییەوە .لە راستیدا نازانم چۆن کەوتوومەتە ئەم جێگەیە . لێرەدا هەست بە وەحشەتناکیەکی بێهاوتا دەکەم ، پێدەچیٚ ئێرە جۆرە گۆڕێکی تایبەتی بێت، تاریکایی هەموو دەورووبەری داپۆشیوم ، هیچ نابینم . لە نێو ئەم تاریکیە قەترانیەدا، جگە لە پارچە شرێك کە ناوەراستمی پۆشیوە، هیچم لەبەردا نیە.

زەمینی گۆرەکە بە ماددەیەکی لینج تەڕکراوە، نەدەزانم سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووە نەش دەزانم بریتیە لە چی . بۆنێکی بۆگەن و قیزئاوەر لە دەورمدا پەنگی خواردووە . لە سوچێکی ئەم شوێنە ، شتێکی نەرم دانراوە، پێدەچیٚ جێی خەوتن یان راکشان بێت .

گوێم لە دەنگێکی وەڕسکەرو ناخۆش دەبێت، هەورەتریشقە ئاسا، لەدەورووبەرمدا دووپات دەبێتەوە، لە دەنگی بەتونددادخستنی دەرگا کۆنەکان دەچیٚ . کاتیٚ لە چواردەورم وردبوومەوە، بۆم دەرکەوت کە لەیەکیٚ لە دیوارەکانی شتێك هەیە لە دەرگا دەچیٚ .

لەراستیدا تێناگەم بۆچی کەوتوومەتە ئێرە، ئاخۆ چیم بەسەردا دێت . دیارە من لەوە دڵنیام کە ئادەمیزادم ، ئەگەر چی رووتم و ریشم زۆرهاتووە، بیردەکەمەوە و هەناسەش دەکێشم.

ـ ئایا من لە دۆزەخم یان لە زیندان .. ؟

## نزیك بوونەوە :

ئێستا گوێم لە دەنگی پێیە، هەنگاوەکان لێم نزیك دەبنەوە . هەستدەکەم کابرایەك یاخود شتێك لە تەنیشتمدایە ، گوێم لەدەنگی جمین و هەناسەیەتی . چاوەرێم دەکات .

لەدەرەوەی گۆرەکەدا هەرایە . دەنگی بە یەکدادانی ئاسن هەراسانم دەکات . کاتێك دەرگاکە دەکرێتەوە، رۆشناییەکی چوارسوچە پێکدێت و رێرەوێك دەردەکەویٚ . لە رێرەوەکەدا کابرایەك وەستاوە، جلوبەرگێکی رەسمی رەنگ رەشی لەبەردایە . بۆ چەند چرکەیەك سەرنجیدام ، پاشان بەدەنگێکی سامناك کە هەموو ئەندامەکانی لەشمی هێنایە لەرزین نەڕاندی " : من فەرماندەرم" . دەنگەکە دووبارە دەبێتەوە و لە دەوری گۆڕەکەمدا بە شێوەی گفتوگۆ بەرزدەبێتەوە" : من فەرماندەرم و تۆش ژمارە ١٠٦٦ ـ ی . "

دەرگاکە بەتووندی پێوە دەدرێت، ڕۆشنایی بەردەرگاکە لەپڕ ون دەبێت، منیش لە نێو ئەو تاریکستانەدا وەستاوم ، سڵ لە هەموو جۆرە جمێنێك دەکەمەوە .

ـ ئاخۆ واتای ژمارە ١٠٦٦ چییە ؟

دیارە مەبەستی من بوو . بەڵام من دەتوانم بیربکەمەوە، بدوێم، بۆن و هەست بکەم، گشت هەستەکانم کاردەکەن، من ژمارە نیم ، من ١٠٦٦ نیم . من مرۆڤم .

من ژمارە نیم . من ١٠٦٦ نیم .

کێ فەرماندەرە؟ ... ووشەی فەرماندەر چیدەگەیەنێ ؟ ئەم ووشەیە دەمترسێنێ، ئەم ووشەیە هەڕەشە ئامێزە . بەلای منەوە ووشەیەکی پووچەڵە . ئەو حەزدەکات بەسەرما زاڵبێت .. ئاخ چیم بەسەر هاتووە.

دێتەوە یادم کە خێزانێکم هەبوو ، ئێستا لە کوێن ؟ ئاخۆ دەتوانم جارێکی دی بیانبینمەوە، جارێکی دی گوێم لە دەنگیان بێتەوە ؟

## چاودێری

کابرای چاوەدێرم دەرگاکە دەکاتەوە . ڕۆشناییەکی کز لە نێو دالانەکەی ئەو دیوی دەرگاکە ڕووناك دەکات و کابرای بەرگ رەسمی لەبەر دەرگاکە دەردەکەوێت" : من فەرماندەرم ژمارە ١٠٦٦ ئەوە خواردنەکەتە ".

جامیلکەیەك دەداتە دەستم ، بە توندی دەرگاکە دادەخات . پێش ئەوەی ڕووناکێکە بەتەواوی ون بێت، چاوم بە شتێ کەوت لەسەر زەمینی گۆڕەکە بە زبڵ و پیسایی داپۆشرابوو . هەروەها بینیم کە چەند کرمێکی بچوك بە پێیەکانمدا هەڵکشابوون . دیوارەکانیش بە مێشی زلزل پۆشرابوون .

سەرلەنوێ سام دایگرتم ، بەترسەوە هەنگاو دەنێم ، جامیلکەکەی دەستم ساردبۆتەوە . شتێکی شۆربا ئاسای تێدایە. بۆنەکەی هێڵنجم پێدەدات، بۆیە دایدەنێمە سەر زەوی، کاتێ لەم تاریکستانەدا هەنگاو دەنێم، ڕەشبینی و ماتەمینی دامدەگرێ ، خۆزگە بە مەرگ دەخوازم. هاواردەکەم" بەڵام من مردووم . "ڕەنگە توانای خۆکوشتنیشم نەبێت .

## ڕۆشنایی

شنەبا . هەست بە هەڵگرتنی شنەبا دەکەم کە لە دیوارەکەی پشتمەوە دێت . دەستم دەکەوێتە بەر پارچە جلێك . هەڵیدەگرم ، بەڵام لە دەستم بەردەبێتەوە. ڕۆشناییەکی تیژ لە چاوەکانم دەدات ، بۆ چەند چرکەیەك نابینم . گۆڕەکەم ڕووناك دەبێتەوە . پەنجەرەیەکی بچوکم لیدەردەکەوێ ، لێی نزیك دەبمەوە . لەو دیوی پەنجەرەکەمەوە هەزاران پەڵە ڕۆشنایی لەم

جۆره دەبینم . رۆشناییەكە دەكەوێتە سەر تەلبەندێك كە بە درێژایی ئاسۆی بەرامبەرم راكێشراوە. هەنگاوێكی دی دەڕۆمە پێشەوە. بینایەكی بچوكم لێ ئاشكرا دەبێ كە بەدەیان پەنجەرەی رووناكی پێوەیە، لە هەر پەنجەرەیەكیش كەسێكی رووتی لێوەستاوە . بینایەكە سێ هەنگاوێك لێمەوە دوورە . رووخساری كەسەكانم لێوە دیارە، ردێنیان هاتووە، بەگەنج دەچن ، ئەگەر چی زەرد هەڵگەڕاون و ماندوون . كەنجی بەروخسار پیرن.

ـ ئاخۆ رووبەرووی مەرگ دەبم ؟

كەسەكان تەماشای دەرەوە دەكەن ، یان چاویان بڕیوەتە بۆشایی . هەندێكیان هاتووچۆ دەكەن.

<u>هەنگاو</u>

دیسانەوە هەنگاوەكان

لادەكەمە دواوە . ترس دامدەگرێتەوە . چاوەڕوانی كردنەوەی دەرگاكەم . وەكو پێشتر حەزم لێنیە بزانم كێیە. نائومێدی دایگرتم . بیركردنەوە لەو كەسەی لە پشتی دەرگاكەوە وەستاوە ئازارم دەدات.

دەرگاكە دەكرێتەوە . چەند كەسێك بە بەرگی رەسمی رەشەوە دەردەكەون، بەدەورەی كابرایەكی ورگ زلی كورتە بنە ئالآون . لەوە دەچێت گەورەكەیان بێت . بە ڕەقەوە دەڕواننە من و هاوار دەكەن " ئێمە گەورەین ، ئێمە گەورەین ، تۆش وەكو ئەوانت بەسەر دێت . دەبێ سەردانەوێنی و گوێ رایەڵ بیت ، گوێ رایەڵ "

بەتوندی بەندیان كردم و دەستیان كرد بە ئەشكەنجەدانم، بەشەق تێیان هەڵدەدام و هاواریاندەكرد " : گوێ رایەڵ دەبیت ، تۆش وەكو ئەوانی دیت لێیەسەر دێت ، لە قاوشی ژمارە پێنج ـ هـ ـ دا ، دەبێ گوێ رایەڵ بیت "

كاتێ بەئاگا هاتمەوە هاوارم دەكرد و لە سەر تەختەیەكی پیسی سەر ئەرزەكە دەتلامەوە .

ـ من لە كوێم ؟

ـ ئێستە جێت چاكترە . هاوزیندانەكەم گوتی .

ـ من لە كوێم ؟

ـ تۆ لە زیندانەكەی خۆتی . مۆتەكە گرتبووتی.

دەرگای زیندانەكەمان دەكرێتەوە . كابرایەك بە بەرگی رەشی رەسمی دەردەكەوێت و دەڵێ :

ـ خواردن

پرسیم " : ئەوە چی روویدا " ؟

ـــ تـۆ دەبـێ پـێم بڵێیـت " گـەورەم . " چـونکە تۆ ئێستە لە بەشی ـ هـ ـ ای . تۆ لە قاوشی پێنج بەشی ـ هـ ـ ایت . ئەی ژمارە ١٠٦٦ ، ئەمەت لە یاد نەچێت) .

---

+ بۆبی ساندرس ، لەساڵی ١٩٥٤ لە ئێرلەندی باکور لە دایك بووە . بەهۆی خەباتی سیاسیەوە دوو جـار زیندانی کراوە . دوا جار لە زیندانی لونگیش بە ١٥ سال مەحکوم کرابوو . لە سەرەتای ١٩٨٢ بۆبی ساندرز لە خواردن مانیگرت و ٦٦ رۆژی خایاند و پاشان بەو هۆیەوە شەهید بوو . لە زیـندانـدا چـەندین چیرۆك و هۆنراوەی نوسیووە ، لەبەر مەترسی لە سەر خێزان و ناسراوەکانی بەناوی خۆی بڵاوی نەکردونەتەوە.

# سیاسەتی دانیشتیوانی

ئیدۆلۆژیاکەی، ئامانجەکانی، هۆکارەکانی، ڕێگاکانی، بەرپەرچدانەوەی...

## ناوی کتێب: Strange Fruit

## نووسەر: ئینگرید شتغوبل

سیاسەتی دانیشتیوانی نەخشەیەکە بۆ خۆهەڵتێقورتاند لە کاروباری زاوزێ لە ڕێگای نەخشەی خێزانییەوە، واتە ژن و مێرد کەنگی و چەند منداڵیان دەوێ بهێننە دنیاوە، بەڵام ئەمە ڕایەکی قەڵپکاریە لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی نەخشەی خێزانی، چونکە ژن و پیاو هەردووکیان منداڵیان نابێت، بەڵکو تەنها ئافرەتەکە دەبێت، ئەگەر چی هەردوو ڕەگەز لە پێکهێنانی منداڵەکە بەشدار دەبن، بەڵام ئەوەی ئاوس دەبێت ئافرەتەکەیەو هەر خۆیشی لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا لێپرسراوە لەمنداڵەکەو بە کردەوە ئافرەت خۆی ئامانجی نەخشەی خێزانیە کەوا لێپرسراوێتی ڕێگەگرتن لە ئاوسبوون لە ئەستۆ دەگرێت، چونکە زانست و تۆژینەوە هەروەك هەموو بوارەکانی دیکە کاری پیاوە.

پیاوان بە دوای هۆکارەکانی نەزۆککردنی خۆیان ناگەڕێن، بەڵکو بەدوای هۆکارەکانی نەزۆککردنی ئافرەتدا دەگەڕێن، ئەگەرچی لەڕووی پزیشکییەوە ڕێگای نەزۆکی خۆیان بە بەراورد لە گەڵ ژناندا، ئاسانتر و بێ گرفتترە.

کاتێ ژن بەهۆی ڕەوشی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ناتوانێت هەڵسێ بە ڕێگەگرتن لە ئاوسبوون، ئەوا ناچار دەبێت بەکرداری لەباربردن هەڵسێ، ئەوەش بۆی هەیە ژیانی لە دەست بدات، یا بەلانی کەمەوە تەندەروستی دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەم سیاسەتە جێی بایەخی هەموو ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە هیوایان دادەنێنە سەر ئاستی سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئاینی بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتیوانیان، لە پێناوی خواستە

تایبەتیەکانیان. بۆ نموونە بۆ جەنگ بەرپاکردن، هانی خەڵکی وەڵاتەکەیان دەدەن بۆ منداڵ هێنان، بیانووش دەهێننەوە بەوەی کەوا کەمی منداڵان دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر سەروەری نیشتیمان( ئەم بۆچوونە لە گەڵ قسەکانی سەددام بەراورد بکەن سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتان). ئەلمانیا هەڵدەستێت بە هاندانی منداڵ هێنان بە رێگای یارمەتی دانی دارایی بۆ خێزان تا منداڵەکانیان زیاد بکەن، یا بەڕێکای کەم کردنەوەی باجی ساڵانە کە هاووەڵاتیان بەدەوڵەت دەیدەن و بەڕێگای یاسای(٢١٨– یاسای قەدەغەکردنی لەباربردن). بەڵام لە هەمان کاتدا ئەلمانیا بە هاوکاری لە گەڵ وەڵاتە دەوڵەمەندەکان، سیاسەتێکی تر دژ بە گەلە هەژارەکانی کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین پیادە دەکەن. ئەویش سیاسەتی خوێن بە فیڕۆ دانی بەردەوام و بێ پسانەوەیە !

دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتوەکان سیاسەتی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی چاودێری لەسەر دانیشتوان بەشێوەیەك دەستنیشان دەکەن کە لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەگونجێت و ناوی لێ دەنێن سیاسەتی خێزانی. لە راستیدا ئەمە ستراتیژێکی رێکوپێکی فرەلایەنەیە و چەکێکە لە دژی ئافرەتان و زەحمەتکێشەکانی "جیهانی سێهەم" ئاراستەکراوە. حکومەتەکانی جیهانی سێهەمیش بەو سیاسەتە رازین کە دەوڵەتەکانی نێوەند ئارەزووی دەکەن. ئەم نێوەندە هەموو دەوڵەتەکانی جیهانی سێیان قەرزاربار کردووە، بەجۆرێك هەموو سەرچاوە داراییەکانیان لەلایەن نێوەندی ئیمپریالیزمەوە وای لێکردوون بکەونە ژێر مەرجی توندوتیژی و ژیانێکی هەژاری کە توانا نەبێت لێی دەرچن. بەردەوام بوونی هەژاری لەوێ بۆ ئیمپریالیستەکان پێویستە، چونکە ئەوان ئەو گەلانە ناچار دەکەن بەقەرزی بەردەوام و مەرجدار رازی بن، بەجۆرێك تەنها لە پێناوی گەڕاندنەوەی فائیدەی ئەو قەرزانە کاردەکەن. حکومەتەکانی جیهانی سێهەم بەردەوام دەبن لە داواکردنی قەرزی زیاتر، کە ئەمەش دیسانەوە لە پێناو دانەوەی قەرزە کۆنەکان بەکاردەهێنرێ. لە کاتی داواکردنی قەرزی نوێدا، بە گوێرەی مەرجی نوێ رێککەوتن دەکرێت. یەکێك لە گرنگترین ئەو مەرجانەی کە سەپێنراوەتە سەر حکومەتە قەرزکەرەکان، گرتنەبەری سیاسەتێکی دانیشتیوانییە کە پشت بە راسپاردەکانی رێکخراوە جیهانییەکان دەبەستێت. بەو پێیە لەسەر ئەو دەوڵەتانە، رێژەی منداڵ بوون زۆر کەم بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە تیۆریستانی ئەم سیاسەتە بیانووی سەلمێنراو دەدەنە ئەو دەوڵەتانە تاکو رازیان بکەن و راستی و پێویستی سیاسەتەکەیان بەهاووەڵاتیانییان بسەلمێنن.

سەڵماندنی کلاسیکی زۆر پەسەندکراوی "ئەم بەرێزانە"، ئەو هەڕەشەیەیە کە پێی دەگوترێت(بۆمبی دانیشتیوانی یاخود تەقینەوەی دانیشتیوانی کە هەردوو گوزارە ئاماژە بۆ کارەساتێك دەکەن، دەسەڵات بەسەریدا ناشکێ و زۆر ترسناکە.

ئەو پسپۆرانە ترسمان دەخەنە دڵ و وامان تێدەگەیەنن کە ئێمە پێویستیمان بە دەسەڵاتێك هەیە، ئەم گرفت و شەڕەمان لەسەر سووك بکات. هەراوهوریای(مەترسی تەقینەوەی دانیشتیوانی) خزمەت بە دوو هەڵویستی کۆمەڵایەتی جیاواز دەکات:

هەڵوێستی یەکەم: ئەو خاوەن دەسکەوت و پلەدارانە کە وای دەبینن، دەسکەوت وسوودەکانیان لەمەترسی دایە و دەڵێن: ئەگەر بێت ئەوانە بەم شێوەیە لە زاوزێ بەردەوام بن، ئەوا سپی پێست لەسەر زەوی رادەماڵرێ. بەمەش هەموو شتێك هەڵدەلوشن، ئینجا وەك لافاو بەرەو ئێمە دێن و پەنادەهێننە شارەکانمان و رەگەزی سپی تووشی مەترسی دەبێتەوە، لە دواییشدا رۆژئاوا دەرمێ.

هەڵوێستی دووهەم: رای(خێرخوازان) ئەوانەی بەم شێوەیەی خوارەوە بەزەییان بە هەژاران دێتەوە: ئەگەر جیهانی سێهەم بەم شێوەیە بەردەوام بێت لە زاوزێ، ئەوا بەم نزیکانە هیچیان نامینێت بیخۆن، ئەو کاتە سەری یەکتری دەبڕن. لەلایەکی ترەوە ئافرەتان لەنێو ئەم حەشرە گەورەیەی زاوزێ و منداڵ بوونەدا ناتوانن کۆت و پەیوەندێکانیان بپسێنن.

ناوەڕۆکی ئەم بیانووە پرۆپاگەندەیەکە کە دەڵێت> هەژارەکان خۆیان درووستکەری هەژاری خۆیانن و زۆری زاوزێ دەبێتە هۆی ئەوەی جڵەوی سیستەمی خۆراك لەم کۆمەڵگایانەدا لەدەست دەربچێت، کە لە کۆتاییدا توشی قات و قڕی دەبن، چونکە بەرهەمهێنانی ئەو کۆمەڵگایانە بەرامبەر حاڵەتەکانی فرە لە دایك بووندا، سنووردارە، کەواتە ژمارەی هەژارەکان زیاد دەکات و بەبەردەوام بەرەو هەڵکشان دەچن.

پاوڵ ئێریش یەکێکە لە تیئۆریستانی سیاسەتی دانیشتیوانی. ئەم بەرێزە باسی ئەزموونەکانی کەسایەتی خۆی دەکات و دەڵێت: گێروگرفتی تەقینەوەی دانیشتوانی لەلای من روونە. بەر لە ماوەیەك، لەشەوێکی گەرم و ناخۆشدا لە گەڵ ژنەکەم و کچەکەمدا لە شاری نیودلهی بووم، بە ئۆتۆمبیلێکی کۆن گەڕاینەوە ئۆتێل، کۆشنی ئۆتۆمبیلەکە پڕ بوو لە مێشوولە، بەهێواشی لەشارەکە دەڕۆیشتین، کەوتینە ناوچەیەکی چڕی کلۆڵ نشین، هەندێك خەریك خواردن بوون و هەندێکیان لە خەوێکی قووڵدابوون، هەندێکیش گاڵتەجاڕیان دەکرد، و هەندێکی دیکە شەڕیان دەکرد و کۆمەڵێکی تریان دەستیان بۆ پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکە درێژ دەکرد و دەرووزەیان دەکرد، چەند کەسێکیشیان لەناوەندی ڕێ میز و هاواریان دەکرد....

مرۆڤ...مرۆڤ...مرۆڤ... ئەگەرچی شوفێرەکە لەسەرخۆ لێیدەخوری، بەڵام تەپ و تۆز بەرز

دەبووەوە لە نێو ئەو ئاپۆرە ئادەمیزادەدا، پاڵەپەستۆی دەخستە سەر هۆرنەکەی... دیمەنەکە دەتگۆ دۆزەخە. لەخۆم دەپرسی، ئایا دەتوانین بگەینە ئۆتیل؟ بەراستی دەڵێم، هەر سێکمان دەترساین لەوەی کە لە هەر ساتێکدا شتێك بقەومێ... بەهۆی چەند شەوێکەوە دەزانم زیادبوونی دانیشتیوان چی دەگەیەنێ!...

بەڵام( هۆیمە فۆن نیتفۆرد) کە نوێنەرایەتی دیدوبۆچوونی خێرخوازەکانە و بە ئاگادارییەکی بەرز رەفتار دەکات و سۆزی بە لای هەژاراندایە، دەڵێ ... ساڵانە ٠٠٠ ٠٠ ٤ مندال دەمرن، واتە لە چرکەیەکدا ٢مندال. مندالآن برسیان دەبێت، ئەمە ترسناکە. کارەساتەکە زۆر لەوە گەورەتر دەبێت، چونکە رزگاکردنی هەر منداڵێك لەو مندالآنە لەلایەن رێکخراوە خێرخوازەکانەوە، دەبێتە هۆی پەیدا بوونی چوار – پێنج یا زیاتر لەو مندالآنە بۆ نەوەکانی داهاتوو...

بیروانی سیاسەتی دانیشتیوانی، ئازادی ئافرەتان بە پاراستنی ژینکەوە دەبەستن، بەمەش دوو چۆلەکە بە بەردێك دەکوژن، چاو لە هۆکارە راستەقینەکانی گیروگرفتی ژینکە دەپۆشن و ئەم تیئۆریەی خوارەوە دەخەنە روو: تەقینەوەی دانیشتیوانی لە جیهانی سێهەمدا هۆکاری هەرە گەورەی کارەساتەکانی ژینکەیە، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانەی هەرەشەی برسێتیان لێدەکرێت، هەڵدەستن بە بەکارهێنانی زەوی بە شێوەیکی خراپ وئەو دارستانانەی کەوا قەرەبوو ناکرینەوە، لە رەگەوە دەردەهێنن تاکو سووتەمەنیان دەستکەوێت یا بێستانێکی نوێ وەبەربهێنن...

کتێبی( هەواڵەکانی دانیشتیوان) کە ١٩٨٨لەلایەن یونسێفەوە دەرچووە، ئاماژە بەمە دەکات: یەکلاکەرەوە لەزیادبوون و تێکدانی چاووگە سرووشتێکان دەگەرێتەوە بۆ خێرایی گەشەسەندنی دانیشتیوان و خێرایی بەرزبوونەوەی پێویستی بۆ کەرەستەی خۆراك و وزە و کەرەستەی سەرەتایی لە جیهانی سێهەمدا.

راستێکان، درۆکانی ئەو سیاسەتمەدارانە سەبارەت بە(زیادبوونی دانیشتیوان) بەدرۆ دەخەنەوە. ئەو درۆیانە زۆر بۆچوون دەربارەی تەنگی و لێشاوی ئادەمیزاد لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم دەورۆژێنی، بۆ نموونە: چڕی دانیشتیوان لە ئەلمانیا دەگاتە٢٤٥ کەس لە کیلومەترێکی چوارگۆشەدا، لە کاتێکدا چڕی دانیشتیوان لە هیند دەگاتە٣٠٥ کەس لە کیلومێترێکی چوار گۆشەدا. دەوڵەتانێك وەك سویسرا، دەنیمارك، ئەلمانیا، بەلژیك، هۆڵەندا لە نێو ئەو ١٠ دەوڵەتانەن کە چڕی دانیشتیوانییان هەیە لە جیهان و لە چڕی دانیشتیوانی پۆلیڤیا، تشاد، سۆمالیا بە جۆرێك زیاترە کە ئەم دەوڵەتانە بە پلەی ١٨–١٩–٢٠دێن، لە گەڵ ئەوەشدا مورکی زیادبوونی دانیشتیوان دەدەنە پاڵ ئەم سێ دەوڵەتەی دوایی!!!

لەلایەکی دیکەوە تێکرای بەکاربردنی رۆژانەی هاووەڵاتی سویسرا، دەنیمارك، ئەلمانیا یەکجار زیاتـرە لە تێکرای بەکاربردن لە پۆلیڤیا، سۆمالیا و تشاد. بابەتی یەکلاکەرەوە، پرسیارکردنە لە چاوگی ئەو کەرەستانەی کە دەوڵەتانی باکوور دەستیان دەکەوێت!

بـێگومان ئـەوە دانیشـتوانی دەوڵەتـە پیشەسـازییەکانن کـە ¾ بەرهـەمی جـیهانی بـەکار دەبـەن(وزە، کەرەسـتەی خـۆراك). بۆ نموونە: هاووەڵاتییەکی ئەلمانی ١٧جار و دوو هێندەی هـاووەڵاتی هیندسـتان وزە بـەکار دەهێنێـت. هاووەڵاتـیەکی ئەمـریکی ٢٧جـار دووهێـندەی هـاووەڵاتی چـینی وزە بەکاردەهێنێـت. هەسـتان بـە بەراوردکـردنی هـەژاری و خۆشگوزەرانی لەچاو چڕی دانیشـتیوان بـە هـیچ شێوەیەك راست نییە، چونکە گرفتی سەرەکی"دەوڵەتانی جـیهانی سێهەم" گرفتی دابەشکردنە. دانیشتیوان لەوێ لەبەر منداڵ بوون یا لەبەر بەرزبوونی تـێکرای گەشـەکرنیان برسـی نـابن، بـەڵکو لەبـەر ئەوەیە سامانی ئەو وەڵاتانە دابەشدەکرێتە سـەر دەوڵەتـە پیشەسـازییە گـەورەکان( ئۆروپـای خۆرئـاو و ئەمـریکای بـاکوور). لەسـایەی سیستێمی ئابووری جیهانی باڵا دەست، ٨٠٠ملیون مرۆڤ لە هەژارییەکی قات و قڕی دادەژێن و ٤٥٠ملیون مرۆڤ تووشی برسێتی هاتووە و ٢٠٤ملیون مرۆڤ ئاوی پاکی خوارنەوەیان نییە.

زاراوەی"زیـادی دانیشـتیوان" ئامـاژە بـە هـیچ راسـتییەك ناکـات، بـەڵکو چـەند مەسـەلەیەك لـێکدەداتەوە کـە خـزمەت بـە بەرژەوەندیـەکی دیاریکراو دەکات. لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە پێویستی بە شێکردنەوەیەکی فراوان هەیە لە سیستێمی ئابووری جیهان. مەبەستم سیستێمی ئیمپریالیزمە یاخود ئیمپریالیزمی باوکسالاری.

ئەم سیستێمە لەسەر ئەم خاڵانە راوەستاوە:

- لەناوبردنی هەژاران لە جیاتی زاڵبوون بەسەر هەژاریدا.
- لەناوبردنی یەدەکە شۆرشگێڕییەکان.
- بەرتەنگکردنەوەی کۆچکردن

هـەژاری هەڵەیـەك نیـیە داخـی بـۆ بکێشـرێت، بـەڵکو ئەنجامـە و لەهـەمان کـاتدا مەرجێکە بۆ پـتەوکردنی کۆنـترۆڵی دەوڵـەتانی بـاکور بـۆ باشـوور کـە ئەمـەش لەسـەر مێژووی کۆلۆنیالی و ئیمپریالیزمی هاوچەرخ و قۆرخکردنی بێ رادەیان بۆ مرۆڤ و کەرەستەی خاو لە کیشوەرەکانی ئەفـریقا، ئاسـیا و ئەمـریکای لاتـین دامـەزراوە. نـرخی هـێزی کـار لە وەڵاتانی باشوور بەهۆی دەستبەسـەر راگرتنی کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوە لەسەر ئەو بازارانە ناکاتە هیچ. بۆ نموونە، هـەر لـە پەنجاکانـەوە ئەمـریکا بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ خـۆی لەبەرهەمهێـنانی کەرەسـتەی خۆراك لە جیهانی سێهەم هەڵدەقورتێنێت.

ئـەوان چـەندین تـەن گـەنم بەنرخێکی هەرزانتر لەبەرهەمی ناوخۆ بۆ ئەو دەوڵەتانە دەنێرن، کە لـە ئـەنجامدا بنەماکانی ژیانی جووتیاران و بازرگانە گچکەکان لەدەست دەچێت.چونکە کەس دانەوێلـە و برنجـیان ناکڕێـت و هـەنگاوی دواتـری سـەرمایەداری دروسـتکردنی بـواری کشـتوکاڵییە، بەیارمـەتی مەکینـە و پەینی کیمیاوی، کە جووتیارە گچکەکان و ناوەنجییەکان ناتوانن بگەنە ئەو پەرەسەندنە. بەمەش ناچار دەبن زەوییەکانیان بفرۆشن بە کۆمپانیەکان یا لـەو وەڵاتانـەی کـە ڕژێمـە دیکتاتۆری و فاشـیەکان حوکمیان کـردووە، هـێز لـە دژیان بەکار هـاتووە، ئەنجامەکەشـی سـەرهەڵگرتن، کۆچـکردنی بـە کۆمـەڵ بـوو بـۆ شـارەکان. بەمـە سـەرمایەداری ئامانجـەکانی خـۆی بەدیهێنـا. ملـیونان مـرۆڤ ناچـارکران بچـنە ژێـر مەرجـە نوێـیەکانی کارو لە گەڵیدا گرفتێکی نوێ سەریهەڵدا...زیاد بوونی نەدارە برسییەکان، ئەوانەی بەبۆچوونی سەرمایەداران هێزێکی زیاد لە پێویستن، بەواتایەکی تر: زیادبوونی دانیشتوان.

لەسـەرەتای حەفـتاکان، لـە دەولـەتانی مـیترۆپۆل، پەرەپـێدانی هەمـە جـۆری(Triage- زاراوەیەکی پزیشکی سەربازییە) بەکارهێنا، بەواتای دابەشکردنی بریندارەکانی جەنگ بۆ سێ بەش:

١/ ئەو بریندارانەی کە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن و سوودبان لێوەربگیرێ و جارێکی دیکە ڕاپێچی جەنگ بکرێنەوە.

٢/ ئەو بریندارانەی کە پێویست بەچارەسەرکردن ناکەن.

٣/ ئەو بریندارانەی کە بەهیچ شێوەیەك لە ڕووی پزیشکییەوە بایەخیان پێنادرێ و ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە.

لە سیسـتێمی ئـابووری ئیمپریالـیزمی جیهانیدا، ئەم ڕێگایە لەسەر گەلانی "جیهانی سێهەم" جێبەجێ دەکریت و (Triage) بـەواتای برسـیکردنی گـەلان بـە ئاگادارییەکی پێشوەخت و ئافرەتە زەحمەتکێشەکان بەپلەی یەکەم ڕووبەڕووی باری قورسی ئەم سیاسەتە دەبنەوە.

ئافـرەتان٥٠٪ی دانیشـتوانی جـیهان پێکدەهێـنن و زۆریـنەی هـەژار و بێـبەش پێکدەهێـنن. سـەرەرای ئـەوەی ٣/٢ی کاتژمێرەکـانیان کـار دەکـەن،١/١٠ی داهـات بەدەسـت دەهێنن، لە کاتێکدا پـیاوان بـەهۆی دابەشـکردنی کـارەوە ڕۆڵـی باوکایـەتی دەگێڕن و داهاتـێکی نیمچـە چەسـپاو وەدەسـت دەهێـنن. پیاوان دەتوانن سەری خۆیان هەڵبگرن و بۆ شار یا دەوڵەتێکی تـر بـڕۆن بـۆ دەسـگیرکردنی کـار، بەرامبەر بەمەش ئافرەتان لەسەریانە لە ماڵەوە بمیننەوە، چـونکە لێپرسـراوییەتی مـنداڵی دەکەوێـتە ئەسـتۆ، ئەگـەر ناچار بن شوێنی دانیشتیان بەجێ بهـێڵن، ئـەوا دەبـێ منداڵەکانـیان لـە گـەڵ خۆیـان ببەن. ساڵانە مرۆڤی "جیهانی سێ" ناچار دەکرێـت لەبـەر برسـێتی و شـەڕی نـاوخۆ و چەوساندنەوەی سیاسی هەڵبێت. ژمارەی ئەمانە

دەگاتە ٢٠ملیون کەس،٩٠٪یان ئەو ئافرەت و منداڵانەن کە دەتوانن بگەن بە یەکێك لە ئۆردوگاکانی پەنابەران لە دەوڵەتانی دراوسێ.

ئافرەتان لە پیاوان کەمتر دەخۆن و زۆربەی جار لە منداڵانیش کەمتر، منداڵان لە رەگەزی مێینە خۆراکی کەمتریان دەستدەکەوێت، لەبەر ئەمەیە رێژەی خێرایی مردن لە نێوانیاندا زۆرترە. بەپێی یەکێك لەسەر ژمێریەکان کە لە"جیهانی سێ"دا کراوە، توانیویانە بگەنە ئەنجامی وەك یەك لەوەی کچان زۆرتر لە کوڕان تووشی کەم خۆراکی دەبن و لە ژێر مەرجە سەختەکانی ژیانی ئەو وەڵاتانەدا سکپڕی و لە دایك بوون بۆ زۆر لە ئافرەتان مەترسییەکە بۆ سەر ژیانیان. بەپێی سەرچاوەکانی رێکخراوی تەندەروستی جیهانی، سکپڕی و لە دایك بوون هۆکاری پێنجەمی هەرە بەهێزن بۆ مردن، بەجۆرێك ژمارەی ئەو ئافرەتانە کە بە هۆی منداڵبوونەوە نەخۆش دەکەون، ساڵانە بە ٢٥ملیون ئافرەت دەقەبلێنرێ و ٣/٢یان بەهۆی کەم خوێنییەوە دەتلێنەوە.

ئەم نموونانە بەئاشکرا دەریدەخەن کەوا سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم، چونکە سیاسەتی باوکسالارییە، زیاتر دژ بە ئافرەتانە وەك لە پیاوان. ئەم چەوسانەوە دژ بە مرۆڤە بەهێمنی رەت نابێت، لە هەموو شوێنێك رووبەرووی بەرەنگاربوونەوە دەبێتەوە، جارێك بە رەمەکی و جارێکی تر بە رێکخراوی و درێژخانەیی کە بریتییە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی: مانگرتن، سەرهەڵدان لە پێناوی ناندا و دەستراگرتنی جووتیاران بەسەر زەویدا، بووە بە بەرنگاربوونەوەیەکی رۆژانە. لەهەموو شوێنێکدا لەبەر ئەمە، دژایەتیکردنی ئەو بەرانگارییە، بووە بە بەشێکی گرنگ بە هەموو شێوازەکانییەوە لە سیاسەتی ئیمپریالیزم، وەك کردارەکانی جاسوسی، ئەشکەنجەدان، هەتککردن، جەنگ، برسی کردن و هەموو چەکێکی دی.

سیاسەتی دانیشتوانی یەکێکە لە گرنگترین هۆکارە یەدەکەکانە بۆ دژایەتیکردنی موقاوەمەت.

- لە پۆرتۆریکو، ساڵی ١٩٣٥ ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئەم دورگەیەی داگیرکرد، بەبێ ئەوەی مافی هەڵبژاردنیان پێ رەوا ببینێت. لەوێدا، شاڵاوێکیان رێکخست بەناوی(چالاکی). ئامانجەکەی ئەوە بوو، زۆرترین ژمارەی ئافرەتان نەزۆك بکەن. بەم جۆرە ٥٣نەخۆشخانە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد. لە کۆتاییی حەفتاکاندا، راوێژکارەکانی پرۆتریکۆ بە حکومەتی ئەمریکی پلانی ساڵی ٢٠٢٠یان پێشکەشکرد، کە ئەم بەندانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١/ سوودوەرگرتن لەم دورگەیە وەك بنکەیەکی سەربازی.

٢/ وەك بنکەیەك بۆ پیشەسازییە تەکنیکییە جیهانێکان.

٣/ وەك بنکەیەك بۆ پیشەسازی کانزاکان کە بەکاردێن بۆ تصمیمکردنی گواستنەوەی چەکی ئەتۆمی.

ئامـانجی ئـەم پلانـە ئـەوە بـوو، ژمـارەی دانیشتیوان لە ٤ملیون کەسەوە بکەن بە نیو ملیون کەس بۆ ساڵی ٢٠٢٠.

جـێ بـەجێ کـردنی سیاسـەتی دانیشتوانی بەیارمەتی ئەو فەرمانگەو دامەزراوانە دەکرێت، کە لەسـەر ئاسـتی نیشـتیمانی و جـیهانی دامـەزراون. ئەوانـەی کـە هەڵسـورێنەری ئەم سیاسەتە تاوانکارییەن لە دەرگای ئەو ڕێکخراوانە دەدەن کە وەك مافیا کاردەکەن. لەو دامەزراوانە:

١/ سەنوقی دراوی نیودەڵەتی و بانقی جیهانی.

٢/ نووسینگەی پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی جیهانی(AID)کە سەر بە حکومەتی ئەمریکایە.

٣/ قونسولییەکانی ئەمریکا و کاروباری دانیشتوان(PC).

٤/ سەنوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری(UNFPA)

٥/ IPPF فیدراتسیونی ڕێکخستن و نەخشەی خێزان.

٦/ Pro Familie لە ئەلمانیا.

٧/ وەزارەتی هاریکاری ئابووری و تەکنیکی(BMZ) لە ئەلمانیا.

ئافرەت بەرژەوەندی ڕەهایی هەیە لە دیاریکردنی بڕیاری منداڵ بوون یا منداڵ نەبووندا، بەڵام ئەم بڕیارە دوور لە پێویستییەکان و بڕیارەکانی کەسایەتییان دەدرێت.

منداڵ بوون بەهۆی پێداویستەکانی مسۆگەری ژیانەوە دێتە کایەوە. لە زۆر وەڵاتان بۆی هەیە بـە ڕێگـای منداڵـبوونی زۆرەوە، بوونـی خێزان و دایك و باوك لە پیریدا مسۆگەر بکرێت. هەروا لەوانەیـە لـە کشـتوکاڵ و ئـابووری خـێزان بخرێـتە کـار. هۆی تر ئەوەیە، لەدایك بوون دەبێتە هـۆی دانـنان بـە کەسـایەتی ژن، چـونکە لـە کۆمـەڵگای باوکسـالاریدا پێوانەی ژن بە گوێرەی توانـای بـۆ مـنداڵ بـوون دەکرێـت و هەرچـەند زۆرتر منداڵی ببێت، بەهاو نرخی لە گەڵدا بەرز دەبێـتەوە. مـنداڵی نـێر پەسـەندتر دەکرێـت و ئـەو ژنانـەی مێیـنەیان دەبێـت ناچـار دەکرێن بەردەوام بن لە زاوزێ تا ئەو کاتەی نێرینەی دەبێت. چەندین هۆکاری زۆرتریش هەن...

زۆر جـار ئافـرەتان دژی بوونیمـنداڵن، لەبـەر ئەمـە ڕوو دەکەنە کرداری لەباربردن. بۆ نموونە سـەرۆکی لێتوژینـەوەکان لـە پەرلـەمانی مەکسـیکی ڕایگەیاند کەوا دوو ملیون ژنی مەکسیکی سـاڵانە منداڵەکانـیان لەبار دەبەن و وایش دەیقەبلێنن کە نزیکەی ٢٠٠٠٠٠هەزار ئافرەت لە بەر ئـەم هۆیە گیانیان لە دەست دەدەن. ڕێکخراوی تەندەروستی جیهانی وای دەقەبلێنێ کە دوو ملـیون تـا چـوار ملـیون ئافـرەتی بەرازیـلی ساڵانە لەباربردن ئەنجام دەدەن و لە کۆلۆمبیاش ٢٨٠٠٠٠ئافـرەت. بـەو پێـیە لە هەر پێنج حاڵەتی زگپڕی، حاڵەتێك تووشی لەبارچوون دەبێت. ئەمەو زیاتر لە نیوەی ئەو ژنانە بەهۆی زگپڕییەوە تووشی مردن دەبن. لەبەرچوونی ناشەرعی لای ئەو ژنانە کە گەیشتوونەتە ١٥-٣٩ساڵ هۆی سەرەکی مردنیانە.

– سیاسەتی دانیشتیوانی رەگەزپەرەست و سێکسیانەیە، ئامرازی ئیمپریالیزمی هاوچەرخە و لەرووی ماددی و ئایدلۆژییەوە خزمەتی ئامانجی پتەوکردنی دەسەڵاتیان دەکات و شەرعییەت دەداتە ئەو هۆکارو شێوازانەی کە دەبنە هۆی مانەوەی یاساکانی بۆرژوازی. ئەمەش بەدابەشکردنی ئادەمیزاد بۆ ئەوانەی مافی ئەوەیان هەیە لە گەشەکردن و ژیان بەردەوام بن و ئەو ئادەمیزادانەی کە رەوایە ژیانیان لێ زەوت بکرێت. ئەم سیاسەتە بە پلەی یەکەم ئاراستەی ژنانی"جیهانی سێهەم" کراوەتەوە، هەروەها دژی پەنابەران. یاسا نوێکانی پەنابەرێتی خزمەتی ئەو فاکتەرانە دەکات.
ئەم نامیلکەیە بایەخێکی گرنگ و گەورەی هەیە و پێویستە بەوردی بخوێرێتەوە، رۆڵی ئێستای ئەم سیاسەتە لە سیستێمی نوێی جیهان باشتر بناسرێت.

ئەم بابەتە لە کتێبەکە وەرگرتبوو و بەزمانی عەرەبی نووسیم. کاک خالید عوسمان کردوویەتی بە کوردی و لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ١٩٤، لا پەڕە ٣لە ١٩٩٥/١١/٥ بلاوکرایەوە.

# بەردە گەرمەکە

لە دێیەکی یەریڤاندا، پیاوێکی پیر بەتاقی تەنها دەژیا، مرۆیەکی لاواز ونەخوش بوو . پاسەوانی باغچەی هەرەوەزی لادێکە بوو ولە پالّیدا سەبەتەی دروست دەکرد. زەمانێکە ئەم پیاوە لە جێگایەکی دوورەوە هاتووە و لەو دێیە نیشتەجێ بووە، هەر لەو کاتەشەوە دانیشتوانی دێکە درکیان بەوە کردبوو، کە ئەم پیاوە زۆری بەسەر هاتووە. پیاوەکە نەختێك دەشەلی وپرچیشی پێشوەخت سپی بۆتەوە، لەسەر روومەتی ئاسەواری برینێکی درێژ مابووەوە، هەر لەسەر گۆنایەوە تا سەر لێوی درێژ بوو، هەر بۆیەش تەنانەت لە کاتی پێکەنینیشدا ڕوخسارێکی غەمگین و داماوی هەبوو .

ڕۆژێکیان سیڤان بە سەر پەرژینی باغچەی هەرەوەزێکە سەرکەوت، بۆ ئەوەی بەدزیەوە تێرتێر سێو بخوات. بەلاّم پانتۆلّەکەی بە میخێکی پەرژینەکە گیریخوارد وکەوتە سەر دارە دڕکێك، هەمو گیانی بریندار بوو، لەبەر ئازاری برینەکەی هاواری لێهەستا، پاسەوانەکەش دەستبەجێ گەیشتە سەری.

پاسەوانەکە زۆر بەئاسانی دەیتوانی سزای سیڤان بدات یا خراپتری بەسەر بهێنێت، بۆ نموونە بیبات بۆ قۆتابخانەکەی، بە قۆتابی و مامۆستاکانی بلّێت چ کارێکی نابەجێیکردووە، بەلاّم مامەپیرە بەزەیی بەحالّی سیڤان هاتەوە، دەیبینی دەستوپەلی هەموو خوێناوی بووە، پانتۆلّەکەی وا دڕابوو، پارچەیەکی وەك کلك پێدا شۆرببوەوە، بەسەر گۆنا سوورەکەی هۆن هۆن فرمێسك دهاتە خوارەوە. پیرە بەبێ دەنگ سیڤانی لە هەرەوەزێکەوە بۆ دەرەوە بەڕێکرد، تەنانەت بەدوایشەوە دەنگێکی هەلّنەبڕی .

سیڤان لەبەر شەرمەزاری و ئازارەکەی رووی لە دارستان کرد، ڕێگاکەی لێ ونبوو، خۆیی لەناو لیتاوێك بینیووە ولە کۆتاییشدا ماندوو بوو . لەناو قەوزەی لیتاوەکە بەردێکی بەرچاوکەوت

ولەسەری دانیشت، بەڵام یەکسەر بەزیرەیەکەوە لە سەریدا هەستا. یەکەمجار وای زانی لەسەر ماڵە هەنگێك دانیشتووە ولە تۆی پانتۆلە دڕاوەکەیەوە پێیانداوە، بەڵام هیچ هەنگێکی لەسەر بەردەکە بەرچاو نەکەوت وبۆی دەرکەوت بەردەکە وەکو خەڵوزێکی سوور گەرمە. لەسەر دیووە سافەکەی پیتی نووسراوی قوڕاوی بەرچاوکەوت. سیڤان لەبەرخۆیەوە ووتی: ئەمە بارودۆخێکی ئاشکرایە، ئەم بەردە تەلیسماوییە، پێڵاوەکەی داکەنی وبەژێرەکەی قوڕەکەی لەسەر نووسینەکە لابرد، پاشان دەستیکرد بە خوێندنەوە: هەرکەسێك ئەم بەردە بۆ سەر شاخەکە سەربخات وپاشان بیشکێنێت لاوێتی بۆ دەگەڕێتەوە، دەتوانێت ژیانی سەر لە نوێ دەسپێبکاتەوە. لەخواریشیەوە مۆرێکی بەسەریەوە بوو، بەڵام مۆرەکە بازنەیی نەبوو وەك مۆری شوورای لادێکە، سێ سووچیش نەبوو وەك مۆری بازاڕی هەرەوەزیکە، بەڵکو زۆر ئاڵۆز بوو.

سیڤان خەم دایگرت، چونکە تازە تەمەنی بووە بە هەشتساڵ، ژیان سەر لەنوێ دەستپێکردن ئەوە دەگەیەنێت، سەرلەنوێ بچێتە پۆلی یەکەم، بۆ ئەمەیش بەهیچ جۆرێك ئارەزووی نەماوە، ئەگەر بەردەکە یارمەتی بدابا بەبێ خوێندن بۆ پۆلی سێهەم بازبدات، ئەوا ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە و دەیکرد، بەڵام هەمو کەسێك دەزانێت سیحراویترین بەرد کارێکی وای پێناکرێت.

کاتێك سیڤانی خەمدار بۆ ناو دێکە دەگەڕێتەوە، لەتەنیشت باغچەی هەرەوەزێکە تێدەپەڕێ، سەرلەنوێ چاوی بە پاسەوانەکە دەکەوێت، وەك هەموو جارێك دەکۆکێ وزۆر جار لەکاتی ڕۆیشتنیدا رادەوەستێت وپشوویەکی کورت دەدات، سەتڵێکی گەچ هەڵگرتووە وگسکێکی لەسەر شانە. لەم کاتەدا سیڤان کە هەر بەسروشت منداڵێکی ئازایە، بیرێکی بۆ کردەوە: ئەم پیاوە بەبێ سێ ودووکردن دەیتوانی فەلاقەم بکات، بەڵام بەزەیی پێکردم، منیش بەهەمان شێوە بەزەییم بەئەو دێت، گەنجایەتێکەی بۆ بگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی چیتر نەکۆکێت، نەشەلێت وچیتر بە زەحمەت هەناسە نەدات. سیڤان بە نیازێکی وا باش چوو بۆ لای ویەکسەر بۆی گێڕایەوە چی دۆزیوەتەوە. پیرە بەروخسارێکی مۆنەوە سوپاسی‌کرد، بەڵام ئامادە نەبوو جێی کارەکەی بەجێبهێڵێت و بەرەو لیتاوەکە بڕوات، چونکە هێشتا لەم دنیایەدا کەسانێکی وا هەن ئامادەن لەو ماوەیەدا بۆ ناو باغچەی هەرەوەزێکە بڕۆن و بەروبومەکەی تالان بکەن. پیرە بە سیڤانی ووت> بەخۆت بڕۆ بەردەکە بۆ سەر شاخەکە سەربخە، پاشان منیش بۆ یەك چاوتروکاندنێك دێم و بەهەر شتێك بێت خێرا هەوڵی شکاندنی دەدەم. ئەم بادانەوەیە نەچوو بە مێشکی سیڤان، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیویست بێزاری بکات هیچی تری نەوت.

بۆ رۆژی داهاتوو سیڤان گونیەیەکی باشی خستە سەر شان، بۆ ئەوەی دەستی نەسوتێت دەستکێشێکی لەگەل خۆی هەڵگرت و ڕێگای لیتاوەکەی گرتە بەر. لەوێ ڕەنجێکی زۆری دا بەردەکە لەناو لیتاوەکە دەربکات، هەمو گیانی بوو بە قوڕوچڵکاو، بەهەناسە بڕکێیەکەوە بەردەکەی گەیاندە سەر گیا ووشکبۆکەی کەناری شاخەکە، لەو بڕوایەدا بوو کە ئێستا ئیتر دەتوانێت بۆ سەری شاخەکە سەریبخات، پاشان پاسەوانەکە دەگاتە لای، بەردەکە دەشکێنێت وگەنج دەبێتەوە، تەمەنی گەنجایەتی سەر لەنوێ دەسپێدەکاتەوە. خەڵکی دێکە دەڵێن پیرە دنیا دیدەیە، کابرایەکی بێکەس وبەتەمەنە، هەروا نەخۆشە ولەشی زۆر برینداربووە، بێگومان بە هیچ جۆرێ ژیانێکی بەختەوەری بەسەر نەبردووە، بەلاّم کەسانێکی وا هەن بەختەوەریان بینیوە. بەخودی سیڤان کە هێشتا گەنجێکە، هەتا ئێستا سێ جار بەختەوەری هاتووەتە ڕێگای. جارێکیان لەوەدا بوو لە قۆتابخانە دوا بکەوێت، لەسەر ڕێگا شوفێرێکی نەناس سواریکرد و ڕێك لەکاتی خۆی بە دەوام گەیشت. جارێکیتر لە بەهار ماسیەکی ناو گۆمە ئاوێك بەدەستگرت، جاری سێهەمیش ڕەنجەی مامم بردی بۆ یەریڤان، لەوێ ئاهەنگی یەکی ئایاریان دەگێڕا. سیڤان لەبەردەم خۆیەوە ووتی: دەبێ ئەم پیاوە پیروخێرنەدیوە ژیانێکی باشتر بەسەر ببات، هەستایە سەر پێ و بەشێنەیی بەردەکەی بۆ سەر شاخەکە سەرخست .

پێش خۆرئاوابوون سیڤان ماندوو بوو، لەسەرمادا دەلەرزی، جلوبەرگە تەڕو پیسەکەی لە تەنیشت بەردە گەرمەکە هەڵخست. لەم کاتەدا پیرە پەیدا بوو.

سیڤان بەسەرسورمانێکەوە پێی وت: باوەڵێ ئەوە تۆی، ئەی باشە ئەوە بۆچی نە چەکوشێك، نە تەورێك یان بەردشکێنێکت لەگەل خۆ نەهێناوە؟ یا دەتەوێت بەردەکە بەدەست بشکێنیت؟

پیرە لەولاّمدا ووتی: سیڤان نەخێر، من نامەوێت بەردەکە بەدەست وردووخاش بکەم، بەهیچ شێوەیەك نامەوێت بەردەکە بشکێنم، چونکە من نامەوێت ژیانم سەرلەنوێ دەستپێبکەمەوە. پاشان لە سیڤانی تاساو نزیکتربووەوە ودەستێکی بەسەر سەری هێنا ـ سیڤان هەستی بەدەستە قورس و لەرزاوێکەی کرد ـ. تۆ لەو بڕوایەدا بووی من پیاوێکی پیروسەقەت وخمبارم، بەلاّم لە راستیدا من خۆم بە بەختەوەرترین مرۆڤی جیهان دەزانم. کاتی خۆی کە هێشتا بە لێنەهاتویانەوە پەرژینەکانمان دەڕوخاند، مەتەرەسمان دژی رژێم دادەمەزراند، ئەستونێك رووخا و قاچی شکاندم. ئەو کاتە دژی قەیسەر راپەڕینمان بەرپاکرد، ئەو راپەڕینانە کە تۆ تەنها بە وێنەکانەوە دەیانناسیت. هەروا ئەوان ددانەکانمیان شکاند، ئەمەش هەر کاتی خۆی روویدا، ئەو کاتەی لەناو زیندان هەمومان پێکەوە سروودە شۆرشگێرانەکانمان

دەوتـەوە. لـەگۆڕەپانی خـەباتدا بەشمشـێر ڕوومتیان لەتکردم، ئەمیش هەر ئەو کاتە ڕوویدا، لەوکاتەی یەکەم حکومەتی گەل خەبات دژی لەشکری سپی دوژمنانی بەرپادەکرد . .

لـە ڕۆژێکـی سەرماوسـۆلدا لەناو خانویەکی تەختە، تووشی نەخۆشی تیفۆ بووم ولەسەر جێگا پووشـەکە دەتلامـەوە. لـەم کاتـەدا هـەواڵی ئابلوقـەدانی حکومەتـە شـوورایيکەمان وهـەوڵی دوژمـنان بـۆ لەناوبـردنمان، لەمـەرگ زیاتـر هەڕەشـەی لـێدەکردم. بـەڵام کاتێك لەگەڵ یەکەم تیشـکی ڕۆژی بـریقەدار بەخـبەر هـاتم، هـەواڵی تێکشـکاندنی هـێزەکانی دوژمـنانم پێگەیشـت وسـەرلەنوێ ئـێمە کەوتیـنە بـاری هـێرش بەرپاکـردن. بەخـتەوەرانە لەسـەر سـەرینە تەختەیەکانەوە پەنجە ئێسقاناوێکانمان بۆ یەکتری درێژ دەکرد، بەشەرمێکەوە خەونمان بەوە دەبینی، ولاتە شوورايیکەمان لە ئێستا گەورەترو بەهێزتر ببێت، نە بۆ سەردەمی ئێمە، بەڵکو بۆ نـەوەکانی پـاش ئێمە. ئایا ئەمە بەختەوەری نیە سیڤان؟ جا من چ پێویستیەکم هەیە بە ژیانـێکی تـر؟ گەنجایەتیـیەکی نـوێ ؟ ڕاسـتە ئـەوەی مـن ژیانـێکی سـەخت بـوو، بـەڵام ژیانێکیخاوێن و ڕاستگۆیانە بوو!

پـیرە بـێدەنگ بـوو و سـەبیلەکەی دایگیرسـاند. سـیڤان بەهێمنی پـێووت: بـەڵێ بـاپیرە، کـەوابێ ئـیتر مـن لەبەرچـی خۆمـم بـەم شـێوەیە ئـازاردا و بەردەکـەم بـۆ ئـێرە سەرخست، لەکاتێکدا دەشکرا هەر لەجێگاکەی خۆی لەناو لیتاوەکە بیهێڵمەوە ؟.

پیرە: لێیگەڕێ با هەر لێرە بێت، دەبینیت چی لێدەکرێت.

ئـەوە چـەندین سـاڵە بەسـەر ئـەم ڕووداوە ڕۆیشـتوە، بـەڵام بەردەکـە هێشـتا هەر وەك خۆی لەسـەر شـاخەکە ماوەتەوە. زۆر کەس دەهاتن بۆ بینینی بەردەکە، تەماشایان دەکرد، بیریان لـێدەکردەوە، سـەریان بـۆ بـادەدا وبـەڕێگای هاتنەکەیانەوە دەگەڕانەوە. جارێکیان منیش بۆ سـەر شـاخەکە ڕۆیشـتم، لـەوێدا ویـژدانم ئـازاری دام وگێژبووم. پاشان وتم جا بۆ نا، بەردەکە دەشـکێنم و ژیانم سەرلەنوێ لە ئەوەڵەوە دەستپێدەکەمەوە. بەڵام نەختێك ڕاوەستام وخۆمم هێنایە پێش چاو.

ولەبـەر خۆمـەوە ووتم قسـەی قـۆڕ، هاوسـێکان چـیم پـێدەڵێن ئەگـەر ئێسـتا بـە خۆگەنجکردنەوەوە بمبیـنن؟ بـێگومان یەکسـەر دەڵـێن ئـەوە گـێلە پـیاوەکەیە، کـاتی خۆی نەیزانی چۆن بژێت، ڕێگای بەختەوەری بەدی نەکرد، ئێستا تازە بە تازە دەیەوێت سەرلەنوێ ژیانی لە ئەوەڵەوە دەستپێبکاتەوە .

جگەرەیەکم پێچایەوە وبە بەردەکە دامگیرساند بۆ ئەوەی تەڵە شخاتەیەکی کەمتر بەکاربهێنم وبەڕێگاکەی خۆم گەڕامەوە .

نووسەر : ئەرکەدی جەیدار

لە رووسیەوە بۆ ئەڵمانی : تۆماس ریشکە

وینەکێش : پیترا ڤیکانت

١٩٩٧/١٠/٢٦

# سالأنی پڕ ئەشكەنجەی مەوریسیۆ رۆزنكۆف

یەكێكە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی تۆپامارۆس

رۆزنكۆڤ، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٥٠ساڵ بەسەر لەناوبردنی دەسەلأتی فاشییەت و وەرگێڕانی رۆمانەكەی(دێر بەتەراس)بۆ زمانی ئەلمانی لە لایەن بەربارا فری، سەردانی ئەلمانیای كرد. لێرە، بەردەوام لەلایەن بنكە رۆشنبیری، زانكۆ و گروپ و حزبە چەپەكاندا مێوانداری دەكرا. بەم زووانە شانۆگەرییەكی لە هامبۆرگ پێشكەش دەكرێت و لە چاپ دەدرێت.

لە ١٦/٥/٩٥دا لە شاری گوێتنگن كۆڕێك بۆ پێشكەش كردنی رۆمانەكەی(دێر بەتەراس) سازكرا.ئەم مرۆڤە پڕ ئازار و ئەشكەنجەیە، بە پێكەنین و نووكتەوە باسەكەی پێشكەش دەكرد. دەربارەی رۆمانەكەی وتی:"ئەم رۆمانە درێژە پێدانی رۆمانی– وەك لاولاو بەقەد دیوارەكانەوە– یە. ئەم دوو رۆمانە لەباری ژیانی ناو زیندان دەدوێن، یەكەم راستەوخۆیانە و دووهەمیشیان، پڕ لە فەنتازیا و پتر بەندە بە تێڕوانینی ناخی خۆمەوە و پۆی هونەریم داوەتێ".

لە دانیشتنێكی تایبەتدا پێم وت: چاوەڕوانی ئەوە دەكەم كە ئەدەبی قۆناغی زیندان كۆتایی پێ بێت و لە سەر باری باش زیندان بنووسیت. لە وەلأمدا وتی: زیندان بوونم تەنها رابردوو نیە، ئێستا و دوا رۆژیشمە، هەر دەمینێت. ئەم جارەیان لەسەر خۆشەویستی نووسیوومە.

مەوریسیۆ لە ٣٠یونی ١٩٣٣ لە خێزانێكی جووی پۆلەندی لە فلۆریدای ئۆرگوای لە دایك دەبێت. ئەم خێزانە ناچاركران بە ئاوارەبوون پێستیان لە دەستی نازێكان رزگار بكەن. ئەو خزمانەشی كە لە پۆلەندا مانەوە، لە وارشۆدا بوونە قوربانی دەستی نازێكان.

مەوریسیۆ لە سالأنی پەنجاكاندا شەیدای شانۆگەری دەبێت. شانبەشانی كاری رۆژنامەگەری، دەبێتە ئەكتەر و بە یەكێك لە دامەزرێنەرانی گروپی شانۆی ئازاد. لە ١٩٥٠چەندین شانۆگەری دەنووسێت و لە چەندین وەلأت پێشكەش دەكرێن.

بەنیازی نووسینی راپۆرتێك بەرەو باكوری وەلأت سەفەر دەگات. لێرە رووبەرووی ئازاری جووتیارەكانی برنج و شەكر دەبێتەوە. لە ژێر كارتێكردنی ئەو ژیانە راپۆرتێكی سیاسی و

شانۆگەرییەك دەنووسێت.لە گەڵ رائوول سێندیك، رابەری كرێكارانی شەكر لە ئارتیگاس ئاشنا دەبێت. لە گەڵ رائوولدا دەبێتە دامەزرێنەری رێكخراوی تۆپامارۆس. ئەم ئاشنابوونە، باڵی بەسەر سەرجەمی ژیانی مەوریسیۆدا دەكێشێت. رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر روو دەكاتە كاری سیاسی و دەبێتە كۆماندۆی تیپێكی پارتیزانی ناو شار و بەشداری لە چەندین چالاكی چەكداریدا دەكات. لە مایسی ١٩٧٢دا دەسگیر دەكرێت و لە زیندانی تاكەكەسیدا، ١١ساڵ و ٦مانگ و٧رۆژ بەسەر دەبات.

(بەشێك لە گفتوگۆیەك لە گەڵ مەوریسیۆ)

پرسیار: لەساڵی ١٩٧٢زیندان كرای. ئەمە چ بایەخێكی دا بە بۆچوونەكانت؟

وەلام: لەو رۆژەی كە دەستم بە نووسین و چالاكی سیاسی كردووە، بە بەردەوام ئەم دوو چالاكییەم دەگۆڕی، هەر جارە بە گوێرەی پێداویستەكان. پێش زیندان بوونم، هەموو تواناكانم بۆ خزمەتی تۆپامارۆس تەرخان كردبوو. كە دەستگیریان كردم، بە درێژایی ١١ ئەشكەنجەیان دام و تحقیقیان لە گەڵ كردم. بارێكی ئەوەندە بە تین بوو، بۆ چەندین مانگ لە نەخۆشخانە كەوتم. ئێمە ٩كەس بووین لە رابەرانی تۆپامارۆس. یەكێكمان كۆچی دوایی كرد، دووانمان شێتكران و دووانیشمان هەوڵی خۆكوشتنیان دا. هەڵبەت ئێمە لە ژێرباری زیندانی تایبەتدا بووین. هیچ پەیوەندیەكمان نەمابوو، نە لە نێوان خۆماندا و نە لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا. خۆرمان نەدەدی. لە نێو زیندانی تاكەسیدا تەنها چرایەك هەبوو، شەو رۆژ داگیرسابوو. لێمان نەدەگەڕان بخەوین، هەموو كاتژمێرێك بێداریان دەكردینەوە، هەر یە كمان تووشی نەخۆشییەكی ترسناك بوو، نووسین قەدەغە بوو. بۆ نموونە پاش سێ ساڵ زانیمان ئێلێندی كوژراوە. لە ژێر ئەم بارەدا ١١ساڵ و ٦مانگ و حەوت رۆژ ژیاین. رۆژانە هەوڵم دەدا لە گەڵ فیرناندیز هویدویری كە زیندانی تاكە كەسی تەنیشتمدا بوو، بە لێدان لە دیواری نێوانماندا لە گەڵ یەكدا بدوێین. ئێستا لەسەر بنەمای ئەو گفتوگۆ نهێنییە، پێكەوە كتێبێكمان نووسیووە.

نووسین قەدەغە بوو، پاسەوانەكان فەرمانیان پێكرابوو كە بەردەوام ئازارمان بدەن، تەنانەت بۆشیان نەبوو رووخساریشیان پێشان بدەن. ئەمانیش پێداویستی خۆیان هەبوو، كە زانییان من نووسەرم، هەر كە بۆیان بلوایە، لەو كاتانەی كە گەورەكانیان ئامادە نەبوونایە، داوایان لێدەكردم، نامە بۆ خۆشەویستەكانیان بۆ بنووسم. بەم شێوەیە ساڵهای ساڵ ئافرەتانم دەخستە عەشقەوە، هۆنراوەیەكی بێ ژمارەم نووسی. ئەم شیعرانە گران بەها بوون. هەندێك جار نرخی شیعرێك دەگەیشتە دوو جگەرە. بۆ نووسینی نامەیەك هێلكەیەكی كوڵاویان دەدامێ. ئەوەی لای من گرنگ بوو، دەمتوانی قەڵەمەكە لەلای خۆم گل بدەمەوە. بەم

ئامێرە، توانیم ئەو چیرۆکانەی لە ئەندێشمدا بوون، لەسەر پەڕەی جگەرەکان بەخەتی ورد بنووسم، کە تەواو دەبوو، بە نایلۆنێك پێچم دەدا و دەمخستە ناو سەرقۆڵی کراسەکەم. بەرگەکانم، مانگی جارێك دەدرانە دەست خێزانەکەم بۆ شۆشتن. بەم جۆرە کلتوری کراس دەگیشتە دەرەوە.

پرسیار: ئەم هەموو توانایەت لە کوێ هێناوە؟

وەڵام: تۆ لە من دەپرسیت. با مروڤەکان لە خۆیان بپرسن. مرۆڤ( هەر مرۆڤێك) هێزێکی لەبن نەهاتووە. کە ئازارەکان بەسنووری خۆیان دەگەن، ئەوجا ئەو توانایانە دەکەونە گڕ. مرۆڤ خۆی بەسەر ژیاندا دەچەسپێنێت. بەدەست و ددان، وەکو رووەکی لاولاو، خۆی بە دیوارەکاندا هەڵدەواسێت. مرۆڤ لە گەڵ خۆیدا، خودی خۆی رزگار دەکات. هەموو پێداویستییەکانی راست دەبنەوە لە پێناوی مانەوەدا. قسەی نەستەق یەکێکە لەو رێگایانە. گەر تۆش بکەویتە ئەو بارەوە کە منی تێدا بووم، وەکو من رەفتار دەکەیت. تۆش هەوڵ دەدەیت باری دەروونیت هاوسەنگ بکەیت بەیادی رۆژانی رابردوو. ئێمە تەنیا لە ٢مەتری چوار گۆشەدا دەژیاین. لەو بارانەدا، مرۆڤ خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر جاڵجاڵۆکەیەك ببینێت، یا ببینێت چۆن جاڵجاڵۆکەیەك هێلکە دادەنێت. مرۆڤ بایەخ بە هەندێ بابەت دەدات کە لە ژیانی ئاساییدا هەرگیز بیری لێناکاتەوە.

پرسیار: بۆ نووسین مرۆڤ پێویستی بە بزوێنەرە تا فەنتازیا دابمەزرێنێت. لە ژیانی زینداندا تەنانەت رۆشنایی خۆریشت نەبوو. چۆن پێتکرا بۆچوونەکانت بەرەو پێشەوە بەریت؟

وەڵام: پرسیارەکەت دوولایەنە. یەکەمین، دەڵێیت زیندان بزوێنەری نووسین نیە. ئەمە بەهەڵەدا چوونە. گەر مرۆڤ لەژێر بارێکدا بژێ کە ژیانی هەمیشە هەڕەشەی لێبکرێت، ئەوا مرۆڤ لەو بارەدا هەستی دەبزوێت.
دووهەمین، بەستراوە بە بیرەوەریەکانەوە، مرۆڤێك بۆی نەبێت گوێ لە رادیو بگرێت، رۆژنامەیەك بخوێنێتەوە، نەتوانێت سەیری تەلەفزیون بکات، ئاسمان و ئەستێرەکان نەبینێت، قەدەغە بێت لە گەڵ یەکێکی دیدا بدوێت، ئەوا پەرە بە بیرەوەریەکانی رۆژانی رابردووی دەدات و بەسەرهاتەکانی تێدا دەدۆزێتەوە. مرۆڤ بیر لە ژیانی، لە هاورێکانی و لە بەسەرهاتەکانی دەکاتەوە، دەیانکاتە ئەندێشەیەکی بەردەوام لە پێناوی ژیاندا.

زۆر جـار، گەورەتـرین کۆسـپمان ئـاو دەردان بـوو. چـەندین سەعات پێوەی خەریك دەبووین. هەسـتمان دەکـرد ئۆرگانـەکانی لـەشمان بـە پێچـەوانەوە کـار دەکـەن. مـیزڵدان جێی ئەقڵی دەگـرتەوە. هـەموو نووسـراوەکانی کـاتی زیـندان، راسـتەوخۆ یـا ناراسـتەو خـۆ، بـە یـەك گوزەرانـەوە بـەندن. لـەو گوزەرانـەدا دەژیـاین، هەسـتمان پێدەکرد، دەمانبینی. واقعێك بوو، خـەون و فەنـتازیاکان بوونـە واقـیع، لـە واقعێکدا کە کەڵکی ژیانی نەبوو. مرۆڤ ناتوانێت لەناو تابوتێکی ٢×١مەتری چەوارگۆشەدا بژی، بۆیە خەونەکان ببون بە واقیع.

پرسیار: چی روویدا پاش ئازاد بوونت؟

وەڵام. هاتـنە دەرەوەمـان وەك لافـاوێك هاتـە بەرچـاوم. یەکـەم جار دەگەڕاین بۆ کڵێسایەك خۆمـانی تێدا حەشار بدەین بۆ پاراستنی ژیانمان. چاوپێکەوتنی خێزانەکەم، منداڵەکان، دایك و بـاوك و هاوڕێکـان بە توندی هەژاندمی. ئەمە مەسەلەیەکی بە سۆز بوو. بەهۆی زیندانەوە توشی هەندێ باری تایبەتی بووین. ئێستاش هەندێکی هەر ماوە، هەندێ گیروگرفتیشم هەبوو، ئیسـتاش هـەر هەمـە. بـۆ نموونە، پشوو دەدەم گەر لە چێیەکدا بم وەکو ژووری زیندانەکەم بێت، بەبێ ئەوەی پەیوەستی بە گەورەو و بچوکی جێگاکەوە هەبێت. لەناو سلولەکەم شت و مـەکی ناومـاڵـەی تـێدا نـەبوو، ئێسـتاش لـەجێ یەکدا دەژیم تەنیا مێزێك، تەپڵەیەکی جگەرە، ئامـێرێکی چاپ، مەتارەیەك، جوتێك نەعل، چەند جگەرەیەك و چەند پەڕە کاغەزێکی تێدایە، دەنـا چـیدی شـك نابـەم. کاتـێك مـرۆڤ لـە بـەر دەرگایـەك رادەوەسـتێت، یەکسـەر دەست بۆ زەنگەکەی دەبات. من لەبەر دەرگادا تەنیا دەوەستم. بە درێژایی ١١ساڵ زیندانی، دەرگام لە کـەس نەکـردەوە، ئیسـتا دەبـێ بـیری لێبـکەمەوە. ئـەم رووداوانە پاشماوەی ئەو کاتەن و تا ئێسـتاش هـەر مـاون، بـەڵام زۆر ترسـناك نـین. لایەنی تریش هەن، کە من دەڵێم"ئێوارەیەکی خۆشـە بـۆ هەناسـەدان" هاوڕێکـانم پـێدەکەنن. هـەندێ جار لەبـری ئـەوەی بڵێم با بڕۆین بۆ پیاسـە، دەڵـێم"بـا بـڕۆین بۆ هەناسەدان". من چێژ لە هەناسەدان دەبینم. چەندین ساڵ بای دەرەوەمـان هەڵـنەدمژی. زۆر لـە هاوڕێکانمـان تووشـی نەخۆشـی گـران بـوون، تەنانـەت پەنجـەرەشمان نـەبوو، بۆیە من چێژ لە هەوای پاك وەردەگرم. دیاردەیەکی تریش کە بۆ مرۆڤ ئاساییە، ئاودەردانە، بەڵام من بەدەستییەوە ئەشکەنجە دەکێشم.

پرسیار: پـاش ئازادبوونـتان لە زیندان، هەموو جیهان چاوەڕوانی دەکرد، رق و کینەیەکی بێ وێـنەتان لـە دژی جـەلادەکان و پـیاوانی یاسا هەبێت. تۆڵەسەندنەوەی تۆ تەنیا ئەوە بوو کە

پـاش ئازادبوونـت، شـەش شـانۆگەری، چەندین چیرۆك و هۆنراوەتان بلاّوكردەوە. چی بەسەر رق و كینەكانت دا هاتن؟

وەلاّم: هـەر كەسـێك كە لە چالاكی سیاسییدا بەشدارە و خۆی بە شۆرشگێڕ لە قەلّەم دەدات، بۆی نیە بزووێنەری هەبێت كە لە رق و كینەوە سەرچاوە وربگرێت. ئێمە بە خۆشەویستییەوە سەیری خەبات و كارە سیاسییەكانمان دەكەین. خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و مندالاّن سەرچاوەی هـێزی خـەباتمان بوو. رق و كینە نابێت ئاراستەی كەسێك بكەیت كە ئازاری گەیاندووە بە تۆ، دەبێت ئاراستەی سیستێمێكی بكەیت.

دوو هۆنراوەی مەوریسیۆ

## من پیكەنینم دەناسی

من پێكەنینم دەناسی:

وەك پێستی شەراب بوو،

گەرووی وشكی

تەڕ دەكرد.

پاپۆڕە خنجیلانەیەكی كاغەزین بوو،

لە دەریا بیٚ پەیەكاندا

وون بوو.

گەر ئەمە دوا هۆنراوەم بوو،

هۆنراوەیەكی

مات و سەركەش،

بەلاّم تاقە وشەیەك هەیە،

حەز دەكەم لە كۆتاییدا

بینووسم:

هۆ هاورێكانم.

ڕۆژ

تۆ هەرگیز،

رۆژت بینیوە، چۆن لەناو

ئاوینگێك

لانە دەكات؟

چۆن بە تیشك

وگەرما یی

شادی پێدەبەخشێت.

خەندەی تۆش،

وایە

لەناو

دڵم.

تێبینی: ١/ئەم گفتوگۆیە لەلایەن ئەنگرید شنایدەر و راڵف قلاسن کراوە.سەرچاوە: کتێبی ژیانی سەگەمەرگی. لێرەدا تەنیا بەشێکی بلاۆکراوەتەوە.( لە ژمارە ٢،ئاب١٩٩٥ لەمانگنامەی ژینی نوێ بلاۆکرایەوە)

٢/ بەداخێکی گرانەوە، پێش ماوەیەك گوێم لێ بوو کە مەوریسیۆ تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە.

# سوورەتی تالأنکردن

# (ئەنفال)

بەناوی سورەتی تالأنکردنەوە، مالّ، ڕەز، ئاژەلّ و بالّندەی کوردان تالأن بکەن،
دەستیان لیّ مەپارێن. خوا لە سوورەتی تالأنکردن فەرموویەتی: ترس دەنێمە دلّی
خوانەناسەکان...ملیان بیەڕێنن، لەم تالأنکردنەدا، یەك لەسەر پێنجی بۆ خێری خودایە،
ئەوی تریان بۆ پەیامبەر، خزم و خیشەکانی، هەتیوەکان و ئەوانەی دەستکورتن. خودا
هەرگیز ناڕەوایی دەرهەق بە کویلەکان ناکات...

بۆیە ئێمە هەر بەراستی ترس کەوتە کیانمان و ڕەوەمان کرد. لەك کاتەدا، هەرچەند
پوورە گیان، مامە و خالّە، لەسەر ئەرزی هەمان خودا، لەهەمان مانگی فەبرایەری خودادا،
دەستی پاڕانەوە بۆ هەمان خودا بەرزکردەوە" خوا بمانپارێزە".کەچی خوای گەورە،
بەخشندە و میهرەبان بڕیاری پێشوەختی خۆی دابوو، گوێی لە جەنگاوەرە کیمیاوی لە
دەستەکان دەگرت.

خوای گەورە، بیّ شەریك و شوێن، لە سوورەتی تالأنکردن بە پەیامبەر دەفەرمیّ:
ئەی پەیامبەر، هانی بڕواهێنەرەکان بدە بۆ جەنگ....

پوورە و خالّە گیان، بەدەنگی زریکەی مندالّەکانەوە، هاواری دژ بە جەنگیان دەکرد،
کەچی خودایش لە گەلّ حەسەن ئەلمەجیدا قاقای پێکەنینیان دەهات و فەرمووی: بخۆن لە
دەستکەوتەکانتان، حەلالّە، بە نۆشتان بێت....

ئەی خوا گیان، تۆ سمیع و عەلیمی تەقوامانی، تۆ دەستی قلّیشاوی و فرمێسك و برسێتی و ترسمانی، حەلاّلی چی؟ نۆشی چی؟ سەرباری هەموویشی، فەرمانی تالاّنكردن و زیندەبەچالّكردنمان دەدەی؟!

لەولایشەوە بازرگانەكانی گازی كیمیاوی دەهاتن بۆ تەماشاكردنمان، فرمێسكی تیمساحاوییان بەسەرمان دەڕشت...

نەخێر!

من لەو ڕۆژەوە كە قورئان دەخوێنم، بەیەر سوورەتی تالاّنكردن بازدەدەم... كەس بۆی نیە مالّی كەس تالاّن بكات. بە من چی كابرا كافرە یا...؟

ئەم جارەیش لە لاپەڕەی ١٦٤-١٧٢ی قورئانی پیرۆز لێكردەوە. بۆ ئەوەی خودا نەزانێت، خستمە ناو تەنەكە زبلّەكەی مالّی هاوسێكەمان!!. خودا كەریمە بۆ لاپەڕەكانی تری. خودا بەخشندەیە!

# بۆ رای گشتی جیهان

شاری خانەقین. شارە کوردێکی دێرینە. هیچ کاتێك کوردانی ئەم شارە کە هەمیشە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، گیروگرفتیان نەبووە لە گەڵ نەتەوەی( عەرەب، تورکومانی،ئەرمەنی، کلدانی و ئاسووری)و ئاینەکان(مەسیحی، جوو، سوبی، ئەزدی) ومەزهەبەکان(شیعە، سونی...هتد). بۆیە شوێن وجێگای هەموویان تیدابۆتەوە. ئەوە چەندین ساڵە فاشیزمی حاکم، بە گوێرەی بیروباوەڕی گەندڵی نەتەوایەتی پان عەرەبیزم، هێرشێکی بەربلاوی رەگەزپەرەستانە، دژ بە سادەترین مافی مرۆڤی کورد بەرپاکردووە ودەیکات. لە خانەقین ودێهاتەکانی بەسەدان خێزانی کوردی فەیلی دەڕیان. ئەمانە، ناسنامە ئێراقییەکەیان لێ سەندرایەوە، هەموو ماڵ وموڵکیان(گوێزارو نەگوێزراو) لێ زەوتکرا، گەنجەکانیان رفاند ولە زیندانە نهێنیەکانیان توندکرد، تا ئێستایش کەس سەروشوێنیان نازانێت لە کوێیە، هەندێکیان نەبێت لە زیندانی ئەبو غرێب(بەغدا) زیندانین، بەڵام کەس نایانبینێت. بە ئۆتۆمبیلی سەربازی، دایك وباوك ومنداڵەکانیان بەرەو سنووری ئێران گویزایەوە و بۆ ئێران دیپۆرکران. هۆی ئەم وەحشیگەرییەی فاشیستەکان: فەیلێکان ئێرانین!!. راستییەکەیش ئەوەیە، ئەمانە کوردن وئەوە سەدان ساڵە لەسەر خاکی خۆیان دەژین. ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە عەرەبی فەلەستین دەکات، فاشییەت لە ئێراق زۆر توندوتیژتر دژ بە گەلی کورد بەگشتی ودژی شاری خانەقین، کەرکوك، سنجار، دوزخورماتوو دەکات (ئیسرائیل هێشتا چەکی کیمیاوی لە دژی فەلەستینێکان بەکار نەهێناوە وشاڵاویك لە جۆری ئەنفال لە دژیان نەکردووە). ئەوەی رژێمی حاکم بە کوردی کردووە ودەیکات، دووبارەکردنەوەی سیاسەت وبەرپاکردنی هیتلەرە لە هەموو بوارەکاندا بە زمانی عەرەبی. جیاوازێکان تەنها ئەوەیە، ئێمە لۆبی نێودەوڵەتیمان نیە ودەسەڵاتدارانی جیهان تا ئێستا، زیاتر بەرمیلە نەوتیان لەلا گرنگترە لەوەی بەڕاست چاودێری مافی مرۆڤ بکەن وریێ بە پێشێلکردنی نەدەن.دەرکردنی کورد و بەعەرەبکردنی شاری خانەقین و دێهاتەکانی

رژێمی رەگەزپەرست، هەموو ئامرازەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد لە شاری خانەقین بەکارهێنا، وەك:

١/ دەرکردنی کوردان بەبیانوی ئەوەی کەسەکە فەرمانبەر، مامۆستایە. بەبڕیارێکی ئیداری، لەگەڵ هاوسەر ومنداڵەکانیان لە شارەکە دەردەکران.

٢/ خیزانەکە کوڕێکی پەنابەرە.

٣/ خێزانەکە کوڕێکی لەریزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە. یا سەر بە حزبێکی کوردییە.

٤/ خێزانەکە کوڕێکی هەیە، دژی جەنگ راوەستاوە و لە ئەرکی سەربازی رایکردووە

٥/ پاش ١٩٧٥، هەموو دانیشتیوانی لادێکان بۆ شارەکانی(رومادی، ناسرییە وعەمارە) بەزۆرەملی دەرکرد، لەبەر ئەوەی"جاسوسی بۆ ئێران دەکەن". دەستیان بەسەر زەوی و زاری جووتیارەکان کرت ودران بە خێزانە عەرەبەکان کە لە خوارووی ئێراقەوە هینابوو.

٦/ زۆربەی کرێکارە کوردەکانی شەرکەتی نەوت، بەزۆرەملی بۆ هەولێرو سلیمانی دەرکران. هاوکات خێزان وکەسی عەرەبیان بۆ شارەکە دەهێناو ئیمتیازیان پێدەدان، وەك: خانوو، پوول.

٧/ قەدەغەکردنی فێربوون بە زمانی کوردی. تەنها لە نێوان ١٩٧٠-١٩٧٤دا چەند قوتابخانەیەکی کوردی کرانەوە، ئەمانەیش داخران.

٨/ باخەکانی دەوروبەری شارەکەیان تەخت کرد، هەرچی دارە پەرتەقاڵ ، هەنار، دارەخورماو گوڵ وگولزار هەبوو لەرەگەوە هەڵقەند. ئەو باخانەی مانەوە، دوور لەویستی خاوەنەکانیان، بە پارەیەکی زۆر کەم، لێیان وەرگرت وپێشکەش بە بەرپرسەکانی خۆیان کرد.

٩/ کۆڕینی ناوی کۆڵانەکانی شارەکە بە ناوی عەرەبی.

١٠/ وێرانکردنی ئابوری: بۆ نموونە، پەکخستنی شەمەندنەفەری نێوان شارەکەو جەلەولا وشارەکانی تر.

١١/ جگە لەوەی کە رژێم وحزبەکەی، لەرەگەوە لەسەر پروپاگەندەو هەڵویست وسیاسەتی ملیتاریزمکردنی ژیان لە ئێراق دامەزراوە، لە هەر چواردەورەی شارەکە، پەرژینێکی درووستکرد بە خانوو بۆ لەشکرەکەی وئەندامەکانی خۆی ودەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات.

١٢/ سەرنگومکردنی دەیان کەسی شارەکە کە لە راپەرینەکەی ١٩٩١دا بەشداریان کردبوو و تا ئێستا سەروشوێنیان دیار نیە.

١٣/ قەدەغەکردنی هەر چالاکییەك لەبواری کلتوری کوردی.

شایەنی گوتنە، ئێستایش رژێم، لەبەر چاوی هەموو خەڵکی ئێراق وکوردستان وجیهان، درێژە بەم تاوانە دەدات.

ئـێمه وەك كـورد وخـەڵكی شـارەكە، ئـەوە چـەندین سـاڵە بـەهۆی هـەمان سیاسـەتی رەگەزپەرستـی ودژ بـە مـرۆڤی رژێمـی ئێراق، ناچاركراین لە وڵاتە جیاجیاكانی ئۆروپا، داوای پەنابـەری بكـەین وئێسـتا زۆربـەمان بووین بە هاووڵاتی سویدی، ئەلمانی، بریتانی، كەنەدی، ئەمـریكی، نەمسـاوی، دەنیماركی، نەرویژی، سویسری، هۆڵەندی و فەرەنسی. ئێمە ئێستایش لـە ئاژانسـی هەواڵـەكانی كوردسـتان وبـەرێگای دۆسـت وناسـیارەكانمان گوێمـان لـە هـەواڵی وەحشەتناكی رژێم لە دژی شاری خانەقین دەبێت وناتوانین چیتر بیدەنگ ببین.

ئـێمە ئـەم راستیانە دەنێینە بەرچاوی نەتەوە یەكگرتووەكان، رێكخراوی مافی مرۆڤ وراگەیاند ودەزگـا بەرپرسـەكانی تـری جیهان، داواشـیان لێ دەكـەین، شاندی چاودێری ولێكۆڵینەوە بۆ شـاری خانـەقین بنـێرن وراسـتێكان بەچاوی خۆیان ببینن و بۆ رای گشتی ئاشكرای بكەن. لە هەمان كات داواكارێكانیشمان كە بریتین لە سادەترین مافی مرۆڤ، دەنێینە بەردەستتان:

١/ راگرتنی بەعەرەبكردنی شاری خانەقین ودێهاتەكانی.

٢/ مـافی گەرانـەوە بـۆ كـوردە فەیلـێكان كـە بۆ ئێران بە زۆرە ملی دیپۆرتكران، بۆ سەر ماڵ وموڵكیان.

٣/ گەڕانەوەی هەموو خێزانە كوردەكان بۆ ناو ماڵ وشوێن كارەكانیان.

٤/ گەڕانەوەی موڵكە زەوتكراوەكان بۆ خاوەنەكانیان.

٥/ كردنەوەی قوتابخانەی كوردی.

٦/ گەڕانەوەی ناوی گەڕەك و دێهاتەكان بۆ ناوە ئەسلییەكانی.

٧/دیاری كردنی چارەنووسی سەرنگوم كراوەكان.

٨/ ئازادی مافی دیاریكردنی شوێنی ژیان وكاركردنی خەڵكی شارەكە.

٩/ ئازادی چالاكی كلتوری.

١٠/ قەرەبووكردنی هەموو ئەو زیانانەی وا بەهۆی سیاسەتی راسیستی بەرپاكراون.

وێنەیەك بۆ

- ئەمنستی ئینتەرناسیونال.
- كۆمەلەی دیفاع لە نەتەوە هەڕەشەلێكراوەكان.
- رۆژنامە، گۆڤار و ماڵپەرە كوردێكانی ئینتەرنێت.
- حزبە كوردستانییەكان.
- رێكخراوی وادی.

٢٠٠١/٢/٦

لاپەڕەی ئازاد

# ناوەڕۆك


١/ گفتوگۆ لەگەڵ  كوبرا بانەیی.........................................٣
٢/ گفتوگۆ لە گەڵ هانز براندشایدت........................................ ٨
٣/ Si vis pacem para pacem......................................١٣
٤/ میتۆدی سانسورتان لە گۆڕ دەنێین.................................١٦
٥/ كێ بە ڕووی جیهانگیری ڕاوەستاوە.................................١٩
٦/ لە نان بڕین و دەستگیركردنی ڕۆژنامەنووسان بێدەنگ نابین................٢٩
٧/ گەڕان بۆ هەنگاوێكی تری ئاشتی....................................٣١
٨/ بۆچوونێك..........................................................٣٣
٩/ هەر ئێستا و ئەمڕۆ زانست بۆ هەموو كەسێك...........................٣٦
١٠/ كێشەی قەڵەم و هزر، بە قەڵەم و هزر چارەسەر بكەن...................٣٨
١١/ مەرگی دەریا.....................................................٤١
١٢/ بۆچی شێتیان كوشت.............................................٤٢
١٣/ دیسا "گفتوگۆ" هەڕەشەی(ئەبو عار و هزیمە)..........................٤٤
١٤/ چێشتی مجەوەر..................................................٤٧
١٥/ توركیا: مانگرتنی زیندانیان لەخواردن گەیشتە ٢٣٤ڕۆژ.................٥٧
١٦/ ئەو پاسكیلەی بەفر داپۆشیبوو.....................................٦٨
١٧/ ژمارە ١٠٦٦.....................................................٧٤
١٨/ بەردە گەرمەكە.................................................٨٧
١٩/ ساڵە پڕ ئەشكەنجەكانی مەوریسیۆ ڕۆزنكۆف...........................٩٤
٢٠/ سوورەتی تالاَنكردن(ئەنفال).......................................٩٩

٢١/ بۆ رای گشتی جیهان.............................................١٠٣